خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفە

بۆ پۆلی یازدەی ئامادەیی-وێژەیی

نامانج نازم بیجان

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی سەرەتاكانی فەلسەفە

بۆ پۆلی یازدەی ئامادەیی-وێژەیی

ئامانج نازم بیجان

چاپی یەكەم
٢٠٢٢

ناوی کتێب: خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفە بۆ پۆلی یازدەی ئامادەیی–وێژەیی
ناوی نووسەر: ئامانج نازم بیجان
دیزاین و بەرگ: فوئاد کەولۆسی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم – ٢٠٢٢
شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج – سلێمانی
نرخ: (٢٥٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە () ی ساڵی (٢٠٢٢) ی پێدراوە.

ناوەڕۆك

چەند سەرەنجێك..... ٧
پێشدەستی..... ١١
بەشی یەكەم: چەند تێبینییەك دەربارەی وانەی فەلسەفە ١٧
تەوەرەی یەكەم: كتێب و جیاوازی..... ١٧
تەوەرەی دووەم: وەزارەتی پەروەردە و بەئاگابوون ٢٠
تەوەرەی سێیەم: وەرگێڕان و سەرەتاكانی فەلسەفە ٢٢
تەوەرەی چوارەم: خوێندكار و لە دایكبوونی فەلسەفە ٢٤
بەشی دووەم: چاوگێڕانێك بە نێو كتێبی سەرەتاكانی فەلسەفەدا ٢٧
دەستپێك..... ٢٧
تەوەرەی یەكەم: فەلسەفە و واتاكانی ٢٩
تەوەرەی دووەم: جۆرەكانی بیركردنەوە ٣٣
تەوەرەی سێیەم: بابەتە گشتییەكانی فەلسەفە..... ٤٠
تەوەرەی چوارەم: خستنەڕووی مێژووی فەلسەفە لە شارستانیە كۆنەكاندا ٤٥
تەوەرەی پێنجەم: مێژووی بیری (هزری) فەلسەفەی ئیسلامی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ٦٠
تەوەرەی شەشەم: بیری نوێی ئەوروپا لە سەردەمی بوژانەوەی ئەوروپا و هەندێ ئاكارە
فەلسەفیە نوێیەكانی ٦٦
بەشی سێیەم: گەشتێكی خێرا بە نێو چاپە نوێیەكەی كتێبی سەرەتاكانی فەلسەفەدا.... ٧٤
پێشنیارەكان..... ٩٢
پەراوێز و ژێدەرەكان..... ٩٥
لیستی سەرچاوەكان..... ١٠٧

پێشکەشە بە:

خوێندکارە ئازیزەکانم, ئەوانەی وانە و بابەتی فەلسەفەم پێووتوونەتەوە

چەند سەرەنجێك

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی, هەر لە کۆنەوە هەتاوەکو ڕۆژگاری ئێستامان, پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری گێڕاوە لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا. بەداخەوە بواری پەروەردە لە کوردستاندا وەکو تەواوی شوێن و جێگاکانی تری کۆمەڵگا, وێران بووە, نازانرێت چ مەبەستێك لە پشت ئەم ماڵوێرانییەوەیە ؟ بریا زانیبامان چۆن و لە کوێوە دەستپێبکەین و بۆ کێ قسە بکەین ؟

جێگەی باسە, لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی (٢٠١٢), هەندێك سەرەنج و تێبینیم لە بارەی کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەوە تۆمار کرد, پاشان دووبەشی زۆر کورتیم لە ژێر ناونیشانی: خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفە) ی پۆڵی یازدەی ئامادەیی–وێژەیی, لە ڕۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ), لە ژمارە (٧٣) و ژمارە (٧٤) ی ساڵی (٢٠١٣) بلاوکردەوە. بە هۆی سەرقاڵبوونم بە خوێندن لە دەرەوەی نیشتیمان, نەمتوانی هەموو بابەتەکە بلاوبکەمەوە, بەڵام خۆشبەختانە لە ژمارە (٢٩) ی گۆڤاری (مێژوو) لە زستانی (٢٠١٤), تەواوی بابەتەکە بلاوکرایەوە*.

کتێبی: سەرەتاکانی فەلسەفە, قۆناغی ئامادەیی–پۆڵی یازدەی وێژەیی, لە لایەن بەڕێزان: (د. حسام الالوسي, د. احسان محمد الحسن, د. علي

حسين الجابري, د. قيس النوري, أ.د. عبدالامير الاعسم, د. خالد الجابري, الست فاتنه حمدي جميل, جميل ابراهيم الحبيب) هەو نووسراوە و, لە لایەن بەڕێزان: (نوری عەلی ئەمین, فوئاد حەسەن خۆشناو, عوسمان عەلی مەحموود) هەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

کتێبەکە ئاڕم و ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان–عێراقی بەسەرەوەیە و, ناوی وەزارەتی پەروەردە و بەڕیوبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی لەسەر نووسراوە. لە لایەن بەڕێزان: (ئاکۆ سابر عوسمان, عوبێد خزر فەتحوڵا)وە پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانی بۆ کراوە, هەروەها بەڕێز: (عومەر عەلی شەریف) سەرپەرشتی زانستی چاپەکەی بووە و, بەڕێزان: (عوسمان پیرداود کواز, ئاری موحسین ئەحمەد) شەرپەرشتیاری هونەری چاپی بوونە, نەخشەسازی ناوەوەشی لە لایەن بەڕێز: (عوسمان پیرداود کواز) هەو کراوە و, نەخشەسازی بەرگیش بەڕێز: (زاگرۆس مەحموود عەرەب) بۆی کردووە, هەرچی جێبەجێکردنی بژاری هونەرییەکەشییەتی, لە لایەن بەڕێز: (ئاری موحسین ئەحمەد) هەو بووە.

کتێبەکە چاپی چواردەهەمی ساڵی (٢٠٢١) ە, بە تیراژی (٣٥٠٥٢) دانە لە دووتوێی (١١٧) لاپەڕە چاپکراوەتەوە. ئەمە یەکێکە لەو کتێبانەی کەوا لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی–بەشی وێژەیی دەخوێندرێت.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە, ماوەیەك لەمەوپێش, چاوێکی خێرام بە کتێبەکە خشاند, ڕاستی تەواو بێ هیوای کردم. سەرەتا ویستم فۆرمێك دروست بکەم و چەند پرسیارێکی تێدا بخەمەڕوو و, بەسەر چەند

ئامادەییەك دابەشی بكەم, بۆ ئەوەی بزانرێت چ جۆرە بابەت و پەرتووكێك لە ناوەندەكانی خوێندن دەخوێندرێت ؟ بەڵام دواتر وازم لەم كارە هێنا, چونكە بە كاری خۆمم نەزانی, ئەم ئەركەم بۆ توێژەرانی بواری پەروەردە و دەروونناسی و پسپۆڕانی بواری ڕێگای وانەووتنەوە و كۆمەڵناسی و فەلسەفە بەجێهێشووە, ئومێدەوارم لە داهاتوودا كار و توێژینەوەی زیاتر لەو بارەیەوە بكرێت.

خوێنەری هێژا, ئەم كتێبەی بەردەستت, خوێندنەوەیەكە بۆ كتێبی سەرەتاكانی فەلسەفەی پۆڵی یازدەی وێژەیی, جگە لە بەشی سێیەم, كە سەرەنجی نوێن لەمەڕ چاپی تازەی كتێبەكە, وەكو لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ كرد, تەواوی بابەتەكە پێشتر بلاوبۆتەوە.

جێگەی داخە, چەند ساڵ جارێك وەزارەتی پەروەردە, كۆنفڕانس ڕێكدەخەن و هەندێك كەس بانگهێشت دەكەن, بەبێ ئەوەی بایەخ بە كارێكی وەهابدەن. زۆرجار لە ڕێگەی ناسیاوییەوە, خەڵكانێك دەستنیشان دەكەن بۆ گۆڕین و پێداچوونەوەی پرۆگرامی خوێندن, كە زۆربەیان هیچ شارەزاییەكیان نییە لەو بوارە و, هەتاوەكو هەنووكە ووتەیەكیان لە بارەی پەروەردە نەووتووە.

چەند مانگێك لەمەوپێش, بە شێوەی نهێنی ناوی هەندێك كەسیان بەرزكردەوە بۆ ڕاهێنەرایەتی, ئەم خوولە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەكرێتەوە, وەكو باسدەكرێت, نزیكەی سێ ساڵ دەخایەنێت. پرسیار ئەوەیە: لەسەر چ بنەما و پێشینەیەك ئەو ناوانە بەرزكراونەتەوە ؟ هیوادارم لە داهاتوودا, وەزارەتی پەروەردە ئاوڕێكی جیددی لە بابەتی فەلسەفە و تەواوی بابەتەكانی تر بداتەوە, بۆ ئەوەی لە نزیكەوە ئاگاداری ئەوە بێت چ جۆرە كتێبێك لە پرۆگرامەكانی خوێندندا

دەخوێندرێت. هەروەها پێویستە کەسانی شارەزا و لێهاتوو بانگهێشت بکەن بۆ ئەم مەبەستە, تەنانەت بۆ کردنەوەی خوولەکانیش, پیویستە کۆمەڵێك مەرج و بنەمای زانستی و لیهاتوویی تێدا بەدیبکرێت, نەك هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای مێنتەلێتیی خێڵ بێت, ئەگینا جگە لە بەسەربردنی کات, هیچی تری لێ سەوز نابێت.

ئامانج نازم بیجان
٢٠٢٢/١٠/٢٠

پێشەستی

فەلسەفە، وەکو هەر بابەتێکی تری کایەی پۆشنبیری، جێگەیەکی ئێجگار گەورە و بەرفراوانی هەیە، بۆ هۆشیاری و بەئاگابوونی مرۆڤ لە ژیانی پۆژانەیدا. وێڕای دەوڵەمەندی بابەتەکە، بەڵکو دەتوانین بڵێین: فەلسەفە بۆخۆشی وەکو بابەتێك، خاوەن خەسڵەت و، تایبەتمەندی خۆیەتی، واتا گەلێك جیاکاری هەیە لەگەڵ بابەتەکانی تری بواری پۆشنبیری و، هۆشیاری مرۆڤدا.

پەنگبێ هەر ئەمەش وایکردبێت، کەوا فەلسەفە وەکو بابەتێك خۆی نیشان بدات و بناسرێت، کە هەموو کەس ئارەزووی خوێندنەوەی نەکات. پاستە زۆر لق و بابەت هەن، لە بابەتی نێوبراوودا، کە سەرەنج پاکێشن و زۆرجاران وا لە مرۆڤ دەکات بایەخی پێبدات، وەلێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کەوا هەموو کەسێك لەگەڵ فەلسەفەدا هەڵبکات. چونکی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی نێوبراوودا، ئارامی و لێهاتوویی و توانایی مرۆڤی پێویستە.

ئەو کاتەی کە خوێندکاری زانکۆ بووم، زۆر ئارەزووی ئەوەم دەکرد، کەوا کتێبی هزریی و فەلسەفیی بخوێنمەوە، بەرهەمێکی زۆرم لەو بارەیەوە تاوتوێ کرد، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە، شارەزاییەکی باشمان هەبێت لەو بارەیەوە، چونکی بابەتی فیکریی و فەلسەفیی، زۆر قوولّن و

لە هەمان کاتیشدا خوێندنەوە و تێگەیشتنیان ئاسان و سانا نییە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش، دەتوانین (قول)، لە (فول) جوودا بکەینەوە, یان بە واتایەکی تر، دەست و پەنجەمان لەگەڵ ئەلف و بێی ئەو جۆرە بابەتانەدا نەرم کردووە.

هەمیشە ئارەزووی ئەوەمان کردووە، مامەڵە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو جۆرە بابەتانەدا بکەین، کە لە میانەیەوە مرۆڤ دەخاتە گوومانەوە، یان وای لێدەکات، پرسیاری بۆ دروست بێت، یاخود پەخنە و سەرەنجی هەبێت لەو بارەیەوە، یان هەر هیچ نەبێت، مرۆڤ بوروژێنێ بۆ بیرکردنەوەی نوێ و قسەی تایبەتی خۆیی هەبێت لەو بارەیەوە.

هەر ئەمەش وایلێکردین، کە پاش دەرچوونمان لە زانکۆ و، دامەزراندنمان وەکو مامۆستا، ئارەزووی ئەوە بکەین، کەوا بابەتە هزریی و فەلسەفییەکان وەربگرین. ئیدی ئەوە بوو لە ڕێککەوتی (١١-١١-٢٠٠٧) دا، کە یەکەم ڕۆژی مامۆستاییم بوو، ڕووم کردە یەکێك لە ئامادەییەکان. یەکێك لەو بەشەوانانەی کە بۆ منیان دانابوو، بابەت و وانەی فەلسەفە بوو.

زۆر بە پەرۆشەوە, تواناکانی خۆمم خستە گەڕ بۆی، بەڵام هەر لە دەستپێکی وانە ووتنەوەمدا، هەستم بە کەموکورتی و لاوازیی و هەڵەی زەق دەکرد لە نێو کتێبەکەدا، چونکی هەر ئەو کات، کتێبەکە بە شێوەیەك وەرگێڕدرا بوو، کە خوێندکاران، بە دەستییەوە دەیاننالاند. بەڵام ئێمە هەر ئەو کاتەش، درکمان بەوە دەکرد کەوا ئەم کتێبە، نە ئەوەیە ئێمە ڕازی بکات، وە نەخوێندکارانیش سوودی لێوەردەگرن.

ئاشکرایە، نووسین بۆ مرۆڤ دەنووسرێت، مەبەستیش لێی هۆشیاری و ڕۆشنکردنەوەی بیر و هزری مرۆڤە، هەر خوێنەرێکیش کە نووسراوێك

دەخوێنێتەوە، دواجار دەبێت بە خوێنەر و بەشێك لەو نووسینە، چونکی پشکداری خوێنەر، وا دەکات پەیڤ و سەرەنجی تایبەتی خۆیی هەبێت.

کاتێکیش ئەم هەستەمان لە لا دروست بوو، ڕاستەوەخۆ خۆمان نەدا بەدەستەوە، وەکو زۆر لە مامۆستا بەڕێزەکان، کە هەمیشە و بەردەوام شەڕیانە لەسەر ئەوەی کە فەلسەفە قورس و ووشکە، بۆیە وەری ناگرن. کەچی ئێمە هەمیشە شەڕی ئەوەمان دەکرد کە بەو کەموکورتییەوە بابەتەکە وەربگرین.

هەر بۆیە ئەو کاتەش، پابەندبووین بە کتێبەکەوە، بەڵام ڕۆژانە چەندین سەرچاوەی زانستییمان بۆی دەخوێندەوە و تاوتوێمان دەکرد، ئەویش بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی بابەتەکە و پیشەکەمان، هەروەها لەگەڵ ڕاستکردنەوەی چەندین هەڵە و کەموکورتی.

ئەم ساڵیش–(٢٠١١)، دیسانەوە هەر لە سەرەتای ساڵەوە، ئامادەیی خۆمانمان دەربڕی بۆ ئەوەی بابەتی فەلسەفە وەربگرین، کە بابەتەکەمان وەرگرت زۆر دڵخۆش بووین، هەروەها ووتیشیان: هێشتا کتێبی تازەمان بۆ نەهاتووە، ئەمە ئێمەی زیاتر خۆشحاڵ کرد، چونکی ئێمە لای خۆمان وامان دانابوو کە کتێبەکە دیارە جارێکی تر چاپکراوەتەوە و پێداچوونەوەی بۆ کراوە و بە هەڵە و کەم و کورتییەکانییەوە چوونەتەوە، بەڵام نەمانزانی بە هەمان شێوەی جارانی خۆی، جارێکی تر چاپکراوەتەوە. ئەمەش وایکرد دووبارە تووشی ماندووبوونێك ببین، کە بە دەیان جار لەوەی پێشوو قوورستر بووبێت.

هەر ئەو فاکتەرە سەرەکییەش بوو، وایکرد کەوا ئەم سەرەنج و تێبینییانە، تۆمار بکەین. ڕاستە ئەم کتێبەی کە ئێمە دەمانهەوێت،

قسەی لە بارەوە بکەین، وەرگێڕدراوە، وەڵێ هەنووکە وەرگێڕە بەڕێزەکان خاوەنین.

شیاووی باس لێوەکردنە، ئەم بابەتەی ئێمە کە خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەی پۆڵی یازدەهەمی ئامادەیی—بەشی وێژەیی، خۆی لە چەند بەش و تەوەرەیەکدا دەبینێتەوە، یان لە چەند کورتە باسێك پێکهاتووە.

جگە لە چەند سەرەنجێك و پێشدەستی و پێشنیارەکان و سەرچاوە و ژێدەرەکان و لیستی سەرچاوەکان، بابەتەکە خۆی لە سێ بەشی سەرەکی دەبینێتەوە.

بەشی یەکەم: چەند تێبنییەك دەربارەی وانەی فەلسەفە، کە لە ئەم تەوەر و کورتە باسانە پێکهاتووە: یەکەم: کتێب و جیاوازی, دووەم: وەزارەتی پەروەردە و بەئاگابوون, سێیەم: وەرگێڕان و سەرەتاکانی فەلسەفە, چوارەم: خوێندکار و لە دایکبوونی فەلسەفە.

بەشی دووەم: چاوگێڕانێك بە نێو کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفە، کە بە هەمان شێوە لە شەش تەوەر پێکهاتووە: یەکەم: فەلسەفە و واتاکانی, دووەم: جۆرەکانی بیرکردنەوە, سێیەم: بابەتە گشتییەکانی فەلسەفە, چوارەم: خستنەڕووی میژووی فەلسەفە لە شارستانیە کۆنەکاندا, پێنجەم: میژووی بیری (هەزری) فەلسەفەی ئیسلامی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا), شەشەم: بیری نوێی ئەورووپا لە سەردەمی بوژانەوەی ئەورووپا و هەندێ لە ئاکارە فەلسەفییە نوێیەکانی.

بەشی سێیەم: گەشتێکی خێرا بە نێو چاپە نوێیەکەی کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەدا.

دیارە مەبەستیشمان چاککردن و باشکردنیەتی، لە هەمان کاتیشدا ئاگادارکردنەوە و هۆشیاریدان و زەنگێکە بۆ خەمخۆرانی بواری پەروەردە و فێربوون, هەروەها لاشمان وایە کەوا سوودێکی زۆرباش بە خوێندکاران و خوێندەواران دەبەخشێ.

هۆکار و پاڵنەری سەرەکیش بۆ ئەم کارەمان، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی زۆر گرنگ، ئەویش یەکێکیان ئەوەیە هەستمان دەکرد هەتاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هیچ بابەتێك لەو بارەیەوە نەنووسراوە، خاڵی دووەمیشیان، لەوێوە سەرچاوەی دەگرت، کە ئەم کرداری زەرەر و زیانەکانی گەلێك فرەیە، چونکی ئەم پەرتووکەی کە ئێمە دەمانهەوێت قسەی لە بارەوە بکەین، هەر ئاوەها کتێبێکی سانا و ئاسایی نییە، بەڵکو لە پرۆگرامەکانی خوێندندا دەخوێندرێت و چەندین جارە چاپ دەکرێتەوە، ئەوەی ئێستاش لەبەر دەستماندایە، لە ڕاستیدا چاپی پێنجەمی کتێبەکەیە. لە هەمان کاتیشدا وای کردووە، کەوا فەلسەفە وێنەیەکی شێواو و خراپ نیشان بدات.

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسانەی سەرەوەشدا، نەخشەڕێگاکەمان داڕشتووە. دەبێت لە بیریشمان نەچێت، ئەم کارەی ئێمە، هەر ئاوەها لە پرێکدا نەهاتۆتە بەرهەم، بەڵکو جگە لە خوێندنەوە و سەرەنجلێگرتن، ئاوەها بە دەیان ڕۆژ و کاژێرمان بۆ تەرخان کردووە، هەروەها بە دەیان جار پەرتووکەکەمان خوێندۆتەوە و بەراوردمان کردووە لەگەڵ دەیان سەرچاوەی زانستی تردا و، هەندێ جاریش سەرەنجی خوێندکارە بەڕێزەکانیش بە هەند وەرگیراوە, بە تایبەتی لە کاتی وانەگووتنەوەدا ئەوانیش کەم ئازار و ماندووبونیان نەچەشت لە بارەی کتێبەکە و ئاستی تێگەیشتنیان.

ئومێدەوارم ئەم سەرەنج و تێبینییانەی کە دەیخەینەڕوو، دەرگایەکی ڕوون و ڕۆشن لە بەردەم خوێندکارە خۆشەویست و ئازیزەکاندا والاّ بکات لەمەڕ بابەت و وانەی فەلسەفەدا، هەروەها چاوڕۆشنی و ئاگادارییەکیش بێت بۆ بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم پەرتووکە و بواری پەروەردە و فێربوون.

لە کۆتایشدا، ئاواتەخوازم لە هەڵە و کەموکورتی و ناتەواوییەکانم ببورن، هەرچەندە خۆمانیش خودی کارەکەمان دەربارەی هەڵە و کەموکورتییە، وەلێ بەختەوەر دەبین، ئەگەر بێتو ڕێژەی هەڵەکانی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ هەڵەکانی نێو پەرتووکەکەدا، کەمتر و ساناتر بێت و, زیانەکانیشی سووك و ئاسان و سنووردارتر بێت.

بەشی یەکەم: چەند تێبینییەك دەربارەی وانەی فەلسەفە

تەوەرەی یەکەم: کتێب و جیاوازی

ئەو کەسەی کە بڕیاریدا خوێنەر بێت، بێ دوو دڵی هەموو شتێك دەبینێت لە نێو پەرتووك و نووسراوەکانی نووسەراندا. هەر بۆیە دەبێت هەموو نووسراوو و نووسەرێك، بە پێی شوێن و کات و ئاستی نووسەرەکە، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. مەبەستیشمان ئەوەیە جیاوازی هەیە لە نێوان کتێبێك بۆ پەرتووکێکی تر. بۆ وێنە: (تەورات, ئینجیل, قورئان) یش هەر کتێبن، بەڵام چ کتێبێکن و نووسەرەکەی کێیە ؟

ئاشکرایە ئەو دووانەی یەکەمیان لە کاتی خۆیاندا گەورەترین گاریگەری بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە، وە قورئانی پیرۆزیش هەتاوەکو هەنووکە، تاکە کتێبێکە کە کاریگەری زۆر باش و چاکی بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا هێنابێت، وە نووسینەکانیشی ووتە و پەیڤی خودای گەورەیە بۆ بەندەکانی، ئەمە جگە لەوەی کە لێوانلێوە لە زانیاری و نهێنی جیاجیا. دەبێت جیاوازیش بکەین لە نێوان تەواوی نووسراوەکاندا، ئەویش بە پێی کات و شوێن و ئاستی نووسەرەکە، وە هەروەها دەبێت لە یادیشمان نەچێت، کتێبێك کە نووسەرێك بینووسێت

و له بازاڕەکاندا بفرۆشرێت، کە ئەوەی ئارەزووی کرد دەیخوێنێتەوە و، ئەوەشی مەیلی لێ نەبوو ناچێ بە لایەوە، ئەمە لە کاتێکدایە نووسەرەکەشی زۆری لە کەس نەکردووە، یاخود داوای لە هیچ خوێنەر و خوێندەوارێکیش نەکردووە، کە کتێبەکەی بخوێننەوە، ئەگەرنا زیانی پێدەگات.

هەر بۆیە بە سەدان و دەیان کتێب دەبینرێت، کە لێوانلێوە لە هەڵە و کەموکورتی زانستی، یان هەڵەی هونەری یاخود هەڵەی چاپ، وەلێ خەڵکی زۆر مەبەستییان نییە لە بارەیەوە بدوێن. یاخود بە واتایەکی تر، ڕەنگبێ کاریگەرییە خراپەکانی زۆر نەبێت، چونکی خوێنەر ئازاد و سەرپشکە لەوەی کە بیخوێنێتەوە یان نەیخوێنێتەوە[1]. بەڵام جیاوازی ئەم کتێبانەی کە باسمان لێوەکرد, گەلێك جووداید لەتەك پەرتووکێك یاخود هەر نووسراوێکی تر بێت، کە لە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندنداا بەکاربهێنرێت و بخوێندرێت، ئیدی لە وەزارەتی پەروەردەدا بێت، یان لە شوێن و جێگایەکی تر بێت، هیچ جیاوازییەکی نییە.

هەر بۆیە ئەو کتێبەی کە بە مەبەستی پرۆگرامی خوێندن ئامادە دەکرێ، دەبێت زۆر لێزانانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکی بابەتێك کە لە بەرنامەی خوێندن دانرا، ئیدی تەواوی خوێندکارانی ئەو قۆناغە، مەرجە پابەند بن پێیەوە، ئەگەر نا ئەوە لە خوێندن دەرناچن و دوادەکەون.

ڕەنگبێ زۆربەمان کتێبەکانی سەردەمی حیزبی بەعسمان لە یاد بێت، کە یەکێك لە سیاسەتە چەوتەکانی ئەوە بوو کەوا مێژووی حیزبی نێوبراوو، بە نادروستییەکانییەوە، بخاتە نێو بەرنامەی خوێندنەوە، وە لە زۆربەی زۆری قۆناغ و بابەتەکانیشدا دەخوێندرا. ڕەنگبێ ئەمەش

لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، کە لە لایەک دەبێت هەموو خوێندکارێك بیخوێنێت و, مەرج و پێویستییەکە بۆ دەرچوون لەو بابەت و قۆناغەدا، وە لە لایەکی تریشەوە مەبەست لێی سیاسەتی ناساندنی خودی حیزبەکەیەتی و ئاوێتەبوونیەتی لەتەك تاکەکانی کۆمەڵگادا.

جا ئەم کتێبەش کە ئێمە قسەی لە بارەوە دەکەین، بە هەزارەها خوێندکار هەفتانە کۆششی تێدا دەکەن، وە سەرەڕای ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی کە تێیدایە، کەچی هیچ کام لەو خوێندکارانە مافی ئەوەیان نییە دەستبەرداری بن و، بڵێن: زیانەکانی ئەم پەرتووکە، گەلێك لە قازانجەکانی زیاترە.

جیاکاری و جیاوازی کتێبی ئاسایی لەگەڵ ئەو کتێبەی کە لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندندا دەخوێندرێت، لەوەدایە کە ئەوەی دووەمیان، خراپە و هەڵە و کەموکورتی و زیانەکانی بۆ تەواوی خوێندکارانی ئەو قۆناغە دەبێت، بە هەموو شوێن و جێگاکانییەوە، وە گوومانێکیش لە جێبەجێکردنی ئەو زەرەر و زیانانەدا نییە. چونکی ئەگەر خوێندکارێك بە هۆی کەمتەرخەمییەوە لە وانە و بابەتێکدا دەرنەچێت، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ خودی خوێندکارەکە خۆی، وەڵ ئەگەر هاتوو هەڵە و کەموکورتی و بابەتی نازانستی لە کتێبێکی خوێندندا هەبوو، ئەوە مەرگەسات دەخولقێنێ، چونکی دەرچوون و دەرنەچوون و، فێربوون و فێرنەبوونی خوێندکاران، ئەو کات ئەرزشێکی نابێت.

تەوەرەی دووەم: وەزارەتی پەروەردە و بەئاگابوون

لە پاستیدا، وەزارەتی پەروەردە لە زۆر بوار و لایەنی گرنگدا، بێ ئاگا و بێ باکی خۆی نیشان دەدات. بشێ هەڵە و کەموکورتی و ناتەواوییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی خوێندن، بابەتێکی بچووک بێت لەو بارەیەوە.

ئەم ووتانەی ئێمە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ بەرگی دەرەوە و بەرگی ناوەوەی کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفە، ئەوە تووشی سەرسامیمان دەکات، وە لە لایەکی تریشەوە ووتەکانمان بە زیادەوە دەسەلمێنێ و، گەواهی پاستی و دروستیمان بۆ دەدات. چونکی ئەم کتێبە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە هەر چاپەدەکرێت و بە تیراژی ئێجگار زۆرەوە لە تەواوی ناوەندەکانی خوێندندا دەخوێندرێت. لەگەڵ بوونی ئەوەشدا، هەر لە سەرەوەی کتێبەکەدا نووسراوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.

بە باوەڕی ئێمە، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە، لەم پرسانەدا بێ ئاگا بێت، ئەوە دەتوانرێت ووشەگەلێکی وەکو: نادڵسۆزی و ناپسپۆڕی بدرێتە پاڵی. خۆ ئەگەریش بەئاگابوونی خۆی نیشان بدات و، هەتاوەکو هەنووکەش چارەسەری نەکردبێت، ئەوە دووجاران مەرگەسات و مالوێرانی دروست دەکات، چونکی پشکدار دەبێت، بە شێوەیەکی

ڕاستەوەخۆ لە گاڵتەکردن و تێرۆرکردن و وێرانکردن و شێواندن و سووکایەتیکردن بە فەلسەفە و خوێندکارانیش.

تەوەرەی سێیەم: وەرگێڕان و سەرەتاکانی فەلسەفە

بە ڕاستی وەرگێڕان کارێکی ئێجگار قورس و ئاڵۆزە، وەڵێ لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا و لە سەردەمی ئێستاماندا، بووە بە بابەتێکی زۆر ئاسان و زۆر بەربلاوو، بەڵام دەبێت لە یادیشمان نەچێت، زۆری و بۆری پێوە دیارە.

ئێستاش لە یادمە، ئەو کاتەی کە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی-بەشی وێژەیی بووین، کە خوێندنمان بە زمانی عەرەبیش بوو، لە بابەتی فەلسەفەدا نزیکەی هەر هەموو کتێبەکەمان تەواو کرد، وە سوودێکی زۆریشمان لێ بینی و تووشی هیچ کێشە و گرفتێک نەبووین لەو بارەیەوە، بەڵکو زۆربەی زۆریشمان لە بابەتی فەلسەفەدا بەخشراین.

ئەوەی تۆزێك تاقەتی خوێندنەوەی کتێبی فیکریی و فەلسەفیی هەبێت، بێگوومان ناو و ناوبانگی ئەو نووسەرانەی بیستووە کە خاوەنی ئەم کتێبەن و کاتی خۆی پێکەوە نووسیوویانەتەوە، وێڕای ئەمەش، چەندین نووسین و بەرهەمی بە پێزتریان هەیە لەم بارەیەوە، بە تایبەتی بە زمانی عەرەبی.

ئێمە لێرەدا زۆر ناچینە نێو بواری وەرگێڕان و نووسەرانی ئەم کتێبەوە, بەڵکو گرنگە بپرسین: ئایە ئەو سێ وەرگێڕە بەڕێزانە، لە میانەی کارە وەرگێڕانەکەیانەوە، هەستیان بە سەرکەوتوویی کارەکەیان کردووە ؟ پێم

خۆشـه، وەرگێـڕە بـەڕێزەکان یـان خوێنـەری هێـژا، بـە ئینسـاف و وێـژدانێکی زانستی و مرۆڤدۆستییەوە، بەرسڤی ئەم پرسیارە گرنگ و بێ وەلأمەمان بدەنەوە.

بـە داخـەوە, ئێمـە وەکـو تـاکی ڕۆژهـەلأتی بەشـێوەیەکی گشـتی و، بـە تایبەتی ئێمەی تاکی کوردی، خۆمان لە هـەموو کـار و کردارێك دەدەیـن، بێ ئەوەی جارێك لە خۆمان بپرسین: ئاخۆ توانست و لێهاتوویی ئێمـە، شیاوو و گونجاوە بۆ ئەو کار و شوێنە ؟ وە زۆر بـە کـەمی ئامرازی (نا) یـاخود ووشـەی (نـەخێر) بـەکار دەهێـنین, لـەو پرسـیارانەی کـە ڕۆژانـە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. چـونکی زۆرمـان پـێ شـەرمە، ئەگـەر بڵـێین: ئێمـە شیاووی ئـەو شـوێنە نین، یـان ئـەو کـارە لـە توانـای ئێمـەدا نییـە, بـەڵکو ڕاستەوەخۆ و بێ بیرکردنەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە, (بەڵێ) ی بۆ دەکەین و بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆمانی بۆ دەردەبڕین.

ئەبێ جگە لە سەرسوڕمان، چ شتێکی تر لەو باڵاتر و زیاتر هەبێت ؟! لـە کاتێکـدا ئـەم پەرتووکـە پێداچـوونەوەی زانستیشـی بـۆ کرابێـت و لـەو لاشـەوە سەرپەرشـتی زانسـتی چـاپ و پێداچـوونەوەی زمانـەوانی و نەخشەسـازی و سەرپەرشـتیاری هونـەری چـاپ و بـەرگیش ئامـادەیی هەبووبێت.

ئەگەر خوێنەر سەرەنجێکی ووردی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکـە بدات، زۆر جار بیری بۆ ئەو جۆرە وەرگێڕانانە دەچێت، کـە لـە ڕێگـەی ئینتـەرنێت و گوگڵەوە ئەنجام دەدرێت.

تەوەرەی چوارەم: خوێندکار و لە دایکبوونی فەلسەفە

سەرەتا پێش هەموو شتێك دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کەوا لە کوردستاندا پسپۆڕی بواری فەلسەفەمان زۆر کەمە، تا ئەو ڕادەیەی کە لە زۆربەی شوێنەکاندا لە نەبوونەوە نزیکە، ئەمەش بە هۆی بایەخ نەدانی کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی گشتی و، بەتایبەتی زانکۆکان بۆ بوار و بابەت و پسپۆڕی فەلسەفە، وە ئەو مامۆستایانەش کە وانە و بابەتی فەلسەفە بە خوێندکاران دەڵێنەوە، زۆربەی زۆریان دەرچووی بەشەکانی وەکو: (میژوو, جوگرافیا, ئابووری) ین.

دەبێت لە یادیشمان نەچێت، خوێندنی بابەت و وانەی فەلسەفە، چ وەکو کتێب و پرۆگرامی خوێندنیش, تازە و نوێیە، وە خودی بابەتەکەش هەر بەناوەکەیەوە دیارە کە بە ناونیشانی: سەرەتاکانی فەلسەفەوەیە. هەر بۆیە خوێندکارەکانیش بۆ یەکەمین جارە کەوا بابەتێك دەخوێنن سەبارەت بە فەلسەفە، ئەویش لە پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی- بەشی وێژەییە.

واتە ئەزموونێکی تازەیە و لە هەمان کاتیشدا هەستیار و ناسکە، چونکی خوێندکار هیچ پێشینەیەکی لەو بارەیەوە نییە، وە زۆرجاریش مامۆستاکەشیان بارودۆخی لە خوێندکاران باشتر نییە. هەر بۆیە دەبێت چ مامۆستاکە و چ کتێبەکەش لە ئاستێکدا بێت کەوا لە توانا و ئاستی خوێندکاران بەدەر نەبێت. وە هەروەها دەبێت وا لە خوێندکار بکرێت کە

ئـارەزووی خوێنـدن و خوێندنـەوەی بابەتـە فیکریـی و فەلسـەفییەکان بکات، نەك بە نووسینێك یاخود وەرگێڕانێك هاوشێوەی ئەم کتێبـە بێت، کـە ئەوەنـدە خوێنـدکار دەتوقێنێـت، هێنـدە ئاشـنای ناکـات بـە بابـەتی فەلسەفە.

وایـان لـە خوێندکاران کـردووە, تەنانـەت ڕقیـان لـە ووشـەی فەلسـەفەش هـەبێت. هـەر بۆیـە دەبێـت کەسـانێك هەسـتن بـەم کـارە، کـە شـارەزاییان هەبێت لەو بارەیەوە. لە میانەی خوێندنەوەی ئەم کتێبـەوە، زیـاتر بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە وێنەیـەکی وەهـا بـۆ فەلسـەفە نەخشـێنراوە، کـەوا خوێندکار لێی هەڵبێت و بە بیستنی ناوی فەلسەفە، ترسی لێبنیشێت.

ئێمە سەرەتا واماندەزانی ئەم کێشەیە هەر خوێندکارانی خوێندنگەکەی خۆمـانی گرتۆتـەوە، ووتمـان: نـەبادا ئـەم ناوچـەیەی ئێمـە بـۆ فەلسـەفە نەشـێت ! بـەڵام دوایـی بۆمـان سـاغ بوویـەوە، کـە تـەواوی شـوێن و جێگاکـانی تریشـی تەنیوەتـەوە، وە فەلسـەفە لـە هـەموو شـوێنێکدا شێوێنراوە.

ڕۆژێکیان لە یەکێك لە کتێبخانە گەورەکانی شاری سلێمانی بووم، بە مەبەسـتی کڕینـی کتێـب سـەردانم کـرد، ئیـدی کـوڕێکی لێ بـوو لەسـەر کورسییەك دانیشتبوو، کتێبێکیشی بە دەستەوە بـوو، زۆرم حـەز دەکـرد بـزانم خـاوەنی کتێبخانەکـە چ دەخوێنێتـەوە ؟ دوایـی بـۆم دەرکـەوت کـە خوێنـدکاری پـۆلی یـازدەی ئامـادەیی–بەشـی وێژەییـە، وە سـەرقاڵی کۆششـە بـۆ بابـەتی فەلسـەفە و کتێبەکـەی دەستیشـی سـەرەتاکانی فەلسـەفە بـوو. ئیـدی منـیش لـێم پرسـی: ئـەرێ بـێ زەحمـەت، هـیچ لـەو کتێبە تێدەگەیت ؟ ئەویش گووتی: نەوەڵا هیچ شتێکی لێ تێناگەم !

شیاووی باسه، ئەم درم و پەتا و نەخۆشییە کوشندەیە، هەر بە تەنها خوێندکارانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو زۆر مامۆستاش هەن هەمان گرفتی خوێندکارانیان هەیە، چونکی زۆربەی مامۆستایانیش، لێی دەترسن و لێیان بووە بە دێوەزمە ! هەر ئەم سالێ بوو، کۆمەڵێك خوێندکاری قۆناغی چوارەم هاتبوون بە مەبەستی مەشق و ڕاهێنان، لە بەشی دەروونناسی بوون، ئیدی پاش گفتوگۆ، ووتیان: حەزمان لە بابەت و وانەی فەلسەفەیە. منیش کورتەیەکم بۆ باس کردن، بەڵام هەر سوور بوون لە بارەی وەرگرتنی بابەتی فەلسەفەوە، منیش بابەتەکەم پێدان، بەڵام هەر دوو ڕۆژی بەسەردا تێنەپەڕی، هاتن و گووتیان: مامۆستا گیان داوای لێبوردن دەکەین، ناتوانین ئەم وانەیە وەربگرین !

بە داخەوە, ئەوەشی ئەم بابەتەی وەرگرتووە و دەنگ و قسەیەکی نییە، گووماڵ لەوەدا نییە، کە بێ ئاگا و ناشارەزایە لەو بارەیەوە، چونکی ئەویش وا دەزانێت فەلسەفە هەر ئەوەیە کە لەم کتێبەدا هاتووە ! یان ئەوەیە کە مافی بابەتەکە نادات، وە هەوڵ دەدات نمرەیەکی زۆر هەڵڕێژێ و, دڵی خوێندکاران ڕازی بکات، یان دەیکات بە بابەت و وانەیەك هاوشێوەی وانەی وەرزش و هونەر، کە دیسانەوە مەخابن، کەوتن تێیدا نییە، یاخود زۆر مەحاڵ و دەگمەنە.

بەشی دووەم: چاوگێڕانێك بە نێو كتێبی سەرەتاكانی فەلسەفەدا

دەستپێك

پێش ئەوەی ڕاستەوەخۆ دەست و پەنجە بخەینە سەر هەندێ سەرەنج و هەڵە و كەموكورتییەكانی كتێبی سەرەتاكانی فەلسەفە، پێویستە خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت، كەوا لێرە بە دواوە، ئێمە زیاتر جەخت لەسەر هەڵەی چاپ و زمانەوانی و زانستی دەكەین. واتە تا ڕادەیەكی زۆرباش، خۆمان بووراندووە لە هەڵەی گەورەتر و زەقتری وەكو هەڵەی هونەری و كەم و كورتی خاڵبەندی.

ئەمە وێڕای ئەوەی كەوا نەمانتوانی كتێبەكە بە زمانی عەرەبی پەیدا بكەین و دواجار بەراوردێكی هەردووكیانمان بكردایە. جا بۆیە هەوڵدەدەین ئەوەی لە كتێبەكەدا هاتووە, وە بە لای ئێمەوە جێگەی سەرەنج و ڕەخنەلێگرتنە، ئەوە هەڵوەستەمان لەسەری كردووە و بە گوێرەی توانا ڕاستی و دروستییمان خستۆتە ڕوو لەو بارەیەوە.

دەبێت لە بیریشمان نەچێت، ئێمە لەم كارەماندا هێندە بە تەماحەوە نەماڕوانیووەتە هەڵە و كەموكورتی و بابەتە نازانستییەكانی ئەم پەرتووكە، بەڵكو بەشی كەسی تریشمان جێهێشتۆتەوە، ئەگەر تاقەتی هەبێت و بگەڕێت، ئەوە شتی زۆرتر دەدۆزێتەوە. ئێمە هاتووین ئەوەی

بە لامانەوە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چۆن لە کتێبەکەدا هاتووە، هەر بەو چەشنەش دووبارە نووسیوومانەتەوە و خستوومانەتە نێو دوو کەوانەوە، وە هەروەها هێڵیشمان بە ژێری دا هێناوە. وە لە هەمان کاتیشدا ئەو ڕستەیە یان ئەو کۆپلەیەی کە قسەمان هەبووە لە بارەیەوە، نێوی بابەتەکەشمان لەگەڵیدا نووسیووە، وە هەروەها ژمارەی لاپەڕەکەشی لە پەراوێز و ژێدەرەکاندا تۆمارمان کردووە.

هەر بەشێك بە جیا و پلە بە پلە مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە، وە هەروەها بە پێی هەڵە و کەموکورتییەکان کارمان لە بارەیەوە کردووە، واتە تەنها ڕاستی و دروستییمان نووسیوەتەوە و زیادەڕەوییمان تێدا نەکردووە و خۆمان لە دوور و درێژی زانیارییەکانیش بەدوور گرتووە.

هەندێك ڕستە و کۆپلە هەیە، هیچمان لە بارەیەوە نەنووسیووە، چونکی بۆ خوێنەرمان بەجێهێشتووە، کە سەرەنج و بڕیاری خۆیی لە بارەوە بداتن.

دەکرێت سەرەنج و تێبینییەکانمان، هەر لە بەرگی کتێبەکەوە دەستپێبکەین، چونکی لە بەرگی پێشەوە و پاشەوەی پەرتووکەکە دوو وێنە هەیە، بەڵام ڕوونکردنەوەی لە بارەوە نەدراوە. دەبێ بۆ چی ئاماژە بەم وێنانە نەکرابێت ؟ کە ئایە وێنەی چ کەسێکە و خاوەنەکەی کێیە ؟ چونکی بێگومان خوێندکار زۆرینەی جار ئارەزووی ئەوە دەکاتن، بزانێت ئەم وێنەیە هین کێیە، یان کێ کێشاویەتی و، دروستی کردووە، یاخود گوزارشت لە چ دەکات ؟ ئەگەر پرسیاری لەم جۆرە کرا، کێ وەلامی پێویست و دروستیان دەداتەوە ؟

تەوەرەی یەکەم: فەلسەفە و واتاکانی

هەر لە سەرەتای بەشی یەکەمدا و لە باسی (فەلسەفە و واتاکانی) دا هاتووە: ((فەلسەفە وشەیەکی (چەمکێکی) یۆنانییە ...))، پاشان هاتووە: ((کەواتە دەتوانین بڵێین فەلسەفە، چالاکییەکی بەرنامەڕێژە تێدەکۆشێت لە ڕاستی زانیارییەکان (حەقیقەتەکان) دیاردە جۆراوجۆرەکان، بگات ...))[٢]. باشە ئێمە دەپرسین: ئایە (ووشە) لەگەڵ (چەمك) دا یەکن یان جوودان ؟ ئایا (زانیارییەکان) و (حەقیقەتەکان) یەك واتە دەبەخشن ؟ ئەگەر نا بۆچی هەر یەکەیان بە دوای ئەوی تردا هاتووە ؟ پاشان چۆن دەبێت، (زانیارییەکان-حەقیقەتەکان-دیاردە جۆراوجۆرەکان)، هەموویان بە دوای یەکدیدا بێت ؟!

لە لاپەڕەی دواتردا، نووسراوە: ((لەبەر ئەوە، دەتوانرێت بوترێت کە فەلسەفە خۆی نییە، بەڵکو فەلسەفەی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە ساتمە و گرفتەکانی ناساندنەکەی بە دوور بین، هەروەها چونکە فەلسەفە کردەیەکە، یان چالاکییەکە، هەردەمیش ناساندنی چالاکی بە ئەرکتر و ئاڵۆزتر لە ناساندنی شتی دیاریکراو))[٣]. کێ دەتوانێ ئەم کۆپلەیە جارێکی تر دایڕێژێتەوە و خوێنەر لێی تێبگات ؟ پاشان ووشەی (ساتمە)، بۆ خوێندکار و تەنانەت بۆ ماموستاش تا ڕادەیەك ئاڵۆزە.

ئێمە نازانین مەبەست لەم ڕستەیە چییە ؟ کە نووسراوە: ((جیاوازییەکانی نێوان فەلسەفە کاری ئاسایی و پوخت (ڕێك و پێك)))[٤]. پاشان لە بابەتی ((هزر (بیرۆکە))) دا هاتووە: ((ئەو بیر و هزرانەی کە لە فەلسەفە میلییەکاندا، دا هەیە بە ڕێکوپێکیان تێدا بەدی ناکرێ، دەبینین لە هزر و بیری فەلسەفەی شارەزایاندا ئاشکرا و ڕوونە.فەلسەفە لە بیرکردنەوەی ئاساییدا، فەلسەفەییکی ناتەواوە و لە دەوری یان شێوەی سەرەتایدا دا دەژی، کەچی بیرکردنەوە لە فەلسەفە ڕێکوپێکەکاندا ئەندامێکی تەواو و پتەوە و پێڕەوێکی ڕوون و ئاشکرای هەیە)). لێرەدا ئالۆزییەکی زۆر بەدی دەکرێت، لە تێگەیشتنی ئەو کۆپلەیەی سەرەوەدا.

هەروەها لە بابەتی (کێشەی ڕێکخستن و گونجان) دا هاتووە: ((ئەو بیروڕایانەی لە ئاستی میللی، یان ئاسایدان، ڕێکی و پوختی و گونجانیان تێدا نییە، کەچی لە لە پێڕەوی فەلسەفی شارەزایانە و تایبەتمەندا و بەشێوەیەکی گشتی گونجان و تەبایی و پێوەلکانێکی بەهێز دەبینین.ئەم جۆرە ڕێبازە فەلسەفییە بونیادێکی پتەوی هەیە)). ئەبێ خوێنەر لەو ڕستانەی سەرەوەدا، شتێك تێبگات ؟!

لە بابەتی (پچڕان و بەردەوامێتی) دا هاتووە: (((فەلسەفەکایی ئاسایی ...))[٥]. باشە, (فەلسەفەکایی ئاسایی)، واتای چ دەبەخشێت ؟ وە هەروەها لە بابەتی (ڕوونی وشیاری و لێلیەکەی) دا هاتووە: ((...وەك هەر چالاکییەك ئامانجی ڕازیکردنی ئارەزوویەك بێت، ئەوە چالاکییەکی کردارییە، ئەو دەمە گەڕان و بەتوێژینەوە بە دوای تێگەیشتن، یان زانیاریدا، لە ئارەزووی ئاگالێبوونەوە سەرهەڵدەدات و بەجۆشتین ئارەزوو دادەنزێ لەو ئارەزووانەی کە لە مرۆڤدا جێگیرە))[٦]. جگە لەو

هەڵانەی کە تێیدایە، وەکو (دادەنرێ)، بەڵام ئێمە دەپرسین: کێ دەتوانێت پاش خوێندنەوەی بە چەند جارێکیش، لەم کۆپلەیەدا شتێکمان بۆ بخاتە ڕوو، کە جێگەی تێگەیشتن بێت ؟ لە ڕاستیدا ئێمە لە ووشەی (بە جۆشتین)، تێناگەین.

دواتریش لە بابەتی (پیداویستییە فەلسەفیەکان) دا هاتووە: ((لەو هەموو ئەو شتانەی گوترا...)). باشتر وایە بنووسرێت: (لەو هەموو شتانەی گووترا...)، یان (هەموو ئەو شتانەی گووترا...). وە لە بابەتی (گومان و تاقیکردنەوەی زانیاری) دا هاتووە: ((...یان تایبەتمەندییێتیەکی ژیریێتی مرۆڤە)). ئێمە هیچ لەمە تێناگەین، کە مەبەستی چییە. وە هەروەها لە هەمان بابەتدا هاتووە: ((...هەست بە تامی ئاو نەکردنی لە کاتی داگرتنی لەرزوتادا...))[٧]. باشتر وایە بنووسرێت: (هەست نەکردن بە تامی ئاو لە کاتی داگرتنی لەرز و تادا)، هەڵبەت ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەگەر ئاو تامی هەبێت.

پاشان هاتووە: ((...کە لەوانەیە بآ بنچینە بێت...)). وە هەروەها لە شوێنێکی تریشدا نووسراوە: ((زانیاریییە بێگومانەکاندا))[٨]. وە لە بابەتی (بوارەکانی فەلسەفە و ئامانجەکانی بە درێژایی چاخەکان) دا هاتووە: ((...باسەکان سەبارەت بە گەردوون مرۆڤ ...)). ئەبێ (گەردوون مرۆڤ) چی بێت ؟

پاشان نووسراوە: ((زانستی لۆژیک – (منطقی)))، ئەمەش ئەبووایە بنووسرێت: (زانستی لۆژیک–علم المنطق)، نەك (منطقی). پاشتر هاتووە: ((...لە پێناوەی گۆڕانی جیهاندا، بە واتاییێکی دی، بیر بە کارکردنەوەوە بەسترا...))[٩]. ئەمەش دەبوو بنووسرێت: (...لە پێناوی گۆڕانی جیهاندا...).

لـه لاپـەڕەی پرسـیارەکانی بەشـی یەکەمیشـدا، چـەند هەڵەیـەکی تـری تێدایـە، وەکـو لـە پرسـیاری پێنجەمـدا هـاتووە: ((پ٥- تێبکۆشـە پێـنج بیرۆکـەی سـەرەکی لـە ناسـاندنە جیاجیاکـانی ڕوونبکـەوە، کـە هـەموویان پێکـەوە کۆبکاتـەوە))، زۆر باشـە، ئێمـەش دەپرسـین: ئـەرێ خوێندکاری داماوو، لـە بـارەی چییـەوە تێبکۆشـێت و چ بنووسـێت ؟ پێـنج بیرۆکـەی سـەرەکی لـە ناساندنە جیاجیاکانی کێ ڕوون بکاتەوە، کە دواجار پێکەوە هەموویان کۆ بکاتەوە ؟!

پرسـیاری هەشـتەمیش بـەم شـێوەیە نووسـراوە: ((پ٨- ئامـانج لـە فەلسـەفەی گشـتی و ئامـانجی فەلسـەفە لـە سـەردەمی یۆنانیـەکان و موسڵمانەکان یەکان و تازەکی (نوێ) ڕوونبکەوە ؟))[١٠]. لێرەدا، دەبێت خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت، کە ئێمە مەبەستمان هەڵبژاردنی ڕستەیەک نییە بە تەنها لە نێو کۆمەڵە ڕستەیەکی تردا، کە مانا نەبەخشێت، یان ماناکەی بگۆڕێ. بە واتایەکی تر، ئێمە نەهاتووین ((يَأَيُّهَا آلَّذِينَ ءامَنُوا لاَتَقرَبُوا آلصَّلَواةَ)) یـان لەگـەڵ دا بکـەین، بـەڵکو ((وَأَنتُم سُكَرَى))ش دەخوێنین[١١]. ئەگەر خوێندکار هەر لە سەرەتاوە لە میانەی مامەڵەکردنی لەتەک فەلسەفەدا، بەو هەموو هەڵە و کەموکورتییانەوە ئاشنا بێت، ئیدی چۆن زەندەقی ناچێت ؟!

تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی بیرکردنەوە

لەم بەشەشدا، بێگوومان چەندین هەڵە و کەموکورتی تێدا بەدی دەکرێت، ئەوەتا هەر لە بابەتی ((بیرکردنەوەی ئەفسانەیی کۆن (داستانی))) دا هاتووە: ((...لە کۆمەڵگەکەماندا چەندان کۆمەڵگەی دیکەی جیهاندا بە جۆرێك لە جۆرەکانی هەن و دەبینرێن ...))[١٢]. باشە ئەگەر گریمان ئەم ڕستەیە تەواو بێت لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەی چۆن دەکرێت لە کۆمەڵگایەکدا، کۆمەڵگایەکی تری تێدا هەبێت.

هەروەها لە بابەتی (نزمی ئاستی بیرکردنەوە) دا هاتووە: ((...بەم شێوەیە ئەویش هێندە هێندە هێزی کارتێکردن و پەسەندێتی و فەرمان ڕەوایی بەهێزە نادیارەکان دەدات...)). دواتر لە بابەتی (زیندوێتی مادە (بوونەوەر))) دا هاتووە: ((...بوونەوەرە مادەیەکاندا ...))[١٣]. باشتر وایە بنووسرێت: (بوونەوەرە مادددییەکان).

دواتر هاتووە: ((...واتا گیان بوونەوەرێکە و تەنە زیندووەکەیەتی، یان لێی جیایە ...))[١٤]. ئێمە شتێك لەم ڕستەیە تێنەگەیشتین ! هەروەها لە بابەتی (بیرکردنەوەی ئایینیانە) دا هاتووە: ((یەکەم: لێکدانەوەی مێژوویی هۆشمەندانە (مرۆڤیانە).دووەمیان: لێکدانەوەی ئایینیانە (یەزدانییانە))).

پاشان نووسراوە: ((١- لێکدانەوەی هۆشمەندانەیی پوخت (مرۆڤیانە))). باشە (مرۆڤیانە-یەزدانییانە-هۆشمەندانەیی)، چ جۆرە ووشەیەکن ؟

پاشان هاتووە: ((...مرۆڤی سەرەتایی دوایدا شمەکی لەو ژیانە جیاکردەوە کە تێیدایەتی و شمەکەکانی دایە پاڵ گیان و هێزە شاراوەکان بەمە ترسێکی دی خستە سەر مەترسیەکانی دیکەی لە سروشت...))[١٥]. تێناگەین (مرۆڤی سەرەتایی دوایدا)، گوزارشت لە چ دەکات ؟

پاشان هاتووە: ((...لەبەر ئەوەی مرۆڤی سەرەتایی لە نێو جەنگەڵەکاندا خەریکی ڕاوشکار بوو، ترسی ئاژەڵە درەندەکان ناچاری کرد دەست بداتە ئاژەڵ و ڕووەك پەرستی، لەمەوە ئایینی تەوتەمێتی ((Toteism)) سەری هەڵدا، تەوتەمی کردە هێمایەکی خێڵەکەی و بۆ بڕوا پێڕۆزەکەی و بەمەش هێزە لە ڕادەبەدەرەکانی پێ بەرجەستە دەکرد: کە بیرۆکەی (خواوەند) یان (هێزە مەزنەکە) ی دەنواند هەروەکو لەوبەریش زانیمان لەم تەومێتیەوە چەمکی جۆراوجۆری حەرامکردن و قەدەغەکردن و ناپەسەندێتی و پیرۆزی هاتنە ئاراوە کە بە (تاپۆ) ناومان بردن و ئەمەش ڕووکەشی کۆمەڵایەتییانەی هەموو ئاینێکە))[١٦]. سەیرە، کوا لە کوێ باسمان لێوە کردووە، هەتاوەکو بیزانین ! پاشان نەك لەوبەر, بەڵکو لەم بەریش باسمان نەکردووە ! دواتر ئەم ووشە قوورسانە واتەی چی دەگەیەنێت ؟ وەکو: (تەوتەمێتی) و، (تاپۆ) ؟ کە هیچ شیکردنەوەیەکی بۆ نەکراوە. لە هەموشیان سەیرتر ئەوەیە، (تەوتەمێتی) و (تەوتەمی) و دواتریش بە (تەومێتی) ناوی هاتووە.

پاشان هاتووە: ((...ئەوەیان خوای پیتۆفەر بوو...هتد)). نێوی خوداوەندی (پیتۆفەر) هاتووە، بەڵام کەس هیچی لە بارەوە نازانێت. دواتریش هاتووە: ((سەرچاوەی ترس و لەرزی مرۆڤی سەرەتایی هەر ئاژەڵ و نەهامەتییە سروشتییەکان نەبوو، بەڵکو ئەوەش بوو کە هەمیشە

لـه تەکیـدا بـوو، خەونەکانیشـی بـوو بـه تایبـەتی ئـەو خەونانـەی بـه مردووەکانیەوە دەیبینن لەمەشیانەوە (مردووپەرستی) سەری هەڵدا لە میسر و ڕۆما مەکسیك و پیرۆدا پاشا وەك خوا دەپەرسترا هەتا لە دوای مـردنیش))[١٧]. پـێم خۆشـە خوێنـەر خـۆی ئـەم ڕستـەیە بـە باشـی بخوێنێتەوە.

دواتر لە بابەتی (ئایین هی خودایە لەڕێی سرووشەوە (وەحیەوە) هاتۆتە خوارەوە) دا هاتووە: ((...و ئایین کە ڕاگەیاندن و سروشتی خواهانە و دەنێرێـت...))[١٨]. پاشـان هـاتووە: ((...و ئەوانـەی چـاکن بـۆ بەهشـت و بەدکارەکانیش بۆ ئازاری نێو دۆزەخ وەك (ئاییـنی ئیسلام و کریستیان (مەسـیحی) و جولەکـە)). باشـە دەپرسـین: چـی وەکـو ئەمانـە ؟ باوەڕهێنانیـان یـاخود لێپرسـینەوەیان ؟ پاشـان لـە بابـەتی (زانسـت لـە کۆنـدا) دا هـاتووە: ((...ئـەم ڕاسـتیە شارسـتانێتی و ژیـاری دۆلـی دوو ڕووبارەکـە (میترۆپۆتامیـا) و میسـری کـۆن دەیسـەلمێنی...))[١٩]. ئـەی هـاوار، ووشـەی (میترۆپۆتامیـا)، کـەی واتـەی دوو ڕووبارەکـە دەدات ؟! بـەڵکو ئـەوە (میسـۆپۆتامیا) یـان (میزۆپۆتامیـا) یـە. پاشـان بـاس لـە شارسـتانییەتی عێراقـی کـۆن و میسـری کـۆن دەکـات، کەچـی وانیشـان دراوە، کـە خوێنـەر، واتـە مـن دەیسـەلمێنم، چـونکە نووسـراوە (دەیسەلمێنی) !

پاشـان هـاتووە: ((...هـەر خـۆش خـاوەنی دۆزینـەوەکانی هێـزە سروشتییەکانە وەك ئاگر و باو و ئاو...)). ئێمە دەپرسین: (هەر خۆش) یـانی چـی ؟ پاشـان لـە هـەمان بابەتـدا هـاتووە: ((...ئـەو زاناریـیە کەڵەکەبووانە...)).

هەروەها لە بابەتی (زانستی یۆنانی) دا هاتووە: ((...ودەیسەلمێنی ئەوەی یۆنان لە مەیدانەکانی زانستدا لە کەڵەکەبوونی ئەو زانستانەوە هاتوونە دی کە بەر لەو هەبوون...))[٢٠]. لێرەشدا دیسانەوە خوێنەر دەیسەلمێنێ، واتە ئێمە سەلمێنەرین، نەك کەس و لایەن و بابەتی تر ! پاشان دەووترێت: (بەر لەو هەبوون)، (ئەو) کێ یە ؟! وە هەر لە هەمان باسدا هاتووە: ((...و فەیلەسوفەکانی یۆنان وەك تالیس و ئیفلاتون هیرودوت و گەواهین و...)). باشە، لێرەدا (ئیفلاتوون) لکێنراوە بە (هیرودوت) ە وە، پاشان (گەواهین), وەکو نێوی فەیلەسووف هاتووە، وە دراوەتە پاڵ ئەوان.

پاشان هاتووە: ((...لەمەش گرنگتر ئەوەیە، کە مێژوونوسەکانی زانست، وەك (سارتون) و چەندانی دیکە بەشێکیان لە زانستی میسریەکان و عێراقی کۆن زۆر، یان کەم وەرگرتووە...)). ئێمە لێرەدا نازانین بەشێك لەمێژوونووسان, یاخود لە زانستەکانیان وەرگرتووە ؟! وە لە شوێنێکی تردا هاتووە: ((...دەستووری حسابکردنی ڕووبەری سێکۆشە و لاکێشە و بازنەنیان زانیوە))[٢١]. باشە (بازنەنیان)، چی دەگەیەنێت ؟!

لە بابەتی (زانستی یۆنانی کۆن) دا، وە لە خاڵی دووەمدا هاتووە: ((ئەم بەتەنگەوە هاتنەیان بۆ زانینی گشتێتی و یاساپەتییەکانی شتەکان مۆرکی (بیردۆزی) یانەی بە زانستەکەیان بەخشی ئەمەش ئەو تایبەتمەندیە گەورەیەیە کە مێژووی بیرنووسانی خۆرئاوایی بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان بیری یۆنانی و گشت بیرکردنەوەیەکی بەر لەوانی دادەنێت))[٢٢]. با خوێنەر خۆی بڕیاری لەبارەوە بدات.

هەروەها لە بابەتی (زانست لە سەژەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوا) دا هاتووە: ((...ئەوجا ملکەچی کڵێسا و ئەرستۆش بوو پێکەوە، هەموو دەرچووون و لادانێک لێیان دەرچووون و لادان بوو لە پیرۆزی ئایینییەکەی...))[٢٣]. باشە کڵێسا و ئەرستۆ، مانای چییە ؟! ئەگەر مەبەستیش ئەرستۆی فەیلەسووفە، خۆ دەبێ ئاماژەی پێبکات، یاخود ساڵی لە دایکبوونی یاخود مردنی بنووسێت، چونکی ڕوون نییە. وە لە بابەتی (زانست لە سەردەمی نوێدا)، وە لە خاڵی چوارەمدا هاتووە: ((...ئەرکی زاناکان تۆێژینەوەی دیاردە دەست نیشکراوەکانە و، لە ڕاستیەکی بچوکەوە، چوون بۆ یەکێکی دی...))[٢٤]. ئێمە تێناگەین, (دەست نیشکراوەکان) یانی چی ؟

هەروەها لە بابەتی (کەڵەکەبوونێتی) دا هاتووە: ((زانست یەکبینە تەلاری خۆی بەرز دەکاتەوە، بەرەو ئەفسانە ناگەڕێتەوە، ئەمەشیان واتای سێیەمی ڕەهایی ڕاستیەکی زانستیانەیە.دەستی پێکرد، ئێستا وا کەیشتۆتەوە تۆێژینەوەی مرۆڤ بە بەرنامە و نەخشەوە، ئەمەیش بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی دەگرێتەوە))[٢٥]. باشە (کەیشتۆتەوە) یانی چی ؟ پاشان لە ڕووی ڕێزمان و زمانەوانییەوە کێ لەم کۆپلەیە تێدەگات ؟

دواتر لە بابەتی (سەراپاگیرێتی و بابەتخوازی) دا هاتووە: ((...بەم جۆرە (ناکەسێتی) دەبێتە شەقڵی ڕاستی زانستییانە، بە واتایەکی دی: بێگومانێتی – (یەقین) لە زانستدا پابەندی شەقڵی (سەراپاگیری) یە، کە لە (بێگومانێتی) خودی جیاوازە و، ئەمەیان هەست پێکردنی ناخی ئەو کەسەیە کە لە خۆیەوە لە شتێك (بێگومان) ە، کە دوایی مۆرکی کەسێتی وەردەگرێت و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، چونکە (خودی) یە

نـەك (بابـەتی)))[٢٦]. پێمـان خۆشـە خوێنـەری هێـژا، چـەند جارێـك بیخوێنێتەوە، بزانە چ سحرێکی لێکراوە بۆ تێگەیشتن !

پاشـان لـە بابـەتی (فەلسـەفە پرسـە، یـاخود پرسـێکی گـەورەتر) دا هـاتووە: ((...بتوانێـت پرسـکە بـە بـار و شـێوەیەکی گونجـاوتر دابڕێژێتەوە.جا لەبەر ئەوە فەلسەفە بڕوای بە بڕیار و هۆشمەندان هەیە کە مافی دەربڕینی ڕایان هەبێت.گرینگترین تایبەمەندی فەلسەفەکاری و پرسەی فەلسەفییانە ئەوەیە لە سنووری چاودێریکردن...)). لەم چەند دێـڕەدا چـەندین هەڵـەی تێـدا بـەدی دەکرێـت، وەکـو: (پرسـکە) و (تایبەمەندی) و (پرسەی). ئەگـەر هەڵـەش نییـە، ئـەی واتاکـانی چـین ؟ ڕەنگبێ ڕاستیش بێت، ئەم بارودۆخە هـەر لـە پرسـە و مـەرگی فەلسـەفە دەچێت !

دواتـر هـاتووە: ((...ئـا بـەم جـۆرە فەلسـەفە لەمـەڕ دیـاردە مادییـەکان دەگاتە چەمکی (سروشت) و، سەبارەت بە بوونەوەرە ژیرەکانیش دەگاتە چـەمکە (مرۆڤانـەیی) و پێـزانین و ویسـتەکان، هـەروەها دەگاتـە چەمکەکانی پێکەوە بەستنی هۆکارێتی و پێڕەو و ئامانج و گەشەسەندن سەبارەت گشت دیـاردە و بوونـەوەران))[٢٧]. ئـەبێ (چـەمکە مرۆڤانـەیی) چی بێت ؟ ئەی تێگەیشتن لێی بۆ چی هێندە سەختە ؟ پاشان لە بابەتی (فەلسـەفە ڕەخنـە و شـیکردنەوەیە) دا هـاتووە: ((...ژیـری و زانیاریـیـە ژیریکایەکان (عقلیە)...))[٢٨]. ئەی (ژیریکایەکان) یانی چی ؟

دواتـر هـەر لـە هـەمان بابەتـدا هـاتووە: ((هـەروەها ئـەرکی ڕەخنـەیی شیکارانەی فەلسـەفی، واتـای (تۆژینـەوەی بەرنامـەکان) دەبەخشێت کـە زانستە جۆراوجۆرەکان دروستیان دەکەن، وەك بیرکاری و سروشتکاری،

لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەدا کە لەسەری ڕاگیربووون بە پێی بەرنامەیەکی سەربەخۆ و یەك گرتوو))[٢٩].

هەروەها لە بابەتی (فەلسەفە، پێکهێنان و دروستکردنی باوەڕەکانە و، ڕامانە) دا هاتووە: ((...فەیلەسوف بە دوای گشتیانەترین...)). وە هەروەها هاتووە: ((...واتا گەیشتن و دۆزینەوەی تێڕوانینێکی کۆی گشتانەیە...))[٣٠]. باشە دەپرسین: باشتر نەبوو کە بنووسرێت: (فەلسەفە، پێکهێنان و دروستکردنی باوەڕ و ڕامانەکانە) ؟ ئەی (گشتیانەترین) و (کۆی گشتانەیە)، واتای چ دەبەخشێت ؟! ئایە چ جۆرە یاسا و ڕێسایەکی ڕێزمانی و زمانەوانی تێیدا بەکار هاتووە ؟ ڕەنگە ئەمە فۆرمێکی تری نوێ بێت لە ڕێزمانی زمانی کوردی و ئێمە لێی بێ ئاگا بین !

تەوەرەی سێیەم: بابەتە گشتییەکانی فەلسەفە

هەر لە باسی (بابەتە گشتییەکانی فەلسەفە) دا و لە خاڵی یەکەمدا هاتووە: ((...سروشتناسی لە تایبەتەکانی تەن دەکۆڵێتەوە بێ تەماشاکردنی توخمەکانی))[٣١]. باشە (تایبەتەکانی تەن) یانی چی ؟! وە هەروەها لە بابەتی (میتافیزیك) (چیەتی پاش سروشت) دا هاتووە: ((أ- مەبەستی میتافیزیك: جیهان و گەردوونی دەوروبەرمان تەنانەت مرۆڤ و زیندەوەرانیش، ئەم هەموو شتانە هەمەچەشنی و هەمەجۆری بێ سنوور دەنوێنن))[٣٢]. جارێ پێش هەموو شتێك، ئەگەر میتافیزیك وەکو خۆی بهێڵرێتەوە باشترە لەوەی بکرێت بە (چییەتی پاش سرووشت)، یاخود هەر بکرێت بە (ئەودیوی سروشت) چاکترە. پاشان ئێمە تێناگەین مەبەستی میتافیزیك ئەمەیە ؟!

پاشان لە باسی بابەتی ((چاوگێڕانێك بە نێو پەیوەندی نێوان خۆیەتی و بابەتی بوون (الذاتیة والموضوعیة) دا هاتووە: ((...شتە خۆدەرەکیانەوە...))، یان هاتووە: ((بینۆیەکی دیکە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەی ئەوەیە کە هەر زانستێك پەسەند و سەرەتا بەکار دەهێنرێت...)). وە لە لاپەڕەی دواتردا هاتووە: ((...یاسایەکی (هۆیەکیەتی) و (بێ پێچەوانەیی)...))[٣٣]. باشە (خۆدەرەکیانەوە) و (بینۆیەك) و (هۆیەکیەتی) و (بێ پێچەوانەیی)، چ دەبەخشێت ؟

هـەروەها لـە باسـی بابـەتی (بـیردۆزی زانیـاری (ئیپیسـتیمۆلۆجی) دا هاتووە: ((...جیاکردنەو خۆیەکی و بابەتەکی لە زانیاریدا.سەرچاوەکانی زانیاری چین و چۆن پێزانین بەشتی پێزانراوەوە پێوەندیی دەبەستێت، بـۆ نموونـە چـۆن دەزانم ئەمـە ئەسـکەمبیلە و یـەو پشـیلە نـی یـە.)). هەڵەکانیشی ئەمانـەن: (جیاکردنـە)، (ئەسـکەمبیلە)، (یەوپشـیلە)، یـانی چی ؟ دواتر هاتووە: ((...ئەم خووە مسۆگەر هەیە، ئایا کەسێك دەیبینی یان نەی دەبینی)). ئەی (ئەم خووە مسۆگەر هەیە)، مەبەست لێی چییە ؟ پاشـان هـاتووە: ((...کـەوا دەیبنێت (شـتان لـە خۆیانـدا) و (پێزانینـی شتان))). لێرەدا لە بری (شتان)، (شتەکان) بەکار بهێنرێت گوونجاوترە. یان هاتووە: ((...وەك داکەوتیەکان دەیڵێن،...)). (داکەوتییەکان)، کێن و واتای چ دەبەخشێت ؟

پاشان نووسراوە: ((بنچیەکەیەتی)). ئێمە نازانین ئەم ووشەیە، کوردییە یـان نـا ؟ ئەمـەش لـەم ڕستەیەوە هاتووە: ((...(هەستییەکان): وتوویانە تاقیکردنەوە سەرچاوەی زانیارییە یان بە لای کەمی بنچیەکەیەتی...)). پاشان لە لاپـەڕەی دواییدا هاتووە: ((...لێرەدا سێ ڕێباوەڕمان هەیـە: ڕێباوەڕی هەیە کە توانای زانینی شتانمان هەیە.بەرامبـەر بـەم ڕێبـاوەڕی دووەم و سێیەم هەن هەرچی دووەمە ڕێباوەڕی گومانە و خاوەنی دان بە شیانی زانیاری و توانای مرۆڤ بەسەریا نانێن و...))[٣٤]. باشە ئەم هەموو هەڵانە لە پای چی دەکرێت ؟!

پاشان لە باسی (هەستزانی) دا هاتووە: ((...دەبێ هەر بگەڕێنەوە سەر بنـەڕەت و سـەرەتایان لـەمیان تاقیکـاری هەستەکی))[٣٥]. جگـە لـە هەڵـە، ئەمـە وا پێدەچـێت، شـتی تـر بێت بـە دوایـدا، کەچـی بـە خـاڵ کۆتـایی پێهێنـراوە ! پاشـان لـە بابـەتی (هۆشـزانی)–(ژیرایـەتی) دا هـاتووە:

((هەندێ لە فەیلەسوفان دەڵێن ژیری هاوبەشی نێوان خەلکییە و بە زور کاری هەمەچەشن هەڵدەستێ و بەبێ ئەو زانیاری بەردەست نابێ)). پاشان هاتووە: ((...ئەنجامیش لە پێشەکییەکانی هەندێ لە بابەت و زانیارییەکان دەردەهێنێت دەکات...)).

دواتر هاتووە: ((...بۆ نموونە کۆمەڵزان کۆمەڵێ جیاجیا لە ڕێگەی تاقیکاری تێبینی و ژیان بە نێویاندا دەست دەکات بە لێکۆڵینەوەکانی...)). ئێمە شتێکی ئەوتۆ لەم دێڕانە تێناگەین، ئیدی نازانین خوێنەر چۆن لێی دەڕوانێت ؟! پاشان هاتووە: ((فەیلەسوفان هەن دەڵێن...)).

پاشان لە بابەتی (سووسەزانی (الحدس)) دا هاتووە: ((...هۆکارزانیش پشت بە بڵاوەی...)). دواتر نووسراوە: ((...ڕڕستەوخۆ وەیان بە هی کاتەکی ڕاستەقینە دەبەستێ لە هەستکردنی بە جوانی دەچێ...))[٣٦]. هەروەها لە بابەتی (ڕادە و سنووری زانین) دا هاتووە: ((...زۆر ئاسانترە نەگەر هاتو...)). (نەگەر) چییە بو خاتری خوا ؟

پاشان لە بابەتی سێیەم (بابەتی بەهاکان یان فەلسەفەی بەهاکان (ئەکسیۆلۆژی) دا هاتووە: ((...بەرامبەر بە بەهای دەرەکی دوور دەخرێتە)). پاشان لە (فەلسەفەی ڕەوشت) دا هاتووە: ((...لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی بیروباوەڕی ڕەوشتەکی چەسپاو دارشتراوە...))[٣٧].

هەروەها لە بابەتی (فەلسەفەی یاسا) ش کۆمەڵێك هەڵەی تێدایە وەکو هاتووە: ((کەچی دادوەری یاساییان لە فەلسەفەی یاسادا کۆمەڵێك یاسان کە دەوڵەت بەسەر نیشتەنییانیدا دەیسەپێنێت)). ئەمە چ خوێندکارێك لێی دەگات ؟! پاشان هاتووە: ((دەکرێت کێشەکانی

فسەلەفەییاسا بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:)). پاشان هاتووە: ((ویستە)) و ((خاوەنی))، ئەمانە یانی چی ؟

پاشان لە لاپەڕەی دواییدا و لە بیردۆزی دووەمدا هاتووە: ((...ڕێساکانی ڕەفتار پەرەسەندنەکین و ژیری یان پوخت سەرچاوەیی نین...))[٣٨]. وە هەروەها لە بابەتی (جوانی و بەهاکانی جوانی) یشدا بەهەمان شێوە چەندین هەڵەی تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە هاتووە: ((لە خاڵی ب- (مادیە) و لە خاڵی پ- (دەربڕینە)))، ئەمانە مانای چی دەبەخشێت ؟!

هەر لە خاڵی (پ) دا هاتووە: ((...نموونە ئەوا شێوەیەکی یەکەی لە کێشەکەیدا خۆی دەنوێنێ کەچی لایەنی مادد وتەکانی بەر گوێچکە و خوێنراوە دەگەیەنێ...))[٣٩]. پاشان هاتووە: ((جوانی ناسی تاقیکردنەوەی جوانی بەهرەی هونەرمەندان دەگرێتەوە و ئەم شاکارانەش تەنها هەر وێژە و هونەر بگرێتەوە...))[٤٠].

پاشان هەر لە هەمان بابەتدا هاتووە: ((...بەڵکو ئەو هێزانەی دەباتەوە کە پێی دەزانن بە لایەوە جوانی واتایەکی ژیریە و خووی بۆ شتەکی نییە کە لە شتی جواندا ببێت و سەربەخۆ لە هەموو پێزانینێکەوە.یەکەم خوێندنگە جوانی بە ڕەها دادەنێت))[٤١]. پاشان لە خاڵی یەکەمدا و لە بابەتی (پێوەرەکانی جوانی) دا هاتووە: ((...بێجگە لە جیاوازی نێوان کەسەکان لە ڕووی سروشت و پەروەردە و نەریتەوە)).

پاشان لە خاڵی دووەمدا هاتووە: ((: بۆ چ ژێژ وەرگرتن لە جوانی دەبەینەوە...)). (ژێژ) ئەبێ چ بێت ؟ پاشان هاتووە: ((خوێندنگەی ژیری و یاساکان بە پێویستی دادەنێت.هەرچی خوێندنگە یرێسا ژیریەکان و یاساکان بە پێویستی بۆ چ توانایەکمان دەگەڕێتەوە))[٤٢]. پاشان

هـاتووه: ((...ڕێسـایان بـۆ (دروسـتکردنی هونـەری بلیمەتانـە) نانێت...))[٤٣].

هەروەها لە بابەتی (هونەر و ڕەوشتناسی) دا هاتووە: ((...هیچی دیکە لـە دواوە نییـە گـرنگ جـوانی شـێوەی هونەرەکەیـە، یـان (شـێوەکە) یـە، هەرچی بابەتە هەر شتێك بێت قەیناکە، با خراپە یان تاوان یاخود چاکە بێت !)).

پاشـان هـاتووە: ((...ئایـا پوخـت و چـاولێکەر و لاسـایکەرەوە کـەرەوە و...))[٤٤]. وە هـەروەها لـە بابـەتی (ڕێبـاوەڕی سروشـت) دا هـاتووە: ((ڕێبـاوەڕی سروشـتی باوەڕی بـە بابەتەکیـەتی جـوانیی سروشـتە...)). (بابەتەکیەتی) چییە ؟ وە لە بابەتی (ڕێبـاوەڕی (ڕۆمانسی)) دا هاتووە: ((...بـە لایـەوە هونەرمەنـد پێویسـتە بەسـەربەسـتیکردن تـەواو دەربـڕین هەبێت...)).

لە بابەتی (لۆژیك (المنطق)) دا هـاتووە: ((...هـەر چییەك بێت بابـەتی بیرەکـە))[٤٥]. وە پاشـان هـاتووە: ((...واتـا لێکۆڵینەوەیـە کـە دەربـارەی بیرکردنەوەی دروست دەبێت چۆن بێت...))[٤٦].

هەروەها لە بابەتی (پەسندکردن یان سەپاندنی بوونی بیرە) دا هاتووە: ((...بیرسا بووەتە بە ئەوەی کە واتای ئەم سێ بەشانە ببەخشێت:))[٤٧].

باشە ئێمە دەپرسین: (بیرە) یان (بیرەکە)، یانی چی ؟ دواتـر (بیرسا)، لـە ئەم کاتەدا تازەیە، چونکی پێشتر شینەکراوەتەوە.

وە لـە بابـەتی (بەڵگەهێنانـەوە) دا، لـە خـاڵی سـێیەمدا هـاتووە: ((لۆژیـك جۆرێکی زانیاریـیە پێوانەییـەیان بـە هایـە...))[٤٨]. وە لـە (پرسیارەکانی بەشی سێیەم) دا هـاتووە: ((پ٨- ئـەو بیردۆزانـە چین کـە لێکۆڵینـەوەی شاکاری هەنەرییە))[٤٩]. باشە ئێمە دەپرسین: (هەنەری)، یانی چی ؟

تەوەرەی چوارەم: خستنەڕووی مێژووی فەلسەفە لە شارستانیە کۆنەکاندا

هەر لە (پێشەکی) دا و لە بابەتی (گرنگی مێژووی فەلسەفە) دا، چەندین ڕستەی ناتەواو نووسراوە, وەکو هاتووە: ((یەك لە بیرکارەکان دەڵێت : ((بیرکردنەوەی بیردۆزی تایبەتی سروشتیە...))، وە هەروەها هاتووە: ((...و هۆیەکانی هەڵە بیردۆزیەکانی بیرکارانی ڕابردوو...))، دواتر هاتووە: ((...هیوا و باوەڕ بەهێزی ژیری مرۆڤایەتی و تواناکەی لە دەروونی مرۆڤدا پەیدا دەکات...)). پاشان هاتووە: ((...بۆ وەدیهێنانی تایبەتە سەرکییەکەی خۆی کە بیر و خۆشویستنی زانیاریەییەك لە مێژوونووسانی فەلسەفەکاری مێژووی فەلسەفە نووسراوە پیرۆزەکان دەچوێنێت گوێ نەدان بە ڕابردووی بیرکردنەوە لە زانستدا دەکرێت...))[٥٠]. جگە لە هەڵەکان، ئایا کێ لەم ڕستانە دەگات ؟

هەروەها لە بابەتی (قۆناغەکانی یان دابەشکردنە سەرەکیەکانی مێژووی فەلسەفە) دا، وە لە خاڵی (٤) چوارەمدا هاتووە: ((...بوژانەوەی ئەورەپا...)). وە دواتر لە خاڵی یەکەمدا هاتووە: ((...لە زۆر کۆنەوە شارستانیەتی ڕەسەنی بەخۆیەوە دیوە...))[٥١]. وێڕای هەموو ئەمانەش، کەچی دواجار خاڵی دووەم دیار نامێنێت و بزر دەبێت !

هەروەها لە بابەتی (ڕێبازەکانی کانی بیری و فەلسەفیەکان لە دۆڵی دوورووبار) دا، ئەم ووشانەی تێدا هاتووە: ((سوالْەت)) و، ((ئەکەدییکان))، کە نازانرێت یانی چی ؟ پاشان هاتووە: ((...ئەو شوێنەوارە کۆنانەی کە لە ناوچەرگەی زەویدا دۆزراونەتەوە، هەموویان ئەو بیرە فەلسەفیانە دەخەینە ڕوو...)). ئەی هاوار، (هەموویان ئەو بیرە فەلسەفییانە دەخەینە ڕوو...)، چ واتایەک دەبەخشێت، ئەبێ مامۆستایەکی زمانەوانی چۆن بڕوانێتە ئەم ڕستەیە ؟!

پاشان هاتووە: ((ئێمە دەتوانین ئەم بیروڕایانە بکەین بە سێ شەوە))[٥٢]. ئەی ناتوانین بیکەین بە (هەزار و یەک شەوە) ؟! وە هەروەها لە بابەتی (بیرە فەلسەفەی گەردوونی سروشتیی) دا کە چەند هەڵەیەکمان تێدا دۆزیوەتەوە، وەکو هاتووە: ((...لە شێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو...)). بریا بمزانیبایە لەم وەرگێڕانەدا، ڕەچاوی چ شێوەزارێک کراوە، یاخود پشتی بە چی یاسایەکی زمانەوانی و ڕێزمانی بەستووە، وە چ جۆرە وەرگێڕانێکی تێدا بەکار هێنراوە ؟

پاشان هاتووە: ((...و بە ئاوات کوێرەوەری و بینینەکانی مرۆڤەوە هەیە))[٥٣]. ئەبێ (ئاوات کوێرەوەری)، مەبەست لێی چ بێت ؟! دواتر هاتووە: ((...کە چۆن گلگامێش بە مردنی (ئەنکیدو) ی هاوڕێی، پەرێشان بووە و حەپەساوە و بە دوای ئەوەدا گەڕاوە، چۆن زیندوی بکاتەوە، مەرهەمێ دابهێنی، یان بدۆزیتەوە...))[٥٤]. باشە گلگامێش دەبێ مەرهەمێ بۆی دابهێنێ، وە یان بیدۆزێتەوە، کەچی ئەم کارە دەدرێتە پاڵ خودی خوێنەرەکە !

هەروەها لە بابەتی (ئەم بیر و هزرانە، تێکۆشاون وەلاّمی ئەم پرسیارانە بدەنەوە): بنچینەی بوون چییە و هۆی پەیدابوونی چییە، چۆن

بونەوەرەکان دۆزراوەنەتەوە ؟ دا, دیسانەوە چەند هەڵەیەکی تێدا بەدی دەکرێت، وەکو هاتووە: ((...هەرچی بوونەوەرە هەیە...))[٥٥]. ئەبووایە بنووسرێت: (هەرچی بوونەوەر هەیە). وە هەروەها ئەمانەش بە هەڵە نووسراوون: ((سورەتی الانبیا)) و، ((لە دەقە کۆنەدا)) و، ((ناخەکانی دەریا)).

پاشان هاتووە: ((... (نیوەی خواروی گۆی زەوی، بوونی تەواوە) و دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکانی بوونی لە ئاسماندا (نیوەی سەرووی گۆ)...)) و، ((...شێوەکانی ئەندازەی...)). پاشان هاتووە: ((...و چۆن یەکن و لە یەکدییەوە ماوەیەکی وەك یەك دوورن (تیرەکان و نیوە تیرەکان) ی ئەندازەیین))[٥٦].

هەروەها لە بابەتی (بیروهزرە ڕەوشتیی و کۆمەڵایەتییەکان) دا، چەندین هەڵەی تری تێدایە، وەکو لە خاڵی دووەمدا هاتووە: ((دەگوترێ، مرۆڤ چاکە لە سروشتیدا هەیە چونکە لە قوڕێکی جوان دروستکراوە، بەڵام خراپەکاری ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیدا...)). دواتر هاتووە: ((...ئەزمونەکاتیان...)). وە پاشان ((...پلەی شارستان...))[٥٧]. باشە ئەمانە چ دەگەیەنن، بۆ چ ئەو هەموو هەڵەیە بکرێت و کەسێکیش نە هەستی پێبکات، وە نە بە دوای چارەسەریشدا بگەڕێت ؟!

هەندێ ووشەی تریش هاتووە، وەکو: ((...یاساش دانراو...)) و، ((تاکە تاکەکانی کۆمەڵ)) و، ((ئازادی = یاکسانی) و دەدوێ)) و، ((داڕژاوی))[٥٨]. پاشان هاتووە: ((- ئەوە دانا و هۆشمەند بە هەموو شتێ...)) و، ((نمایشەکانی و کوێرەوەرییەکانی مرۆڤ...)) و، ((دادپەوەری))[٥٩].

هەروەها نووسراوە: ((...حامورابی ت ١٧٥٠پ٠ز))، باشە ئەو (ت) ە، واتای چییە، سالّی لە دایك بوونییەتی یاخود کۆچی دواییەتی ؟ پاشان لە بابەتی ((ئارەزووە فەلسەفی و زانستییەکان لە دۆلّی نیلدا) دا هاتووە: ((...چوارەم هەزارەی پ٠ز...))، پاستییەکەی دەبێت بنووسرێت: (هەزارەی چوارەمی پێش زایین). پاشان هاتووە: ((...بەلّکو پەفتار و پەوشت پاکی ژیانیشەوە بەندن بە (نەمر) و (جیا) لە لەشی دانا بوو.دروستکردنی قوچکەکان و خۆشی کردنی تەرمی مردوان...)). باشە (خۆشی کردنی)، بۆ یاری و شادی بەکاردێ. پاشان هاتووە: ((...لە شیش بەرامبەر بە دەروونی مرۆڤ))[٦٠]. ئەمە وا نووسراوە، کە لە شیش و ئاگر و کەباب ئەچێت ! کاتی خۆی، یەکێك لە قوتابییەکانم ووتی: مامۆستا ئەمە شیشی کەباب نییە ؟!

لە هەمان بابەتدا، کارەساتێکی تر بە دیار دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کەوا لە خودی نووسینەوەی ئایەتی قورئانی و تەنانەت لە ژمارەی سورەتەکەشدا، هەلّە کراوە. چونکی بەم شێوەیە نووسراوە: ((انما قلنا لشیو اژا اردناه ان نقول له کن فیکون) (النحل – ٤). پاستییەکەشی بەم شێوەیەیە: ((إِنَّمَا قَولُنَا لِشَیءٍ إِذَآ أَردَنَهُ أَن نَّقُولَ لَهُ کُن فَیَکُونُ–(النحل)–(٤٠))). پاشان هاتووە: ((...دەربارە ئافەریدە...))[٦١].

هەروەها لە هەمان بابەتدا، چەند هەلّە و کەموکورتییەکی تر بەدی دەکرێت، وەکو هاتووە: ((...و جەماوەر خۆی پێوە دەبەستی و پڕێزی لێ دەگرێ و دەی پارێزی)). نازانم جەماوەر قسان دەکات و منیش دەیبەستم و دەیپارێزم ! پاشان هاتووە: ((ژیانی ووەم)). پاشان هاتووە: ((...هەتا شا (ئەختاتوون = ئەمنوفسی چوارەم)...)). پاشان جارێکی تر هاتووە: ((... (ئەختاتون) لەتەك مەرامەکانی ئیبراهیم خەلیل – ی (س)

له یەکبووندا کە لە تاکە خوایەکی گەورە و مەزن زیاتر لە زەوی بابلدا نیە...))[٦٢]. ئێمە نامانەوێ زۆر لەو بارەیەوە بدوێین و دواجار ئێرە جێگەی فرە ووتنی نییە، بەڵام دەبێت بزانین، ناوە پاستەقینەکەی (ئەختاتون) نییە، بەڵکو نێوی (ئەخناتون) ە، پاشان (ئەمنوفسی چوارەم) یش نییە، بەڵکو بەم شێوەیەیە: (ئەمنحۆتبی چوارەم)[٦٣]. پاشان لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، ئێمە هەرگیز لەم بەراودکارییەدا تێناگەین !

پاشان لە بابەتی (فەلسەفەی یۆنانی) دا و لە خاڵی (٢) دووەمدا نووسراوە: (...دوورگەی مەلأتایە...)، وە هەر لە هەمان لاپەڕەدا, وێنەیەك دانراوە وە لە خوارەوەی وێنەکەدا نووسراوە: (فەلسەفەی یۆنانی کۆن)[٦٤]. ئەمە لە کاتێك دایە، نە خاوەنی وێنەکە و نە شوێن و نە مەبەستەکەشی پروون نەکراوەتەوە ! ئەم وێنەیە هەروەك و لە زۆر سەرچاوە و شوێن و جێگادا بەرچاو دەکەوێت، وە لە هەندێ سەرچاوە ئاوەهای لە بارەوە نووسراوە : ((قوتابخانەی ئەسینا، بەرهەمی رافائێل، دەرخەری گۆڕانی هونەرییە، بەرەو بابەتە نامەزهەبییەکان، لە سەردەمی رێنسانسدا))[٦٥]. وە لە سەرچاوەی تریشدا، لە خوارەوەی ئەم وێنەیەدا نووسراوە: ((یەکێك لە گەورەترین بەرهەمەکانی رافاییل، فێرگەی ئاتێنایە، کە حەزی وی لە فەرهەنگی کلاسیك پیشان دەدات. ئەم دیوارنووسە، زانایان و، فەیلەسووفەکانی یوونانی کێشاوە))[٦٦].

هەر لە بابەتی (فەلسەفەی یۆنانی) دا و لە خاڵی چوارەمدا، چەندین کەموکورتی تێدایە وەکو: ((...چونکی هیچ فەلسەفەییکی ناوەندی نەبووە بسەپێنی بەسەر بیرمەندەکاندا...)). دواتر هاتووە: ((...بە هەر رەنگ و شێوەی بێت...)). دواتر بەرامبەر بە ووشەی (الملاحة)،

نووسراوە: (دەریاگەڕان)[٦٧]. وە لە بابەتی (فەیلەسوفەکان لە جیهانی دەرەوە دەکۆڵنەوە) دا، چەندین هەڵە و کەموکورتی تێدایە وەکو: ((...و گۆڕانی شتان دانـاوە))، یـان هـاتووە: ((: چـۆن شـتان هەمـەجۆر و زۆرن...)). یان هاتووە: ((...و هەمەجۆران و زۆری...))[٦٨]. بە بۆچوونی ئێمـە، لێـرەدا کۆکردنـەوەیان بـە (شـتەکان) و (هەمـەجۆرییان)، یـان (هەمەجۆرەکان)، گـەلێك باشتر دەبوو. کەچـی لـە لاپـەڕەی دوایـدا، هـەر دووبارە دەبێتەوە. پاشان هاتووە: ((...ئەم دوو خوێندنگەیـەی سەرەوە، خوێندنگەییەکی پێ دەووترێت)) ! ئەمە یانی چی ؟!

پاشـان هـاتووە: ((...لـە هـەردوو بارەکەشـدا شـتەکان لـە چـوار تـوخم پێکهاتبن یان لە گەردیلە، لە بەشی جیاوازی ئەو نەژادە پێکهاتوون (لەو توخمانـە یـان لـەو گەردیلانـە)). پاشـان نووسـراووە: ((خوێندنگـەی فیتاگۆرسـی))[٦٩]. پاشـان هـاتووە: ((...واتـا باوەڕیـان بـە پێکهاتنـە کەرەستەییەکەی شتەکان))[٧٠].

پاشـان هـاتووە: ((...هـەروەك (فیساگۆرسـی) وتـەنی کـە لـە خـواروی ئیتاڵیـا پـاش مردنـی فیسـاگرۆس پێکهـاتبوو)). پاشـان هـاتووە: ((...دژایەتی دیموکراسی ئەتنی کردووە))[٧١]. جارێك بـە (فیتاگۆرس) و جارێك بە (فیساگۆرس) و کەڕەتێکیش بە (فیساگرۆس) هاتووە ! پاشان کـێ دەزانـێ (ئـەتنی) یـانی چـی ؟! وە هـەروەها لـە بابـەتی (ئـەو فەیلەسـووفانەی ڕوویـان کـردە لێکۆڵینـەوەی مـرۆڤ)) دا هـاتووە: ((...واتای سۆمتایی لە سەرەتادا...)). باشە، (سۆمتایی) یانی چی ؟ پاشان لە باسی (سۆکرات) دا، چەندین هەڵەی زەقی تێدا بەدی دەکرێت، وەکـو هـاتووە: ((سـۆکرات کـە لـە سـاڵی (٣٣٩) پ٠ز دەرکـەوت لەگـەڵ ئاراستەکانی سۆفسەتاییەکان نەیار بوو...))[٧٢].

پێش هەموو شتێك، جارێ سالّی (٣٣٩) ی پێش زایین دەرکەوت، وەکو واتای زمانەوانی هیچ نابەخشێ، باشە ئەمە چەنێکە کاك سوکرات لە کوێ خۆی حەشار داوە ؟ وا ئێستا دەرکەوتووە ! پاشان ئەگەر مەبەست لەو سالّەدا، لەدایك بوونی بێت، ئەوە هەڵەیە، چونکی نێوبراوو سالّی (٤٧١) ی پێش زایین لە دایك بووە، وە لە سالّی (٣٩٩) ی پێش زاینیش ژیانی بەجێ هێشتووە[٧٣]. وە دەبێت لە یادیشمان نەچێت، (سۆفسەتاییەکان) نییە, کەچی لە لاپەڕەی دواییدا، چەند جارێکی تر هەر بە (سۆفسەتایی یەکان)، ناو دەبرێت[٧٤]. بەلاّم پاستییەکەی (السوفسطائیون) ە، وە بە ئینگلیزیش بەم شێوەیەیە (Sophists)، وە بە کوردییەکەشی دەبێت بە (سۆفستاییەکان)[٧٥].

هەر لە بارەی سوکراتەوە، چەند پستەیەك دەخەینە ڕوو، وە پێمان خۆشە، خوێنەر خۆی بڕیاری لە بارەوە بدات. کە هاتووە: ((...واتا دانانی ناساندنی چەسپاو بۆ شتان...)). پاشان هاتووە: ((...بە تاوانی تێکدانی لاوان و باسکردنی خواکانی بڕیاری کوشتنی درا...)). باشە (خواکان) ی کێ ؟ ڕوون نەکراوەتەوە. پاشان هاتووە: ((ئەم فەیلەسووفە دوای دانایی کەوتبوو، هەمیشە و بەبەردەوامی لەتەك خۆیدا دەگوتەوە، ئەم داناییەش ئەمەیە ئەی مرۆڤ (خۆت بناسە) هەتا بتوانێت ئەم دەربڕینەی کە لە زەیدانەکانەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان بیستبووی بە گوێی دا هەل دراو ئەی سۆکرات تۆ لە نێوان هەموو ئەسینییەکان داناتر و بەدادتری)). ئێمە لێرەدا لە ڕووی هەڵەی زمان و تایپەوە، لێیان دەبوورین، بەلاّم (زەیدانەکان) کێن ؟ ڕوون نەکراوەتەوە.

پاشان هاتووە: ((...هەر چەند سۆفسەتاییەکان بەرەنگاری ڕێی لێگرتن و لە پێناوی ڕاستی و ڕاستیکاریدا، سەر شۆڕی نەنواندووە و سوور

بووە لەسەر بیروباوەڕەکەی))[٧٦]. باشە ڕستەکە وەکو خوێنەر لێی دەگات، باس لە سۆفستاییەکان دەکات، کە (کۆ) یە، بەلأم لە پاشاندا دەبن بە تاك !

پاشان لە (هەنگاوی دووەم) – هەنگاوی بوژانەوەی فەلسەفی یۆنانی (بوون و ڕەوشت) دا وە لە بابەتی (ئیفلاتون و ئەرستۆ) دا، چەندین هەڵەی تێدایە. وەکو هەر لە سەرەتاوە هاتووە: ((بە لە سێدارەدانی سۆکرات...))[٧٧]. باشە، ئێمە دەپرسین: چما ئەو کاتە، سێدارە و دووداڕە و یەکدارە هەبووە ؟! ئەی ئەگەر هەشبووبێت، کێشەیەکمان نییە، کە سوکرات لە سێدارە دراوە. باشە ئێمە پێشتر ڕامانگەیاندبوو کە ((...بڕیاری کوشتنی درا.بە بڕیاری دادگە لە بەندیخانەدا ژەهری خواردەوە)) ؟[٧٨]. وێڕای هەموو ئەمانەش، ئێمە هەتاوەکو هەنووکەش، نەماندیووە و نەمانبیستووە کە سوکرات لە سێدارە درابێت ! پاشان لە باسی (ئیفلاتون) دا، چەند هەڵەیەکی ترمان بە دیار خستووە، وەکو لە پاڵ ناوەکەیدا، ساڵی (٧٤٣) پ.ز، تۆمار کراوە[٧٩].

پێش هەموو شتێك، خوێنەر تێناگات ئەم ساڵە، ساڵی لە دایك بوونییەتی یاخود ئەو ساڵەیە کە تێیدا کۆچی دوایی کردووە ؟ وە لە هەمووشی کارەساتتر ئەوەیە، کە لەم باسەدا هەست بەوە نەکراوە کەوا مامەڵەکردن و بەکارهێنانی ساڵی پێش زایین هەتاوەکو بەرەو پێشەوە بڕۆین، ساڵەکانی کەم دەبێتەوە، چونکی ئێمە سالاّنی پێش زایین تێدەپەڕێنین و بەجێیدەهێڵین، وە دواجار ڕوو لە نزیکبوونەوەی ساڵی زایینی دەکەین، هەر لەبەر ئەمەشە کەم دەکات. بە هەر حاڵ، (ئیفلاتون)–(افلاطون)، لە ساڵی (٤٢٧) ی پێش زایین لە دایك بووە، وە لە ساڵی (٣٤٧) ی پێش زایین، کۆچی دوایی کردووە[٨٠].

هەر لە باسی ئیفلاتوندا، چەند هەڵەیەکی ترمان بەرچاو دەکەوێت. کە بە داخەوە جارێکی تر هاتووە: ((...بە لە سێدارەدانی سۆکرات زۆر دڵگیر و پەست بووە)) ! ئەم باسەم، جارێک لەگەڵ یەکێك لە مامۆستاکانی برادەرمدا باسکرد، کە تاڕادەیەکی زۆرباش شارەزایی هەیە لە بارەی بابەتی فەلسەفەوە، وە چەندین سەرچاوەی ڕەسەنی بە زمانی ئینگلیزی و فارسی خوێندۆتەوە. ئیدی ئەو گووتی: (هەر باشە، نەیان نووسیووە دراوەتە بەر تەماتە) !

دەبێت لە یادیشمان نەچێت، لە هەندێ شوێن و ناوچەدا، ووشەی (دڵگیر)، وەکو شادی و خۆشی و کامەرانی مرۆڤ بەکار دەهێنرێت، هەتاوەکو چەند جارێك، خوێندکارانیش هەستیان بەم دژبەیەکە کردووە. پاشان هاتووە: ((...وەك: کاروان و پیرۆت و شاسوار کەی لەم بابەتە))[٨١]. جگە لە نادروستی ڕستەکە، باشە (پیرۆت)، واتای چی دەبەخشێ ؟ هەروەها ڕستەیەکی ئێجگار ئاڵۆزیشە. پاشان لە لاپەڕەی دواییدا هاتووە: ((...ناوەرۆکەکانی زەوی لە وێنەی و بەهاکان خاڵی بوون.هەروەکو کاروباری دەروونی لە جەستەدا.ڕوحی (وێنەیەکی نموونەیی) ئاسمانییە خراوەتە جەستەی سروشتی زەوییەوەیەوە، بۆیە دەروون تێدەکۆشێ بۆ جیابوونەوە لە لەش و گەڕانەوە بۆ ئاسمان لە ڕێی مردنەوە، یان گیان گۆزەکییەوە (تناسخ الارواح).

پاشان هاتووە: ((...لەبەر ئەوە ئەم فەیلەسوفە هەرچی زانستی بوونە گشتییەکان، گەوهەرەکان و ماهییەتەکان و نموونە بیرییەکان هەیە زانیارییەکی ڕاستن و دەشێت لەم بوارەدا شوێنی پێی مامۆستاکان بکەون، چونکە مامۆستاکانی فەلسەفە پشت بە هەستکردن و گومان و

دیاردە گۆڕاوگۆڕەکان نابەستن)). پاشان هاتووە: ((...کە لە زیاتر لە یەک نەژادی هاوبەشدا دەگیرسێنەوە...))[٨٢].

هەروەها لە لاپەڕەی دواتردا، هاتووە: ((...ژیرییەکان لە خەڵک ئەوانەن کە ڕۆحیان، واتە میٚشکی بگۆیان...)). (ژیرییەکان لە خەڵک) و (میٚشکی بگۆیان)، یانی چی ؟! پاشان هاتووە: ((ئەمە ئەو بەختیارییەیە، کە کەس هەستی پێ ناکات جگە لەوانەش (فەلسەفەی میتافیزیکی) دەزانن. (کە خۆڵ بە دەوری جیهانی ئەودیو سروشتدا، دەدەن.زانینی ڕاست و ڕەوا ئەو زانیارییەیە، کە بابەتەکانی خوا دنیای نموونەیی و ئاسمان و چاکەکانن))[٨٣]. باشە (خۆڵ بە دەوری جیهانی ئەودیو سروشتدا دەدەن)، یانی چی ؟ ئێمە تەنها خۆڵکردنە چاوی خەڵکمان بیستووە، باشە ئەی (خوا دنیای نموونەیی) یە, واتای چییە ؟

هەروەها لە باسی (ئەرستۆ) شدا، بە هەمان شێوە، چەندین هەڵە و کەموکورتی هەیە. سەرەتا لە پاڵ نێوی ئەرستۆ نووسراوە (ت٢٢٣) پ.ز[٨٤]. پێش هەموو شتێک، ئێمە دەپرسین: ئەم ساڵەی کە نووسراوە، واتای چی دەگەیەنێت ؟ دەبێ بزانین، ئەم ساڵە ئەگەر لە دایک بوونی بێت، یاخود مردنی هەر هەڵەیە. چونکی ئەرستۆ لە ساڵی (٣٨٤) ی پێش زایین لە دایک بووە، وە لە ساڵی (٣٢٢) ی پێش زایین کۆچی دوایی کردووە[٨٥].

پاشان هاتووە: ((...و دەڵێن ئەم، تێۆڕینەوەی فەلسەفەی گەیاندۆتە لوتکە.ئەم و فێرکارەکانی پێیان دەگوتن (ڕۆبشتیارەکان= المشائین))). دوو جار (ئەم) هاتووە، (ئەم) کێیە ؟! جگە لە ناتەواوی ڕستەکە، ئەی (ڕۆبشتیارەکان)، کە بەرامبەری ووشەی (المشائین) نووسراوە، یانی چی ؟ پاشان هاتووە: ((...ئەرستۆ – مامۆستای ئەسکەندەری مەکدۆنیش

بووە لە کۆشکی شاهانەیدا...))[٨٦]. باشە کۆشکی شاهانەی کێ ؟ ڕوون نییە.

هەروەها لە باسی (بەرنامەکەی) دا، چەندین هەڵەی تێدایە. وەکو هاتووە: ((...و ئێنجا ڕووی دەکردە کەم و کوڕییە و ئاڵۆزییەکان...)). پاشان هاتووە: (((زانستێکی بەڵگەدار واتە: بەڵگەنەویست) دابمەزرێنی)). باشە ئەمە چۆن دەبێت ؟! دواتر من دایدەمەزرێنم !

پاشان هاتووە: ((...بیروباوەڕ سەرەتاییەکان...)), ((ببەستێ یۆ یاساکانی)). دواتر هاتووە: ((...و لەسەر بناغەیەکی پتەوی پشت بە زانیاری و هۆ و ئەنجامەکەی دامەزرابوو...))[٨٧]. ئەمەیە یاسای ڕێنووس و ڕێزمان و زمانی شیرینی کوردی !

هەر لە هەمان بابەت و لە لاپەڕەی دواییدا هاتووە: ((...لەسەر (ئاستی بوونی سروشتی) گۆڕاوکار لە یەکتری لە نێو جوڵەیەکی بەردەوام لە (پەیدابوون و لە ناوچوون) و گۆڕان دەکەن)). باشە ئەمە چی دەبەخشێ ؟! پاشان هاتووە: ((فەلسەفەی (میتافیزیکی) (جێ یەکی پاش سروشت))). (جێ یەکی) یانی چی ؟ دواتر (چیەتی پاش سروشت) هاتووە و دواتریش (میتافیزیفیا). هەر باشە نەبووە بە (فاسۆلیا) ! وە هەروەها هاتووە: ((لەوەی کە هۆشی ئەستێرەکارلێکەرەکان...کاریگەری جیهانی سەر زەمینن.کەچی فەلسەفەکەی ئەرستۆ سەبارەت ڕەوشتەوە بابەتەکانی، مرۆڤ و خێر و خۆشی و کرداری چاك بە پێی تێڕوانینێکی پەروەردەیی دەگرێتەوە))[٨٨].

هەر لە هەمان بابەتدا هاتووە: ((... (هێزە هۆشمەندەکان) (القویالعاقلە))). پاشان هاتووە: ((بۆ نمونە ئازایەتی ناوەندێکی مام ناوەندی نێوان (ترسنۆکایەتی)...)). پاشان هاتووە: ((– لێرەدا ئەرستۆ سەبارەت بە

فەلسەفەکەی ڕەوشت و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکە...)). دواتر هاتووە: ((لەدواییدا دەماگیری بۆ ئەسینا هەبوو بە (ئەسینی) ناونرا پاش سۆکرات پەکیش بە فەلسەفەکەی ئەڕستۆ بخات)). باشە ئەمە کێیە و پاش کێ، پەك بە فەلسەفە بخات ؟! دواتر هاتووە: ((...کاتێ کە دووچاری پیلانەکانی هاوچەشنی پیلانەکانی پێشوو بووە وبەوەی کە (ئەرستۆ بێگانەیە و خەڵکی ئەسینا نییە) ئەرستۆش هەر بە شەو ئەسینای جێ هێشتوە و دەی گوت (نامەوێ جارێکی دیکە خەڵکی ئەسینا زەفەر بە فەلسەفە) بیەن)). ئەوەی لێی تێدەگات، پێمان خۆشە دواتر بۆمانی باس بکات.

دواتر هاتووە: ((لە ساڵی ٣٣٢ پێش . ز ئەرستۆ کۆچی دوایکرد...))[٨٩]. ئەمەش دیسانەوە هەڵەیە، چونکی ئەڕستۆ وەکو گووتمان ساڵی (٣٢٢) ی پێش زایین، ساڵی مردن و کۆچکردنییەتی[٩٠].

پاشان هاتووە: ((...ئەمەی دواییش لە ژووریی بابل و لە ناوچەی ئەسکەندەریە لە ساڵی (٣١٨) پێش پ.ز نێژرا)). باشە ئەمە کێ نێژرا ؟![٩١]. وە هەروەها لە بابەتی قۆناغی سێیەم (فەلسەفەی یۆنانی پاش ئەرستۆ (گومانکاران) ئەپیکۆرسییەکان، هەیوانییەکان قوتابخانەکەی ئەلئەسکەندەریە) دا، چەند هەڵەیەکی تری تێدا بەدی دەکرێت.

لە باسی (گومانکاران): (الشكاك) دا هاتووە: ((...بەڵام چەشنی لە بیڕ بڕیاریان هێمنی و شادی و بەختەوەریان دەستکەوتە...))[٩٢]. سەرەتا دەبێت بزانین، (الشكاك) واتەی (گوومانگەرایی) دەگەیەنێ، وە لە زمانی ئینگلیزیشدا وەها هاتووە: (Sceptics)[٩٣]. ئەگەر مەبەستیش لێی (مذهب الشك) بێت، ئەوە دەبێتە (ڕێبازی گوومان) و لە ئینگلیزیشدا ئاوەهایە (Scepticism)[٩٤].

لە بابەتی دوایشدا نووسراوە: ((ئەبیکۆرسییەکان) (الابیقوریة)، وە نووسراوە: ((ئەم ڕێبازە (ڕێبازە گەردیلەییەکان) یۆنانییە...))[٩٥]. لە ڕاستیدا خۆی لە بنەڕەتدا، بەم شێوەیەیە: (الابیقوریة) واتە (ئەبیکوریەت)-(Epicureanism)، یاخود (ألابیقوریون)، دەبێتە (ئەبیکوریەکان)-(Epicureans)[٩٦]. یان دەکرێ بەم شێوەیەش بنووسرێت. وە پاشان ئێمە تێناگەین لە ئەوەی نووسراوە: ئەم ڕێبازە (ڕێبازە گەردیلەییەکان) یۆنانییە ! پاشان هاتووە: ((...ئەم تێڕوانینە ساکارانەی ئەوە دەسەلمێنی...))[٩٧]. دیسانەوە تێڕوانینی ئەو ساکارانەیە و کەچی من دەیسەلمێنم !

پاشان هاتووە: ((لە بارەی ڕەوشتەوەش دووپاتی ئەوەی دەکردە ئەو مرۆڤەیە کە بڕوای بە دواڕۆژ نی یە)). وە لە باسی (هەیوانی یەتی) یشدا چەندین ڕستە و ووشە دەخەینەڕوو کە بە لامانەوە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. وەکو: ((...کەلەیسەر زانستی سروشتی و...)). ئەمە یەکێك لە خوێندکارەکانم ووتی: مامۆستا ئەوە (کەلەی سەر) نییە ؟! پاشان هاتووە: ((...خاکە پێتدارەکەیەتی)) و، ((لۆژیك و پەرژێنێتی)) و، ((...خواو جیهانی کەرەستەییان بەیەك داناوە)) و، ((...جیهان یەك تۆکمە و پڕە...)) و، ((...بە پێی، نەخشەیەك یان (هات) یکی...)) و، ((مەبەسەکی)) و، ((...و ئامانج وەرپێچراوە کردەوەکانی کەسان ملکەچی پێویستییە لێی ڕزگار نابن))[٩٨]. باشە هەیوانی یەتی یانی چی ؟ وە لە پەراوێزەکەیەوە لە خوارەوە نووسراوە: ((فەلسەفەکە ناوی هەیوانەتی لێنراوە، چونکە خاوەنانی لە هەیوان یەکیان دەگرتەوە))[٩٩]. سەیر لەوەدایە، لە پەراوێزدا بووە بە (هەیوانەتی) ! پاشان خاوەنانی، کە لە هەیوان یەکیان دەگرتەوە، مەبەست لە هەیوان شوێنە لە مالْ ؟

وەکـو بەرتارمـە و دێوەخـان, یـان شـوێن و جێگایـەکی تـرە ؟ وە پێمـان خۆشە خوێنەر خۆی تەماشای ڕستە و ووشەکانی سەرەوە بکات.

هـەروەها لـە (خوێندنگـەی ئەسـکەندەرییە) شـدا، دیسـانەوە چـەند هەڵەیەکی تێدا بەدی دەکرێت، وەکو هاتووە: ((...شێوەکاری ئایینی))، کە نازانین واتەی چییە ؟ پاشان هاتووە: (((ئەفلاتون) (٣٠٢ – ٣٧٠ ز...))[١٠٠]. وا بـزانم ئاشـکرایە، لـە فەلسـەفەی هـەموو دونیـادا هـەر (ئیفلاتـوون) یەک هەیـە. وە نـە لـەم ساڵەدا ژیـاوە و نـە کۆچـی دواییشـی کـردووە. پاشـان لـە لاپـەڕەی دواییـدا هـاتووە: ((...یـەکێک لـە خوێنـدکارەکانی نووسـینەکانی لەبەرگێکـدا کۆکردۆتـەوە بـە نـاوی (نوێیەکان)...)). پاشان هاتووە: ((...ئەفلاتون وای بینیوە...))[١٠١].

جێگـەی ئاماژەبۆکردنـە, ئـەم هەڵـە و کەموکورتییانـە، خوێنـەر زۆر ئەسـتەمە بتوانێـت بـە ئاسـانی ڕاسـتییان بکاتـەوە، چـونکی وەهـا شێوێندراوە، مەگـەر کەسێک شارەزایی و ئاگاییـەکی باشی هـەبێت لـەو بارەیەوە، بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی بابەتەکان بدۆزێتەوە. بە بۆچوون و باوەڕی ئێمە، وێڕای ئـەم هـەموو هەڵـە و کاولکارییـە زانستییەدا، ئێمـە وای بـۆ دەچـین کـەوا ئـەم نێـوە کـە بـە ئـەفلاتوون تۆمـار کـراوە، هەڵەیـە، بـەڵکو ڕاسـتییەکەی (افلـوطین) ە، وە هـەروەها سـاڵەکەش هـەر هەڵەیـە، چونکی ماوەی سالأنی (٢٠٢) یان (٢٠٤) ی زایینی لە دایک بووە، وە لـە سـاڵی (٢٧٠) زایینـیش کۆچـی دوایـی کـردووە[١٠٢]. وە دەبێـت لـە یادیشمان نەچێت، ناونیشانەکەشی کە بە (نوێیەکان) هاتووە، هەڵەیـە و پێدەچـێت وەرگێڕابێـت بـۆ (نۆییـەکان)، کـە ئەمـەش ناونیشـانی (التاسوعات) بێت، کە هینی (افلوطین) ە[١٠٣].

هـەروەها لـە کۆتاییشـدا هـاتووە: ((...ڕێگـەی ڕزگـاربوون لـە جیهـانی مـادەی کـە لـە جیهـانی هەسـتپێکراوەکانەوە دەسـت پێـدەکات و بـەرز دەبێتـەوە بـەرەو خـوا دوای خۆڕاهێنـان وەڕەنجـی گیـانی))[١٠٤]. من هـیچ شتێك تێنەگەیشتم ئەگەر ئێوە شتێك لەو بابەتە گەشتبن.

تەوەرەی پێنجەم: میژووی بیری (هزری) فەلسەفەی ئیسلامی (ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا)

لە بابەتی (خوێندنگەی ئەسکەندەرییە و دەوری بیری فەلسەفیانەی) دا، چەندین هەڵە و کەموکورتی تێدا بەدی دەکرێت. وەکو هاتووە: ((...بە هۆی پەرانـدنی نێـوان کەلـەپووری فەلسـەفە و ئـایین...)). یـان وەکـو هـاتووە: ((...خـاوەنی ئـەم هـەموو زانسـت و زانیاریانـەی خـەڵکی دانیشتوانی ناوچەی ڕۆژهەلآت بوونە...)).

پاشان هاتووە: ((...ئیفلاتونی میسری (٢٧٠ز) دایهێناوە لە نێو کتێبی نۆیەکان (التاسوعات)...)). دواتر هاتووە: ((هۆکار و پەیوەندی ڕەهای نێـوان (هۆکـار و ئـەنجام) لـەو ماوەیـەدا لـە ژێـر بیروبـاوەڕی (لـەدایك بوونەکان) هاتۆتە دامەزراندن...))[١٠٥]. لە ڕاستیدا ئەوەی لەمەوپێش لە باسکردن و ڕاستکردنەوەیدا گوومانمان هەبوو و، هەندێ جاریش تـرس بـە بڕیارەکانمانـەوە دیـار بـوو، کەچـی لێـرەدا بـێ یـەك و دوو ڕاسـتی و دروستی نووسین و بڕیارەکانمان نیشان دەدرێت ! ئەوەتا ساڵی (٢٧٠) ی زایینـی هـاتووە، وە هـەروەها کتێبەکـەی (التاسـوعات)، کـە ئێمـە لەمەوبەر باسمان لێوە کردووە.

پاشـان لـە لاپەڕەیـەی دواییـدا هـاتووە: ((...لـە خـوای گـەورە گوایـە ڕژاونەتـەوە..)). باشـە ئەمـەیان یـانی چـی (لـە خـوای گـەورە گوایـە

ڕژاونەتەوە) ؟! ئەمە چ جۆرە گوزارشتێکە ؟ دواتر هاتووە: ((...بە ڕێگەیەکی نزیك لە بیرۆکەی هۆی دوابەدوا هەروەکو چۆن لە چوارچێوەی (لەدایك بوونەکان) ناسراوە...)).

هەروەها لە بابەتی (فەلسەفە دوایی هاتنی حەزرەتی (مەسیح) سلاوی خوای لێبێت) دا. چەند کەموکورتییەکی تری تێدایە، وەکو هاتووە: ((...تاوەکو وەلامدانەوەی هاوتای بە تێڕوانینی تەواو کاربداتە دەستەوە...)). وە هاتووە: ((...ئەم دانایانە لە گەردوون و ژیان داڕمان و بە چاوێکی پڕ لە لێکۆڵینەوە لە چارەسەری سەرتاپاگیر دەگەڕان و گوایە مرۆڤ بەمە نەبێت هەرگیز ڕانەپەڕێ و سەنگی ژیان و کەسانی لە پەیوەندییەکانی مرۆڤدا لە دوای لە باربوون ناگەڕێتەوە سەربار بە گەڕادنەوەی پێوەرەکاری لە ناوچوون پێوانەکانی ڕەوشتەکی کە بە هۆی لە خۆبایی بوون و تونڊی ستەم و زۆرداری دێتە کایەوە))[١٠٦]. با خوێنەر خۆی بیخوێنێتەوە و پاش وچانێك وەلامان بداتەوە !

هەروەها لە بابەتی سێیەم: (فەیلەسوفانی موسڵمان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) دا، دیسانەوە چەندین هەڵە و کەموکورتی تێدا بەدی دەکرێت. وەکو هاتووە: ((...و سەرچاوەی زانست و زانیارییەکانی چەرخەکانی دوابەدواشدا٠ بۆمان هەیە بەرهەمەکانی چالاکیەکانی...)). پاشان هاتووە: ((... (قوتابخانەی بەغدادی فەلسەفەی)...)). وە لە بابەتی فارابی (ئەبو نەسری کوڕی موحەمەد ٥٣٩ك – ٥٩٠ز): یشدا هەڵەی تێدا دەبینرێت.

پێش هەموو شتێك، دەبێ خوێنەریش ئاگاداری ئەوە بێت، کەوا ئەگەر بێت و بمانەوێت نێوی هەر کەسێك بنووسین و مەبەستمان لێی ئاگادارکردنەوەی خوێنەر بێت لە بارەی تەمەن و سەردەمەکەیەوە, ئەوە

دەبێت ساڵەکەی لە تەنیشتەوە بنووسرێت، ئیدی بە ساڵی زایینی بێت، یاخود کۆچی هیچ فەرق ناکات. وە لە پاڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتوو یەک ساڵمان نووسی، ئەوە دەبێت و مەرجیشە بنووسرێت و ئاماژە بەوە بدرێت کە ئایە ساڵی لە دایک بوونییەتی، یان ساڵی کۆچکردنییەتی ؟

ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێت، لە مێژوودا زیاتر ساڵی مردن دەنووسرێت. وە ئەگەر هەردوو ساڵی کۆچی و زایینییمان پێکەوە نووسی، ئەوە دەبێت هەردوو ساڵەکە گوزارشت لە یەک کات و سەردەم بکەن. بە واتایەکی تر، واتە دەبێت هەردوو ساڵەکە هاوتای یەکدی بن، بەڵام بە ساڵی زایینی، ساڵی ئەوەندە لە دایکبووە، وە بە گوێرەی ساڵی کۆچیش، ساڵی ئەوەندە، کۆچی دوایی کردووە.

مەخابن، ئەوەی لێرەدا دەبینرێت، نەک هەر هیچی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو بە هەڵەش نووسراوە، چونکی جارێ نەنووسراوە ئەم دوو ساڵە، تێیدا لە دایکبووە، یاخود کۆچی دوایی کردووە ؟ باشە ئەم دوو ساڵەی کە بە کۆچی و زایینی نووسراوە، ئایە هاوتای یەکن ؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بێگوومان نەخێر.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هەر خودی هەردوو ساڵەکەش هەڵەن. چونکی (ابو نصر محمد بن محمد بن طرحان بن اوزلغ)، کە لە شاری (فاراب) لە دایکبووە، کە دواتر بە (فارابی) دەناسرێت. لە ساڵی (٨٧٠) ی زایینی لە دایکبووە، وە لە ساڵی (٩٥٠) ی زایینیش کۆچی دوایی کردووە[١٠٧]. کە دەکاتە نزیکەی وە بەرامبەر بە ساڵی (٢٥٩) ی کۆچی لە دایکبووە، وە لە ساڵی (٣٣٩) ی کۆچیش, فارابی کۆچی دوایی کردووە[١٠٨].

پاشان نووسراوە: ((...ئەرستۆ لەم بارەوبەوە...))[١٠٩]. پاشان لە لاپەڕەی دوایدا هاتووە: ((... (تاکەی و هزر))...))[١١٠]. وە هەروەها لە باسی (غەزالی (ئەبو حامد کوڕی موحەمەد) دا، چەندین هەڵەی تری تێدایە وەکو: ((لە خاڵی (أ) دا هاتووە: ئەم فەیلەسوفە تۆڕێنەوەکانی ئایینی و قسەزانییەوە چۆتەسەر (زانستی لۆژیك) و (فەلسەفە))).

پاشان هاتووە: ((...کتێبی (ڕزگارکەری سەرلێشێوان) (المنقذ من الضلال)[١١١]. ڕەنگە هیچ پێویست نەکات کە نێوی کتێبەکان وەربگێڕین بو سەر زمانی کوردی. ئێمە دونیایەك کێشەی گەورەترمان لەبەردەم دایە ! دواتر لە لاپەڕەی تردا هاتووە: ((...هەروەکو چۆن فەیلەسوفان بۆی دەچوون نەبووە لە گەڵیاندا سەبارەت بە (گەڕاندنەوەی گیان) (المعاد الروحانی))). پاشان هاتووە: ((...پەرۆشی فەیلەسوفان (تهافت الفلاسفة)...)). لێرەشدا دیسانەوە دووبارە بووەتەوە. دواتر نووسراوە: ((...و دور وتووێژ و ڕاوبۆچونی فەیلەسوفەکان ئەوانەی سەبارەت پێیەوە و ----------))[١١٢]. باشە سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کەموکورتییانەی کە تێیدا بەدی دەکرێت، ئەی ئەم بۆشاییە چی دێ بە دوایدا ؟! وە هەروەها لە باسی بابەتی ((دووەم: فەیلەسوفانی ڕۆژئاوای ئیسلامی)) ش دا، بە هەمان شێوە هەڵەیەکی تێدا بەدی دەکردێت, کە هاتووە: ((دیارترین ڕووکەشی پێشکەوتنی شارستانیەت لە لە ئەندەلوسدا لە (٣٦٦ك /٩٧١ز) سەری هەڵداوە...)).

بە بۆچوون و زانینی ئێمە، ئەم ساڵە ئەگەر بێت و ساڵە کۆچییەکەشی ڕاست بێت، ئەوە ئەو ساڵە زایینییەی کە بەرامبەری هاتووە، هەڵەیە، کە دەکاتە نزیکەی (٩٧٧) ی زایینی. بۆ نموونە: ئەگەر بپرسین، ئەی چۆن دەبێت ؟ لە وەلاّمدا دەکرێت نموونەی ساڵی (٦٥٦) کۆچی بهێنینەوە،

کـه سـاڵی کۆتایهێنانـه بـه سـەردەمی خەلافـەتی عەباسـی لـه لایـەن مەغۆلەکانەوە، کە چۆن دەکاتە ساڵی (١٢٥٨) ی زایینی ؟

پـێش هـەموو شتێك، دەبێت ئەوە بزانین کـەوا هـەموو ساڵێکی کۆچی، دابەشـی (٣٣) سـی و سـێ ی دەکـەین، واتـە ئەگـەر (٦٥٦) ی کۆچـی، دابەشی (٣٣) ی بکەین، ئەوە دەکاتە (١٩٨٧٨٧٨٨)، چونکە زیاترە، بـە (٢٠) هـەژماری دەکەیـەن، پاشـان بـە پێـی ئـەم ژمارەیـە، ئەوەنـدەی لێ دەردەکەین، واتە (٢٠)، لە (٦٥٦) دەردەکەین، کە دەکاتە (٦٣٦)، پاشان (٦٢٢) یشی بۆ زیاد دەکەین، لەبەر چی ؟ چونکی ئەو کاتەی، کـە ساڵی (٦٢٢) ی زایینـی بـووە، تـازە ساڵی (١) ی کۆچـی بـووە، کەواتـە (٦٣٦) لەگەڵ (٦٢٢) کۆیان بکەینەوە، ئەوە دەکاتە (١٢٥٨) ی زایینی.

ئەگەر ساڵی ئێستای کۆچیش وەربگرین، ڕەنگبێ زیـاتر مەبەسـتەکەمان بۆ ڕوون بێتـەوە، ئێسـتا (١٤٣٣) کۆچییە، کـە دەبێت بەرانبـەر بـە سـاڵی (٢٠١٢) ی زایینـی بێـت، وە بـە پێـی ئـەو هاوکێشـەیەش بێـت، وەك و گووتمان, (٤٣٤٢٤٢٤٢) کە هەر (٤٣) دەکات، (٤٣) لە (١٤٣٣) ی کۆچـی دەربکەین، دەکاتە (١٣٩٠)، پاشان (٦٢٢) ی زایینی بۆ زیاد دەکەین، کە بێگوومان دەکاتە (٢٠١٢) ی زایینی.

شیاووی باس لێوەکردنە، ڕێگای تریش هەیە بۆ ئەم مەبەستە ! پاشان لە باسی ئیبن روشد (ئەبو ئەلوەلید کوڕی ئەحمەدە) دا هاتووە: ((... (بە لوتکەی خوێندنگە ئەندەلووس) ناویان دەبرد...)). وە لـە باسـی بابـەتی (کاریگەریەکـەی) دا هـاتووە: ((...لـە میانینـەوە))[١١٣]. وە هـەروەها هاتووە: ((ئیبن ڕڕوشد سەبارەت بە ئایینزانی و فەلسەفە و دۆزینـەوەی بەرنامـەی بەڵگـەکان جیاکردنـەوەی ڕاپۆرتەکـەی پەنـد و شـەریعەت نووسیویەتی وەك ڕەتدانەوەیەك بەرامبەر بە کتێبەکەی (فەیلوسەفەکان)

ی غەزالی)). لە ڕاستیدا ئەم کۆپلەیە زۆر ناڕوونە. دواجار من نازانم، مەبەست لە کتێبی (فەیلەسووفەکان) ی غەزالی چییە ؟

هەروەها لە ((بەرنامەکەی)) دا هاتووە: ((...موسڵمانان پەسەند و پەیڕەوە دەکرا...)). پاشان هاتووە: ((...ئیبن ڕوشد بە ڕووی دژانی فەلسەفە دەوەستێ و دەڵێ (ژییرەکان) لە دانایییدا باشترین گەر هەڵەش بکەن...))[١١٤]. وە لە بابەتی (فەلسەفەکەی) دا هاتووە: ((هەر بۆیەش ئیبن ڕوشد بەرگری لە فەیلەسوفانی دەرکرد و...))[١١٥].

هەروەها لە باسی (ئیبن خەلدون) وەلیەدینی کوری عەبدولڕەحمانی کوری موحەمەدی تونسییە) دا چەند هەڵەیەکی تێدا بەدی دەکرێت، وەکو لە (فەلسەفەکەی) دا هاتووە: ((...و کاتێ کە تۆژینەوەکانی تەنگانەکەی کەوتن (میحنەت ئەلسقوت)...))[١١٦]. جارێکی تریش نێوی پەرتووک وەرگێڕدراوە، بەلأم زۆر ناڕوونە ! وە پاشان لە لاپەڕەی دواتردا هاتووە: ((...و بە هۆیەکانی دووڕە نزیك و...)).

پاشان لە خوارەوەی خاڵی (پ) دا هاتووە: ((...و گۆڕانکاریەکانی لەمەوسالانەی...)). دواتر هاتووە: ((...یاساکەی تەناداریی...))[١١٧]. وە پاشان لە لاپەڕەی دواییدا هاتووە: ((...ئیبن خەلدون سەبارەت بە ستەم و زۆرداری و کلکایەتی بێگانە و...))[١١٨]. باشە ئەبێ (کلکایەتی بێگانە) مەبەست لێی چ بێت ؟! یاخود نەدەبوو ووشەیەکی گوونجاووتری بۆ بدۆزرێتەوە ؟!

تەوەرەی شەشەم: بیری نوێی ئەوروپا لە سەردەمی بوژانەوەی ئەوروپا و هەندێ ئاکارە فەلسەفیە نوێیەکانی

بێگوومان لەم بەشەشدا چەند هەڵەیەکی تێدا بەدی دەکرێت, بۆ نموونە هاتووە: ((...هەروەها بەهاکانی ڕەوشت و جوانی دەخستە ڕووی هەروەها...)). پاشان هاتووە: ((...لەو ساتەدا میژوونا سانی ڕۆژئاوای چەرخی ناوەڕاست ئەو سەردەمەیان ناو نابوو لە سەدەمی پێنجەمەوە تا سەدەی چواردەهەم دریژەی هەبووە و بەسەر دوو ماوەدا دابەش کرابو:)).

پاشان هاتووە: ((...لایەنی باڵی بەسەردا کێشابوو...))[119]. وە لە لاپەڕەی دواییدا هاتووە: ((...بزوتنەوەی چاککردنی ئایینی و،...)). پاشان هاتووە: ((...پرۆتیستاتس)) و، ((دانای قازانج)) و، ((...ڕێبازەڕی (دەست هەڵگرتنی ژیان) ی کڵێسەی کاپولیك)) و، ((ناوییەکان)) و، ((فرەنسیسکانەکانی...))[120].

لە لاپەڕەی دواتریشدا هاتووە: ((بای خۆ)). پاشان هاتووە: ((...داوای لێکۆڵینەوەی شتەکانی سروشت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەك تەنیا لە نووسراوەکان...)). پاشان هاتووە: ((...و بازرگانی و کۆمەڵایەتی گۆڕان...))[121]. لە بری (بزوتنەوەی چاککردنی ئایینی)، وا باشە بنووسرێت: بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی، دواتر (پرۆتیستاتس)

هەڵەیە، ڕاستییەکەشی ئاوەهایە: (Protestantism)، کە دەکاتە (پرۆتستانتیزم)، واتە (البروتستانتية)[١٢٢]. وە هەروەها (کاپولیك) یش، هەڵەیە، ڕاستییەکەیشی ئەمەیە: (Catholicsme)، کە بەرانبەر بە (کاتولیکیة)–(کاتۆلیکییەت) ە[١٢٣].

هەروەها لە باسی (خەسڵەت و دەرئەنجامەکانی ئەم پێشکەوتنانە لەسەر زانستی نوێ و فەلسەفەی نوێ:) شدا چەندین هەڵەی زەقی تێدا بەدی دەکرێت, وەکو لە خاڵی یەکەمدا هاتووە: ((...گریمانەی ئەوتۆ دادەمەزراوە...)) و، ((...سەردەمە ناوەنییەکان)). وە لە خاڵی دووەمدا هاتووە: ((ڕووداوی نمونە)). پاشان لە خاڵی چوارەمدا هاتووە: ((...چونکە ڕانەبردووی زۆر لە پێش تا بزانرێت...)).

هەروەها لە خاڵی پێنجەمدا هاتووە: ((...و بایەخی بە مرۆڤ بدا و دانی تۆناداری هۆش و تاقیکەرییەکانی مرۆڤ بۆ زانین دەربارەی جیهان)).

پاشان لە خاڵی شەشەمدا هاتووە: ((...و لێی ڕزگار نابێت لە ژیانی سەرزەوی هەبووە...))[١٢٤]. پاشان لە لاپەڕەی دواییدا هاتووە: ((...ئەو توخمەی کە پێڕۆ و یاساکان پشت دیاردەکان دەردەخات...)). وە هەروەها هاتووە: ((مژدەی فەلسەفەی ڕۆشنکردنەوەی گەشبین یان وای لێهات...)). وە هەروەها دواتر نووسراوە: ((...ژیری مرۆڤ و تاوانەکەی...)). پاشان هاتووە: ((... (شیانی زانینی شتان)...)) و، ((...و سنووری زانیمان چییە ؟)). وە هەروەها هاتووە: ((...لێکۆڵینەوەی شیانی زانیاری...))[١٢٥].

لە باسی یەکەم: (ڕێباوەری ژیری) دا هاتووە: ((ئەم ڕێباوەرە لەو بڕوایەدایە کە هەندێ بیروباوەڕ لە هۆشدا لە خۆیانەوە بەر لە تاقیکردنەوە هەن لەو سەربەخۆن و زۆر گرنگ و بەجێن باوەڕی (گشت لە

بەش گەورەترە)...)). وە هەروەها لە باسی (دیکارت) یشدا چەند هەڵەیەکی تری تێدا بەدی دەکرێت. وەکو هاتووە: ((فەیلەسوف و زانایەکی فەرەنسی زۆر گرنگی بە زانیارییەکانی سەردەمی خۆی دابوو بە تایبەتی بیرکاری بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخیشی بە زانیاری لەش و فیزیا و زانستەکانی دیکە))[١٢٦]. باشە ئەمە یانی چی ؟!

لە لاپەڕەی دواییدا هاتووە: ((...چونکە جار هەیە هەستەکان خەڵتێنن، دەبێ هەردەم دەمانخەڵتێنن و...)). پاشان هاتووە: ((...ئەم گومانەی بە (گومانی بەرنامەیی) ناونرا...)). دواتر هاتووە: ((...هێزە لە ئاسی بەدەرەکانمان...)). پاشان هاتووە: (((دیکارت) وای تێبینی کردبوو کە چەند بازنەیی گومانەکان بکێشێت...))[١٢٧].

هەروەها لە باسی (فرەنسیس بەیکۆن) دا چەند هەڵەیەکمان بەدی کردووە، وەکو هاتووە: ((...ناوی نووسراوە کە (ئۆرگانۆنی نوێ) یە یان (ئامرازە نوێیەکەی) کە ئەم واتایە دەبەخشێت واتای نەیاریە بە مەبەستەکەی...))[١٢٨]. لە پراستییدا ئەم کتێبە کە نێوە ئینگلیزییەکەیەتی- (Novum organum), وە وەرگێڕانە ووشە بە ووشەکەشی دەبێت بە (الاداة الجديدة)، بەو پێیەی کە (Organum)، واتای (الاداة) دەگەیەنێت, بەڵام ئەم کتێبە زیاتر بە (المنطق الجديد) ناوبانگی پۆیشتووە[١٢٩].

وە لە لاپەڕەی دوایشدا هاتووە: ((...کە داکەوتێکیان گشت یان بە لای کەمییەوە...)). وە لە خوارەوەش لە خاڵی یەکەمدا نووسراوە: ((١- بە هەڵەچوونەکانی (آوهام) هۆڤ)) [١٣٠]. باشە ئێمە تێناگەین ئەوەی ناو کەوانەکە-(آوهام) ە، بۆچی و لەبەر چ هۆیەك بە عەرەبی نووسراوە ؟ ئەی بۆ چ (هۆڤ) ی لە پاڵدا نووسراوە ؟ مەگەر بەس خوا خۆی بزانێت !

هەروەها لە بابەتی دووەم: ((فەلسەفەی ڕۆژئاوای هاوچەرخ) دا چەند هەڵەیەکی تێدا بەدی دەکرێت وەکو هاتووە: ((...لە دەوڵەتانی سەرمایە دارداو تاڵان کردنەکان و سامان کەرەستەی خاوی نێودەوڵەتانی داگیرکراو...)). پاشان نووسراوە: ((...فەرهنسایییەکان هێنایایەکایەوە...)). پاشان هاتووە: ((...زانای ئابووری (ئادەم سمیپ)...))[١٣١]. لە ڕاستیدا ئەم ناوە هەڵەیە، چونکی (ئادەم سمیث) ە. لەخاڵی دووەمدا وە لە لاپەڕەی دواییدا ئاوەها نووسراوە: ((ئاکارەکانی بیر و فەلسەفەکەی سەدەی نۆزدەمە بە کورتی بەم شێوەیە بووە). ئەم ڕستەیە، بابەتێکم بیر دەخاتەوە. ئێمە وەکو هەموو جارێک لە کۆرسەکانی خوێندندا، هەوڵدەدەین چالاکی بە خوێندکاران بکەین، هەر بۆیە لەو بارەیەوە ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی بچووک و دیاریکراو ئامادە دەکەن، جگە لە کەموکورتییەکانی، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان سوود و قازانجی خۆی دەبێت لە دوا ڕۆژدا، ئەگەر زۆر بچووکیش بێت. ئیدی یەکێک لەو ڕاپۆرتانە، زۆر سەرەنجی ڕاکێشام، چونکی ناونیشانەکەی بەم شێوەیە نووسیبوو: (ناپلیۆن هێرشی کردە سەر میسر) ! با بڵێینەوە سەر باس و خواسەکانی خۆمان و سەرەنج و پەیڤەکانمان بنووسینەوە لەو بارەیەوە.

هەروەها لە خوارەوە هاتووە: ((عەمانۆئیل کانت کۆچی دووایی کردووە فەلسەفەکەی بە خاڵێکی گۆڕانکاری لە مێژووی فەلسەفە دەژمێردرێت هەروەک (ئەفلاتون و ئەرستۆ) کارتێکردنیان بەسەر مێژووی فەلسەفەی یۆنانییەکان...)). باشە ئێمە تێناگەین ئەم کابرایە هەژارە، هێشتا لە دایک نەبووە، واتە ئێمە بە خوێنەر و خوێندکارانمان نەناساندووە، کە ئەم بڕادەرە ساحیرە یان جنۆکەیە ؟! دیارە هەر لە دایک نەبووە و

ڕاستەوەخۆ کۆچی دوایی کردووە ! چونکە لە دەستپێکی باسەکەدا نووسراوە: کۆچی دوایی کردووە !

پاشان هاتووە: ((ئەمەشی بەش لێک دەداتەوە:)). پاشان هاتووە: ((...وە ئەمەی دوای مادە یاساکانی بەرپێش لە گیان دەزانآ...))[١٣٢]. وە هەروەها لە لاپەڕەی دواتریشدا هاتووە: ((...هەندآ لە دەوڵەتان پەیڕەویان دەکرد)). ئەم جۆرە نووسینانە لە نووسینی مێخی دەچێت.

پاشان هاتووە: ((سۆشیالیستەکان هەوڵیاندا کە بۆچوونەکانیان لەمیان دامەزراند کۆمەڵ و گوند و دێهاتەکان و بونیاد و چۆنیەتی ڕکخستنیان جێبەجآ بکەن...)). پێش هەموو شتێک، دەبێ ووشەی (سۆشیالْ) مان بۆ ڕوون بکرێتەوە، چونکی بۆ خوێندکار و تەنانەت بۆ مامۆستاش زەحمەتە.

ئێمە لێرەدا دەتوانین بە بێ دوو دڵی بڵێین: ئەم جۆرە نووسین و وەرگێڕانە، شێوازێکی تری لە نووسین و وەرگێڕان ! وە هەروەها دووجار نووسراوە: ((ئۆکست کۆمت)). پاشان هاتووە: ((...وادەبینآ...)). دواتر هاتووە: ((...و تێورەکەی بە هەرسێ شێوەی بیر و باوەڕە سیاسی بەم جۆرە لێکدەدەنەوە))[١٣٣].

پاشان لە لاپەڕەی دواییدا نووسراوە: ((...لە خاڵی (پ)... گەلێ زیندەوەرانی دیکە وەستانی بەڕووی سروشت چاکترینیان بەرگە دەگرێ دەمێنێتەوە)). وە هەروەها نووسراوە: ((...فەیلەسوفانی ڕەوشتە...)). وە هەروەها هاتووە: ((جا پێویستە لەسەرمان پێش ئەوەی کۆتایی بە خستنەڕووی ئەم بیر و هزرانە کاریگەریانەی سەدەی نۆزدەهەمە بێنین...)). وە هەروەها نووسراوە: ((...وەک سیجموند فرۆید کارل یونغ و...)). ئەم ناوەش بە زمانی عەرەبی وەها دەنووسرێت ! وە پاشان

نووسـراوه: ((...لـه هەولّـدانی تێگەیشـنی دەروونـی ئـادەمیزادی و...))[١٣٤].

هەروەها لە بابەتی (فەلسەفەی هاوچەرخی سەدەی بیستەم) یشدا بە هەمان شێوە چەند هەڵەیەکمان تێدا بەدی کردووە, وەکو هاتووە: ((لەو ڕۆژهـەڵاتیش پـاش کۆتـایی جـەنگی جیهـانی یەکـەم و...))[١٣٥]. وە لـە لاپـەڕەی دواییدا هاتووە: ((...و هەندێ جار ئـەم شیکردنەوانەش یـان زاراوەی بوونە یاخودیش بە شێوەیەکی لۆژیکی وە یان فەلسەفی،...)).

پاشـان هـاتووە: ((...لایەنـە چـەوتەکانی و شـاراوەکانی وتـەکانی فەلسـەفەی هەڵدەداتـەوە)). وە دواتـر نووسـراوە: ((...و زانیاریـیەك بـە نـاوی (سـیمیوتیقا) هاتـە دامەزراندن))[١٣٦]. ئەگـەر ئێمـەش بـە هەڵـەدا نەچین ئەوە ئەم ناوە هەڵەیە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئا بـەم چەشنەیە: The sementies)– (سـیمانطیقا)–(سـیمانتیکا) یـە. هـەر وەکـو ئاوەهـا باسیشی لێوە کراوە: ((یەکێکە لە لقەکانی زانستی زمان و لە ئاماژەی گوتەکان و پەرەسەندنی ئەو ئاماژانە دەکوڵێتەوە))[١٣٧].

پاشان هاتووە: ((: دەبێ پێوەرێك بۆ ئەو ڕاستییەی دابنـێین کـە پێیـەوە وەرگێڕانی زانیارییەکانی فەلسەفە و وەرگێڕدراون...))[١٣٨]. وە هـەروەها لە بابەتی کۆتایشدا، وە لە (ج)– (واتەکانی ئـەم کـارە قوولّ و گـرنگن) دا چەند هەڵەیەکی ترمان تێدا تۆمار کردووە، وەکو هاتووە: ((...ئەم ڕێبازە گۆڕانکاری بەسەرهات تا ئەو ڕادەیەی کە لە بەرژەوەندی خۆیـەتی زیـاتر ڕەچاوی نەدەکرد...)).

دواتر هاتووە: ((لەوێدا دیاردەکی تر بـە نـاوی تـر...)). پاشان هاتووە: ((ئەم دیاردەیە بوونی جیهانی دەرەکی دەسـەلمێنن و دەڵێـت بیر و هۆش و خۆیـەتی پلـەی یەکـەمیان نـەبووە لـە زانیـاری بۆیـە هـەر شـتێك

بیانویستایە لێی تێبگەین ئەوا بە پێی ژینگە و دوور لە شیکردنەوەکانی نموونەیی و پۆحی لێکیان دەدایەوە فەیلەسووفانی ڕێباوەڕەکە (مذهب) کە ناویان بە فەلسەفەی (واقیعەت) نراوە))[١٣٩].

پێمخۆشە خوێنەر تەنها دیقەتی ڕاناو و ئامرازەکان بدات, وە دەپرسین: چ دێت لە کۆتاییدا ؟ وە هەر لە هەمان بابەتدا وە لە لاپەڕەی دواتردا هاتووە: ((لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ گرنگترین گۆڕانکاریەکانی مێژووی فەلسەفە دەکەین پاش لە شەستەکان...))[١٤٠]. ئەمەیان ئەگەر کابرایەکی عەرەب، یاخود هەر بیانییەکی تریش کە تازە فێری زمانی شیرینی کوردی بێت، وەهای نانووسێت !

وە هەروەها لە کۆتایشدا، هەر بێبەش نەبووین لە کەموکورتی، وا پێدەچێت ئەم کتێبە ویستوویەتی هەتاوەکو دوا ساتەکانی تەمەنی لەگەلیدا بین. ئەوەتا لە (پرسیارەکانی بەشی شەشەم) دا هاتووە: (پ٤/ مەبەست لە: أ- ئێباوەری ژییری ب- ڕێباوەری تاقی کاری...))[١٤١].

لە کۆتایشدا ئەو پرسیارەمان بە بیردا هات کە بپرسین: باشە ئەگەر ئەمە سەرەنج و تێبینی ئێمە بێت لە بارەی ئەم پەرتووکەوە، ئەی ئەبێ کەسایەتییەکی وەکو بەڕێز: (حەمەی مەلا کەریم)، چۆن تەماشای بکات و چ بیژێت ؟! ئەوان زۆر جار بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرقاڵی ڕاناوێك یان زاراوەیەك دەبن بۆ ڕێکخستنی زوبانی شیرینی کوردی. وێڕای هەموو ئەمانەش، ئەی ئەگەر ئەم بابەتەمان بۆ خوودی نووسەرانی کتێبەکە بگێڕینەوە، چمان پێ دەڵێن ؟ دوور نییە هەر نووسینەکانی خۆیان نەناسنەوە و سوێند بخۆن و نکۆڵیشی لێبکەن لەو بارەیەوە.

شیاووی باس لێوەکردنە، لە پێشەکی کتێبی (هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری)) دا، (د.موحەممەد شێخ) ووتەی دوو کەڵەنووسەری

هێناوەتەوە، کە بووە بە جێگەی سەرەنج و تێبینی ئێمە، بە تایبەتی بۆ ئەم بابەتەمان, کە هاتووە: (من تێبینیی ئەوەم کردووە، ئەو پۆژەی کەسێ کتێبێك دەنووسێت، بۆ پۆژی دواتر دەڵێت: ئەگەر ئەمەی بگۆڕم باشترە و، ئەگەر ئەوەی بخەمە سەر جوانترە. ئەمە جوانترین پەندە...و بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەموکورتی بەسەر گشت ئادەمزادەکاندا بالاێ دەستە), (عیمادی ئەسفەهانی).

وە هەروەها هاتووە: (یەکەم شت لاوازیی ئادەمزاد دەردەخات، ئەوەیە کاتێ کتێبێك دەنووسێت و شەوێك لای دەمێنێتەوە، بۆ پۆژی دواتر حەز دەکات کەم و زیادی تیادا بکات. ئەمە لە شەوێکدا، ئینجا وەرە دەبێ لە چەند ساڵێکدا، چی بکات) ؟ (سەعالیبی)[١٤٢].

بریا ئەم کتێبەی کە ئێمە قسەمان لە بارەوە کرد، خۆی لە نێو ووتەی ئەم دوو نووسەرەی سەرەوەدا ببینێتەوە. بەڵام بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەتاوەکو ئەو شوێن و ساتەی کە ئێمە ئاگادار بین، ئەم کتێبە وەکو لەمەوپێش ئاماژەمان بۆی کرد، چاپی پێنجەمیەتی, کەچی هەروەکو خۆیەتی و بە هەڵەکانیدا نەچوونەتەوە !

من داوا لە هیچ نووسەرێك ناکەم، کە نووسینێك بنووسێت, یاخود وەرگێڕانێك بکات کە بەدەر بێت لە هەڵە و کەموکورتی, چونکی هیچ نووسین و کرداریێکی مرۆیی نییە کە لە دەرەوەی چوارچێوەی کەموکورتی بێت. هەروەکو لای هەمووان ئاشکرایە، تواناکانی مرۆڤیش سنووردارە, بەڵام نەك نووسین و وەرگێڕانێکیش هاوشێوەی ئەم پەرتووکە.

بەشی سێیەم: گەشتێکی خێرا بە نێو چاپە نوێیەکەی کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەدا

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچینە نێو باسەکەمان, پێویستە چەند ڕوونکردنەوەیەك بخرێتەڕوو. جێگەی ئاماژە بۆکردنە, ماوەیەك لەمەوپێش دیسانەوە هەموو کتێبەکەم خوێندەوە, ڕاستی تووشی سەرسوڕمانی کردم, نەمدەزانی پێبکەنم یان بگریم. ئەوە پاش زیاتر لە دە ساڵە بابەتەکەم بلاوبۆتەوە, کەچی ئەم کتێبە جارێکی تر بەم شێوەیە چاپ و بلاوکراوەتەوە.

بەهەمان شێوەی پێشوو, هەوڵماندراوە ئەو بابەت و ووشە و ڕستانەی کە ئاڵۆز و ڕوون نین, یاخود بە هەڵە تۆمارکراون, وەکو چۆن لە کتێبەکەدا هاتووە, بەو شێوەیە لە نێو دوو کەوانە داماننراون و هێڵمان بەژێریدا هێناوە, لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە نێو باسەکانماندا, ئاماژەمان بە ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە کردووە و, چاومان لە هەندێك هەڵە و کەموکوتی نوقاندووە.

لە لاپەڕە (٥) ی کتێبەکەدا لە سەرەتاوە نووسراوە: (زانیمان کە فەلسەفەکاری چالاکییەکی گشتی مرۆڤانەییە), دواتر هاتووە: (بەڵام ئاستی (فەلسەفەکاری) ڕێکخراو و پوخت ئەوە لە فەلسەفە ناسراوەکان دەیانبینین و ناوی ئەو فەیلەسوفانەی بە درێژایی مێژوو ناسراون)[١٤٣].

له لاپەڕە (٧) دا نووسراوە: (١- ڕامان و سەرسامبوون و واق وڕمان)[١٤٤], ڕاستی واق وڕمان گونجاو نییە و قورسە بۆ خوێندکار. له لاپەڕە (٩) دا هاتووە: (بواڕەکانی فەلسەفەو ئامانجەکانی بە درێژایی چاخە مەزنەکان:)[١٤٥], جوانتر بوو بنووسرێت: بوار و ئامانجەکانی فەلسەفە بە درێژایی چاخە مەزنەکان, هەرچەندە نازانرێت مەبەست له چاخە مەزنەکان چییە ؟

پاشان له لاپەڕە (١١) و له پرسیارەکانی بەشی یەکەمدا, هەندێك پرسیار خراوەتەڕوو, بەڵام پێویست بە نیشانەی پرسیار (؟) دانان ناکات, چونکە زۆربەیان بە شێوەی فەرمانکردن داوای وەڵام دەکات, نەك بە شێوەی پرسیارکردن. بۆ نموونە هاتووە: (١- گرنگی فەلسەفە ڕوون بکەوە؟)[١٤٦], ئایا ئەمە پێویستی بە نیشانەی پرسیارە ؟

له سەرەتای لاپەڕە (١٥) دا نووسراوە: (پەنجە بۆ دوو لێکدانەوەییکی گەورەی سەرهەڵدانی ئاییندارێتی ڕابکێشین), دواتر هاتووە: (یەکەم: لێکدانەوەی مێژوویی هۆشمەندانەی پوخت (مرۆڤیانە)), (دووەمیان: لێکدانەوەی ئاینییانە یاخود (یەزدانییانە)). ڕاستی ئەم جۆرە دەستەواژانە ڕوون نین مەبەست لێیان چییە ؟ دوایی له هەمان لاپەڕەدا هاتووە: (١- لێکدانەوەی هۆشمەندانەیی پوخت (مرۆڤیانە):), کەچی لێرەدا (مێژوویی) یەکەی نەماوە. هەر له خاڵی یەکەمدا و له سەرەتادا هاتووە: (ئەم لێکدانەوەیە بەڵگە و بڕوانامەکانی له لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرێت)[١٤٧], ڕوون نییە بڕوانامەکان مەبەستی چییە ؟

له لاپەڕە (١٦) دا نووسراوە: (سەرچاوەی ترس ولەرزی مرۆڤی سەرەتایی هەر ئاژەڵ و نەهامەتییە سروشتییەکان نەبوو, بەڵکو ئەوەش

بوو که هەمیشە لە تەکیدا بوو, خەونەکانیشی بوو). هەر لە لاپەڕە (١٦) دا هاتووە: (٢- ئایین لە خوداوەیە لە ڕێی سرووشەوە (وەحیەوە) (لێکدانەوەی ئایینی):), ڕاستی ئەمە لە ڕووی ڕستەسازییەوە زۆر قورس و ئاڵۆزە, خۆزگە خوێنەر بە دەنگ بۆ کەسێکی بخوێنێتەوە و پاشان لێی بپرسێت, ئایا دەکرێت ئەم ڕستەیە, بکرێت بە سەرەدێڕ و ناونیشانی بابەتێکی فەلسەفیی ؟ هەر ڕاستەوەخۆ پاش ئەوە نووسراوە: (ئایینی (حەنیفیە) ئەو ئایینە یەکتاپەرستیە بوو کە ئیبراهیم خەلیل (خودا لێی ڕازی بێت)[١٤٨], دەبوو لێرەدا بنووسرێت پێغەمبەر ئیبراهیم خەلیل (دروودی خوای لێبێت) یان (سلاوی خوای لێبێت), چونکە (خودا لێی ڕازیبێت) زیاتر بۆ خەلیفە و پیاوچاکەکان بەکاردەهێنرێت.

لە لاپەڕە (١٨) دا هاتووە: (هەروەها ئەو داهێنانەی بە گەشەسەندنێك دادەنرێت لە بواری پێگەیاندنی بیری مرۆڤدا بە جۆرێك لە قۆناغەکانی دواتردا بۆ سەرهەڵدانی زانست بە واتا ڕاستەقینەکەی), هەر لە هەمان لاپەڕەدا نووسراوە: (لە شارستانێتیە مێژوویییەکان(نووسراوەکان)[١٤٩], ڕاستی ڕوون نییە مەبەست لە شارستانییەتە مێژوویییەکان- نووسراوەکان چییە ؟

پاشان لە لاپەڕە (١٩) دا هاتووە: (هەروەها میسرییەکان حسابی قەوارەی هەڕەمی ناتەواوی چوار بنکەییەکان زانیوە, دەستووری حسابکردنی ڕووبەری سێگۆشە و لاکێشە و بازنەنیان بەکارهێناوە), هەر لەم لاپەڕەیە و لە کۆتاییدا پرسیارێکی نازانستی کراوە, هاتووە: (دەبێت شارستانی یۆنانی چی خستبێتە سەر زانستی مرۆڤایەتی ؟)[١٥٠].

له لاپەڕەی (٢٠) دا نووسراوە: (ئەمەیش گەواهیدانی مێژوونووسی زانستی گەورە (برنال)ە)[١٥١]. ڕاستی دەبوو بنووسرێت: ئەمەش گەواهیدانی مێژوونووسی گەورەی زانست (برنال) ە.

له لاپەڕە (٢١) دا هاتووە: (٢- ئەم ئارەزوویان بۆ زانست و یاسا پەتییەکانی(ڕەهاکان) شتەکان مۆرکی بیردۆزیانەی بە زانستەکەیان بەخشی, ئەمەیش ئەو تایبەتمەندیە گەورەیە کە مێژوونووسانی بیری خۆرئاوایی بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان بیری یۆنانی و گشت بیرکردنەوەیەکی بەر لەوانی دادەنێن)[١٥٢].

له لاپەڕە (٢٢) دا هاتووە: (٣- زانست لە سەردەمی ئیسلامدا:), دەبوو بنووسرێت: زانست لە سەردەمی ئیسلامیدا. لە کۆتایی لاپەڕە (٢٢) و سەرەتای لاپەڕە (٢٣) هاتووە: (بەلأم توێژینەوە دەرمانسازی و پزیشکی خاوەنی بەڵگەی جێ بەجێکردنی ئاشکرا و ڕوون بوون)[١٥٣].

له لاپەڕە (٢٣) دا هاتووە: (کار بۆ دونیا بکە وا بزانە تاهەتایە دەژی, کار بۆ دواڕۆژت بکە کە بەیانیەلەوانەیە بمرێت), ئەم ووتەیە بە زمانی عەرەبی بەم شێوەیەیە: (اعمل لدنياك كانك تعيش ابدا, واعمل لاخرتك كانك تموت غدا), کە دەشێت بەم شێوەیە بکرێتە کوردی: کار بۆ دونیات بکە, وەکو ئەوەی هەتاهەتایە دەژیت و, کاریش بۆ دواڕۆژت بکە, وەکو ئەوەی سبەی دەمریت. هەر لە لاپەڕە (٢٣) دا هاتووە: (لەوبەندەی تایبەت بەمێژووی فەلسەفە ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو), دواتر نووسراوە: (هەروەها لەو بەندەی تایبەت بە بەرنامە, هێڵەکانی بەرنامەی زانستی نوێ ئاگادار دەبین), پاشان هاتووە: (کە تایبەتمەندێتیەکانی تێڕوانینی زانستی نوێیان دروستکردووە), وە هەروەها نووسراوە: (تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی تێڕوانین). لە خاڵی دووەمدا هاتووە:

(دووەم – جیابوونەوەی زانستەکان بەرەبەر لە فەلسەفە), دواتر هاتووە: (سێیەم – پشتبەستن بەتێبینیکردنی دیاردەکان وتاقیکردنەوەیان بەکردار, لەبری ئەوەی تەنیا بە (ئاخاوتن – لێدوان) بیت)[١٥٤].

هەروەها لە لاپەڕە (٢٤) دا نووسراوە: (پێنجەم – هەموو زانستێك بۆ کارپێکردن جێ بەجێ کردن هەموو زانستەکانیش پێویستە دەشێت)[١٥٥]. ئەمە چ جۆرێکە لە ڕستەسازی و چ جۆرە یاسایەکی زمانەوانی تێدا بەکارهاتووە ؟

لە لاپەرە (٢٥) دا هاتووە: (ئەم تایبەتمەندێتی کەڵەکەبوونێتیە), دواتر هاتووە: (چونکە راستیەکی بابەتیانەی بێ لایەنە,پابەندی هەست و سۆزمان نییە), لە هەمان لاپەڕەدا نووسراوە: (گەشەکردن و کەڵەکەبوونی بەدوو ئاراستەدا دەڕوات:), باشتر بوو بنووسرێت: گەشەکردن و کەڵەکەبوون, چونکە ڕوون نییە کەڵەکەبوونی چییە ؟ دواتر نووسراوە: (تاگەیشتنە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرنامەییانەی زانستی)[١٥٦], ڕاستی نازانرێت لە چ شوێنێکی تری ئەم دونیایە, ئەم جۆرە ڕستەسازییە بەکاردەهێنرێت.

لە لاپەڕە (٢٦) و لە بابەتی (چوارەم: بیرکردنەوەی فەلسەفیانە:) دا هاتووە: (سەرچاوەکانی پێناسەکانی), دواتر لە کۆتاییدا نووسراوە: (بە شێوەیەکی تایبەتی خەریکی کۆکردنەوەی تایبەتمەندەیە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەبین)[١٥٧].

پاشان لە کۆتایی لاپەڕە (٢٨) دا هاتووە: (هەروەها (دیکارت) پش کاتێك بریارەی دا), دواتر هەر لە کۆتایی ئەم لاپەڕەیە (٢٨) و سەرەتای لاپەڕە (٢٩) دا هاتووە: (فەلسەفە هەر بە ڕەخنەلێگرتی باوەڕ و زانیاری و بیردۆزەکانەوە ناوەستێت)[١٥٨].

له لاپەڕە (٢٩) دا نووسراوە: (٤- فەلسەفە, پێکهێنان و دروستکردنی باوەڕەکانە و ڕامانە:), دروست وابوو بنووسرێت: فەلسەفە, پێکهێنان و دروستکردنی باوەڕ و ڕامانەکانە. دواتر لە هەمان بابەتدا هاتووە: (واتا گەیشتن بە تێڕوانینێکی کۆی گشتگیری, لێرەدا فەیلەسوف لە بری پسپۆرێتی زانا لەو مەڵبەند و دەزگایانە دەچێت کە پێشوازی هەموو ئەنجامێکی زانستە جۆراو جۆرەکان و شارەزاییە بە کۆمەڵەکانی خەڵک دەکەن)[١٥٩].

جێگەی باسە, لە لاپەڕە (٣٠) دا کە تایبەتە بە پرسیارەکانی بەشی دووەم, نیشانەی پرسیارکردن تەنها بۆ ئەوانە دانراوە کە بە شێوەی پرسیارکردن خراوەتەڕوو, ئەوانی تر خاڵ دانراوە, کە ئەمە کارێکی دروستە. بەڵام لە پرسیاری ژمارە (٣) دا لە بری تایبەتمەندییەکانی, نووسراوە: (٣- تایبەتمەندییکانی...)[١٦٠].

لە لاپەڕە (٣١) و لە کۆتاییدا نووسراوە: (سروشتناسی لە تایبەتەکانی تەن دەکۆڵێتەوە)[١٦١], دەبوو بنووسرێت: سروشتناسی لە تایبەتمەندییەکانی تەن دەکۆڵێتەوە.

لە لاپەڕە (٣٢) دا هەندێک ڕستە هاتووە کە توانای تێگەیشتنیان نییە, بۆ نموونە هاتووە: (لێکۆڵینەوەی (بوون) تۆژینەوەی تایبەتی گشتییەکانی بوون دەگرێتەوە), (لەسەر یاسایەکی چەسپاو دامەزراوە یان ڕێکەوت و ڕێکەوتنن), (ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی تایبەتیەکانی تەنی سروشتی و, بوونی سروشتی لە کۆندا تا کاتی نیوتن (فەلسەفەی سروشت) ی پێ وتراوە. (زانستی سروشت) یان فەلسەفەی سروشت لای پێشینان بەبیرکاری و ئەودیو سروشت بەشێک بووە لە فەلسەفەی

بیردۆزی, ئێستا که لێکۆڵینەوەکانی زانستە سروشتییەکان سەربەخۆن بوون و)[١٦٢].

لە لاپەڕە (٣٣) دا هاتووە: (یەکایەتی – ناوەرۆکی ڕاستی یەک شتە, بێجگە لە ئەو, ئەوانی دیکە دیاردە و وەسفی ئەم ناوەرۆکەن), ڕاستی ڕوون نییە, یەک شت و ئەو چییە ؟ دواتر لە کۆتاییدا نووسراوە: (٣- هەڵبژاردنی ناوەرۆکەی بنچینەیی گەردوون:)[١٦٣], دروست وابوو بنووسرێت: هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی بنچینەی گەردوون.

لە لاپەڕە (٣٤) دا هاتووە: (ماددەیی:)[١٦٤], ووشەیەکی ئالۆز و قورسە. لە سەرەتای لاپەڕە (٣٥) دا نووسراوە: (یاساکانی (هۆکارەکان) و (بێ پێچەوانەیی) بە گریمان وەر دەگرن), بۆ یەکەم جارە یاساکانی هۆکارەکان و بێ پێچەوانەیی ببینم ! دواتر هاتووە: (بەڵام ئەرکی ئەوان نییە لە ڕاستی ماددە یان (دروستی هۆکارەکان) و (پێچەوانە بکۆڵێنەوە), دەبوو بنووسرێت: بەڵام ئەرکی ئەوان نییە لە ڕاستی ماددە یان دروستی هۆکارەکانی پێچەوانە بکۆڵنەوە, چونکە باس لە ئەوان دەکات نەک بنووسرێت (بکۆڵێنەوە). هەر لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: (هەرچی لە فەلسەفەی نوێ دا گیروگرفتی زانیاری بووەتە گرنگترین بەشی فەلسەفە و لێوەیەوە تەماشای گیروگرفتی (بوون) دەکرێت), دەبوو بنووسرێت: هەرچی لە فەلسەفەی نوێدایە..., پاشان نووسراوە: (لە گەڵ لێکۆڵینەوە لە مەرجەکانی زانیاری جیاکردنەوە لەنێوان ئەو زانیاریانەی خودی خۆمان هەمانە)[١٦٥].

لە لاپەڕە (٣٦) دا هاتووە: (ئەم سیفەتە مسۆگەر هەیە, جا ئایا کەسیک دەیبینی یان نەی دەبینی)[١٦٦]. سەیرە, (ئەم سیفەتە مسۆگەر هەیە) یانی چی ؟

پاشان له لاپەڕە (٣٧) دا هاتووە: (هەندێك لە بەرهەڵستی تاقیکاریەکان و دان نەنان بەکاری هەستەکان و تاقیکردنەوە زۆر وەستان), ڕاستەوەخۆ دواتر نووسراوە: (هەرچی سێیەم پرسیارەکەیە (ج) دەڵێت:)[١٦٧], دەبوو بنووسرێت هەرچی سێیەم پرسیارە, نەك هەرچی سێیەم پرسیارەکەیە.

هەروەها لە سەرەتای لاپەڕە (٣٩) دا هاتووە: (و هۆش(ژیریی) بە زۆر کاری هەمەچەشن هەڵدەستێ کە بەبێ ئەو زانیاری بەدەست ناهێنرێ), دواتر و لە هەمان لاپەڕەدا نووسراوە: (بۆ نموونە کۆمەڵناس کۆمەڵگەی جیاجیا لە ڕێگەی تاقیکاری وتێبینی و ژیان بەنێویاندا دەخوێنێ), دەبێت مەبەست لە (ژیان بە نێویاندا) چی بێت ؟ پاشان هاتووە: (فەیلەسوفان هەن دەڵێن)[١٦٨], لێرەدا دەبوو بنووسرێت: چەند فەیلەسوفێك هەن دەڵێن, یاخود هەندێك لە فەیلەسووفان دەڵێن.

لە لاپەڕە (٤٠) دا هاتووە: (... و ژێر کاریگەری هەڵوێستی مرۆڤایەتیمان لەم بابەتە)[١٦٩]. دواتر و لە لاپەڕە (٤٣) دا هاتووە: (بیردۆزی یەکەم: بنچینەی دادوەری دەباتەوە بۆ ئامادەکاریەکی خۆڕسك یان بۆ چەمکی(سەربەستی کەسێتی))[١٧٠].

لە لاپەڕە (٤٤) دا نووسراوە: (بەهاکانی جوانی چەند جۆرێکن لەوانە: أ- شێوەییە: ب- مادیە: ج- دەربڕینە), ڕاستی دروست وابوو بنووسرێت: شێوەیی, ماددیی و شێوازی دەربڕین, چونکە ئەگەر پرسیارمان لێبکرێت, ئەو کاتە دەتوانین بڵێین: شێوەییە یان ماددییە. هەر لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: (بەڵکو هەر تێڕوانینێك و بیردۆزییەکی نوێی و هەر بەرنامەیەکی تازەو هەر کارێکی داهێنەرانەو جێبەجێکردنێك بەگیانێکی ڕووناك سەربارەو بەهرەیەکی نوێیە)[١٧١].

شیاووی باسه, له کۆتایی لاپەڕە (٤٥) دا نووسراوە: (هەڵسەنگاندنی جوانی,ئەو ئەو پێوەرەیە کە بەهۆیەوە جوانی جیادەکەینەوەو هەڵی دەسەنگێنین و(چێژ)ی پێ دەووترێت)[١٧٢].

لە سەرەتای لاپەڕە (٤٦) دا هاتووە: (پەروەردەو مەدەنیەت بە پلەی جیاواز لە کەسێك و کۆمەڵێك بەرزی دەکەنەوە. دەنگێك یان دیمەنێك بەیەك شێوەکار لە گوێگر و بینەرانی ناکات), هەر لەم لاپەڕەیەدا پرسیارێکی سەیر دەکرێت, هاتووە: (بۆ لای کام هێز لەخۆمان چێژ وەرگرتن لە جوانی دەگەڕێنینەوە ؟)[١٧٣] ڕەنگبێت, ئەگەر لە ڕێگەی گوگڵەوە ئەم ڕستەیە وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی کوردی, باشتر دەربچێت, کە خۆشبەختانە ئەوە ماوەیەکە زمانی کوردیش چووەتە نێو وەرگێڕانی گوگڵەوە.

لە لاپەڕە (٤٧) دا نووسراوە: (لێرەدا چەند ڕێباوەرێك هەیە:)[١٧٤], کەچی دواتر هەر لەم خاڵانەدا, ڕێباز بەکارهاتووە.

پاشان لە سەرەتای لاپەڕە (٤٨) دا نووسراوە: (ئەم ڕێبازە لە دواییەکانی سەدەی هەژدەم و دوای ئەوە پەیدابووە), دەبوو بنووسرێت: ئەم ڕێبازە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و پاش ئەو ماوەیە پەیدا بووە. هەر لە هەمان لاپەڕە و لە بابەتی (٣- لۆژیك (المنطق) دا هاتووە: (بەڵام بەرنامەی تاقیکاریان لەگەڵ داوە), هەروەها لە بری پێشینان, نووسراوە: (پێشووەکان)[١٧٥].

لە لاپەڕە (٤٩) و لە سەرەتادا هاتووە: (یەکەم: پرەنسیپی خود (یاخود ناسنامە): مانای ئەوەیە هەموو شتێك هەر ئەوەیە کە هەیە, بە دەربڕینێکی دیکە شتەکە خۆیەتی (ئەلف ئەلفە). بوون نەبوون نییە, یاخود هیوا هیوایەو کەسێکی دیکە نییە), پاشان نووسراوە: (دووەم:

لەوەی یەکەم پرەنسیپی دووەم وەردەگرێت کە (پرەنسیپی ناپێچەوانە)یە, شتێك ناشێت ئەو بێت و ئەو نەبێت لە یەك کاتدا (ئەلف نا ئەلف نییە)(بوون نەبوون نییە)(هیوا ناهیوا نییە). پاشان دواتر هاتووە: (جا لەبەرئەوەی کە بابەتی لۆژیك بریتین لە...), دەبوو بنووسرێت بابەتەکانی لۆژیك, چونکە نووسراوە بریتین, ئاشکرایە ئەمەش بۆ کۆیە, یان دەبێت بنووسرێت: جا لەبەر ئەوەی کە بابەتی لۆژیك بریتییە لە... هەر لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: (زانینی ڕاستی شتە بێ ئەوەی حوکمی لەسەر بدرێ بڵێ یان نا, کە لێکۆڵینەوەی چەمکەکان لەڕووی چییەتی و پێناسەکردنیان دەگرێتەوە)[١٧٦].

هەروەها لە لاپەڕە (٥١) دا هاتووە: (و زۆربەی فەیلەسووفانی یەکەم زانابوون و لە سەردەمی ڕێنساسدا)[١٧٧], نازانرێت مەبەستت لە فەیلەسوفانی یەکەم چییە ؟ پاشان سەردەمی (ڕێنیسانس) ە نەك ڕێنساس.

لە کۆتایی لاپەڕە (٥٣) دا نووسراوە: (ئاراستەی دەروونی زانیارییانە)[١٧٨]. جێگەی سەرەنجە لە لاپەڕە (٥٤) و لە پرسیارەکانی بەشی سێیەمدا, لە پرسیاری ژمارە (٦) دا لە ڕستەی دووەمدا هاتووە: (باسی یەکێك لەوانە بکە؟), ئایە ئەمە پێویستی بە نیشانەی پرسیار هەیە ؟ هەر دواتر و لە پرسیاری ژمارە (٧) دا هاتووە: (٧- قسە لە فەلسەفەی جوانی بکە؟), دیسانەوە نیشانەی پرسیار دانراوە.

دواتر لە پرسیاری ژمارە (٩) دا نووسراوە: (٩- مەبەست لەفەلسەفەی مێژوویی چییە؟), ڕاستی پێویست بوو بنووسرێت: مەبەست لە فەلسەفەی مێژوو چییە ؟ چونکە فەلسەفەی مێژوویی هیچ واتایەك نابەخشێت. لە پرسیاری ژمارە (١٠) دا هاتووە: (١٠- لۆژیك پێناسە

بکەو گرنگییەکەشی ڕوون بکەوە؟), ئەمە فەرمان دەکات بە خوێندکار, کەوا پێناسەی لۆژیك بکات و دواتر گرنگییەشی ڕوون بکاتەوە, ئیدی پێوست بە نیشانەی پرسیار (؟) ناکات.

هەروەها لە پرسیاری ژمارە (١١) دا هاتووە: (١١- مەبەستمان لە فەلسەفەی یاسا چییە ؟)[١٧٩], بۆ یەکەم جارە پرسیاری لەم جۆرە ببینم, دەبوو بنووسرێت مەبەست نەك مەبەستمان, پاشان لە پرسیارەکانی تر هەمووی بە مەبەست هاتووە.

هەروەها لە لاپەڕە (٥٥) دا هاتووە: (یەك لە بیرمەندەکان دەڵێت: (بیرکردنەوەی بیردۆزیی شتێکی تایبەتی سروشتیە(غەریزیە), بەڵام تەنیا بە شێوەی خوویێك یان ئامادەکاری, دەتوانرێ پەرەی پێبدرێت, تاکو ئێستاکەش هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوە تەنها لێکۆڵینەوەی هەموو فەلسەفەی رابردوو نەبێت)), ڕاستی هیچ ڕوون نییە مەبەست لێی چییە؟ پاشان نووسراوە: (مێژووی زانستی فەلسەفە بنچینەکانی ڕێبازە فەلسەفەییەکان و هۆکارە شاراوەکانی پشت ئەمە دەردەخات و هیواو متمانەش لەناخی مرۆڤ دەڕوێنێ و دەیبەستێتەوە بەهێزی ژیری مرۆڤایەتی و تواناکەی بۆ ناسینی جیهان و یاساکانی). دواتر و لە کۆتایی هەمان لاپەڕەدا هاتووە: (بەڵگەو نموونەو توانا بە مرۆڤ دەدات بۆ وەدیهێنانی تایبەتە سەرەکییەکەی خۆی کە بیرو خۆشویستنی زانیارییە)[١٨٠].

لە لاپەڕە (٦٠) دا هاتووە: (ب- بیر و (هزر) ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکان:), پاشان ڕاستەوخۆ لە باسکردنی ئەم بابەتەدا نووسراوە: (بەڵام مەسەلەی چاکە و خراپە و دادپەروەری و شتی ڕەواو نا ڕەواو و بەختیاری و کوێرەوی), سەیرە, چۆن دەبێت لە سەرەتای

باسکردنی بابەتێکدا, بە (بەڵێم) دەستپێبکات ؟ پاشان ئەو کوێرەوییە, ڕەنگە کوێرەوەریی بێت لە بنەڕەتدا, هەر لە هەمان لاپەڕە و لە کۆتاییدا هاتووە: (بە هەر حاڵ)[١٨١], لە کاتێکدا دەبوو بنووسرێت: بە هەر حاڵ.

دیسانەوە لە لاپەڕە (٦١) دا هاتووە: (... هەتا بەرەو پلەی شارستان پێشکەوتن بردوویەتی), دواتر نووسراوە: (ئینجا لە پێناوی (بەربەستکردن) ی پاڵنەرە خراپەکارییەکان لە هەندێ دڵاً و دەروونی نەزان)[١٨٢].

شیاووی باسکردنە, لە لاپەڕە (٦٢) دا هاتووە: (کە لە (ئازادی=ئەمارجی) دەدوێ, لە پێناوی ئەوەدا هەژارەکان. بەخۆشی بژین لە پاڵا دەوڵەمەندەکان دا), چۆن دەبێت خاڵ لە پاڵ هەژارەکان دابنرێت ؟ پاشان ڕەنگە مەبەست لێی لە پاڵ بێت کە نووسراوە: لە پاڵا, دواتر هاتووە: (... و بەڕێوە بچن و نەهێڵن, دوژمن وبێگاتە:), ڕەنگە ئەمە بێگانە بێت و بە بێگاتە نووسرابێت. پاشان هاتووە: (بەڵێم لە (داستانی گلگامێش) دا ئەو شانازییە بۆ بیرمەندەکانی شارستانی میزۆپۆتامیای کۆن, کە هەر چی بابەتی فەلسەفەی مرۆڤایەتی هەیە وەریان گرتووە).

هەروەها دواتر نووسراوە: (... وڵە ئاودانکاری وپەند دەدەێ). هەر لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: (ئەوە داناو هۆشمەند), لە کاتێکدا دەبوو بنووسرێت: ئەو دانا و هۆشمەندانە, یان ئەو دانا و هۆشمەندە, پاشان هاتووە: (... و شەڕانگێڕی و بەرەنگاربوونەوەی)[١٨٣].

لە لاپەڕە (٦٣) دا هاتووە: (پەیدابوونی شارستانی لە میسری کۆندا, دەگەڕێتەوە بۆ چوارەم هەزارەی پ.ز)[١٨٤], دەبوو بنووسرێت: ...

هەزارەی چوارەمی پێش زایین. ئا بەو شێوەیە فەلسەفە دەخوێندرێت و بەم زمانە نووسراوەتەوە.

لە کۆتایی لاپەڕە (٦٦) و سەرەتای لاپەڕە (٦٧) دا هاتووە: (لەسەر مرۆڤ هەر ئەوەبووە کە پێشبینیەکان بەدوای خۆی دەربارەی گەردوون و مرۆڤ دابڕێژێ). دواتر دیسان لە لاپەڕە (٦٧) دا هاتووە: (لەپاڵ ئەوەدا)[١٨٥], کە دەبوو بنووسرێت: لە پاڵ ئەوەدا.

لە لاپەڕە (٧٠) دا هاتووە: (سۆفستاییەکان لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی پێش زایین پەیدابوون), ڕاستی دەبێت بنووسرێت: لە سەدەی پێنجەم و چوارەم نەك چوارەم و پێنجەم, چونکە ساڵەکانی پێش زایین, هەتاوەکو بەرەو پێشەوە بڕۆین, کەم دەبێیتەوە. هەر دێڕێك پاش ئەمە هاتووە: (وایان لە فەلسەفە کرد ڕوو بکاتە بایەخدان بە مرۆڤ لە جیاتی گەردوون)[١٨٦], سەیرە, ئەم جۆرە گوزارشتە وەکو ئەوە وایە فەلسەفە مرۆڤ بێت, یان بوونەوەر و ئامێرێك بێت, فەرمانی پێبکەن کەوا ئاڕاستەی کارەکەی بگۆڕێت, بەڵام ڕاستی ئەوە مرۆڤە فەلسەفە بەو شێوازەی کە دەیەوێت, ئاڕاستەی دەکات, نەك فەلسەفە خۆی.

لە لاپەڕە (٧١) دا لە بابەتی سۆکراتدا هاتووە: (سۆکرات: (٣٣٩ پ.ز) سۆکرات لەگەل ئاراستەکانی سۆفستاییەکان نەیار بوو)[١٨٧], ڕوون نییە مەبەست لەم ساڵەدا چییە ؟ ڕەنگبێت مەبەست لێی ساڵی کۆچی دوایی سوکرات بیت, کە بە هەڵە نووسراوە, چونکە سوکرات ساڵی (٣٩٩) ی پێش زایین کۆچی دوایی کردووە.

دواتر لە کۆتایی لاپەڕە (٧٢) دا دیسان هاتووە: (سۆکرات لە ساڵی ٣٣٩ پ.ز بە ژەهر دەرمان خواردکراو بۆ یەکجاری سەری نایەوە)[١٨٨], دەبێت بە چ مەبەستێکەوە ئەم ساڵە تۆمار کرابێت ؟ ئێستا هەر

خوێندکارێك بیەوێت, دەتوانێت هەر لە ڕێگەی مۆبایلەکەیەوە و لە ئینتەرنێت بگەڕێت, بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی ئەم ساڵە بزانێت, کەچی لە پەرتووکی بڕۆگرامی خوێندندا بەو چەشنە هاتووە. ئێوە تێبینی بکەن, ئا بەم شێوەیە و بەم زانیارییە هەڵانە, خوێندکار چاو بە ڕووی فەلسەفەدا دەکاتەوە و, بەم چەشنە نووسراوانە, مامۆستا وانە دەڵێتەوە و پرسیار دادەنێت و, خوێندکار تاقیکردنەوە دەکات.

دیسانەوە لە لاپەڕە (٧٣) دا لە باسی ئەفلاتوندا هاتووە: (بە لە سێدارەدانی سۆکرات زۆر دڵگران و پەست بووە)[١٨٩].

هەروەها لە لاپەڕە (٧٥) دا نووسراوە: (وە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا سێ دەروون هەیە (شەهوائی) و (تورەیی) و(ژیریێتی), دواتر نووسراوە: (...وبەسەر دەروونە شەهوائیەکەیان(لەگەدەوهەناودا)[١٩٠], بریا ڕوونکردنەوە بدرابایە, کە مەبەست لە (شەهوائی) چییە ؟

لە لاپەڕە (٧٧) دا هاتووە: (...چونکە لەدەوری زانینی هەموو زانیارییە ژیریی وبیروباوەڕە سەرەکییەکان و ڕێوشوێنە بالاکانی شتە پایەدارەپاکەکانی جیهانی ئاسمان دەسوڕێتەوە,لەوەی کە هۆشی ئەستێرە کارلەیەك کەرەکانی جیهانی سەر زەمینن)[١٩١].

لە لاپەڕە (٨١) دا نووسراوە: (ئەفلوتین وای بینیوە کە: خوا تەواوە وهەموو بوونەوەرانی تر لەلایەن زاتی ئەوەوە ڕژاونەتەوە)[١٩٢], پاشان لە لاپەڕە (٨٣) دا هاتووە: (بەلاّم کۆنفۆشیۆس بایەخی بەلێکۆڵینەوەی بابەتەکانی ئەو سروشت (میتافیزیکیا))[١٩٣], دەبوایە بنووسرێت: ئەودیوسروشت, نەك ئەو سروشت.

خوێنەری هێژا, هەر وا پشوویەك بدە و بیهێنە پێش چاوی خۆت, ئەم نووسراوە ئەوە ماوەی چەندین ساڵە لە ناوەندەکانی خوێندندا

دەخوێندرێت, لە کاتێکدا خوێندکار مافی ئەوەی نییە دەنگ بەرزبکاتەوە, لەوەی کە هیچ شتێکی ئەوتۆ تێناگات.

شیاووی باسە, لە لاپەڕە (٨٥) دا و لە پرسیارەکانی بەشی چوارەمدا دیسان هەندێك هەڵەی زەقی تێدا دەبینرێت, وەکو لە پرسیاری ژمارە (٣) دا هاتووە: (٣- تێڕوانینی دانیشتوانی کۆنی میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل لە بارەی بە کێشەی (نەمری) و چارەنووس چییە؟ هەروەها هاتووە: (٤- قۆناغەکانی گەورەکانی مێژوویی فەلسەفە بژمێرە ؟), پێش هەموو شتێك, لێرە پێویست بە نیشانەی پرسیار ناکات, چونکە پرسیارەکە بە شێوەی فەرمان هاتووە, دواتر دەبوو بنووسرێت: قۆناغە گەورەکانی مێژووی فەلسەفە بژمێرە, نەك قۆناغەکانی گەورەکانی مێژوویی فەلسەفە بژمێرە. هەروەها نووسراوە: (٥- بیری (میزۆپۆتامیا) و بیری (دۆڵی نیل) کۆن ڕوون بکەوە)[١٩٤], دەبێت مەبەست لە دۆڵی نیل کۆن چی بێت ؟

لە لاپەڕە (٨٩) دا نووسراوە: (...ئەم چالاکییانە بەڕەهایی دەخەنە پاڵ یۆنانییەکان بە تەنهایی)[١٩٥], ئەم داڕشتنە, تۆزێك بۆنی شیعر و هۆنراوەی لێدێت, وەکو ئەوەی لە فەلسەفەوە نزیك بێت.

پاشان لە لاپەڕە (٩٨) دا و لە پرسیاری ژمارە (١) دا هاتووە: (١- زانایانی قسەناسی چ لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری فەلسەفە هەبووە؟)[١٩٦], خۆزگە کەسێك هەبێت پێمان بڵێت مەبەست لەم ڕستەیە چییە ؟

پاشان لە لاپەڕە (٩٩) دا نووسراوە: (...کە لە سەدەی پێنجەمەوە تا چواردەهەمی زایینی دریژی هەبووە)[١٩٧], دەبوو بنووسرێت: کە لە سەدەی پێنجەمەوە تا چواردەهەمی زایینی دریژەی هەبووە.

لە لاپەڕە (١٠٠) دا هاتووە: (هۆی کاریگەری تریش هەبوون), دواتر نووسراوە: ((ناوییەکان) بە بلاوکردنەوەی ڕەخنەو گومان,و فڕەنسیکان ڕەبەنی دێرەکان بە هۆی تاقیکردنەوە زانستیەکان,بەسەرسوڕمانەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە چۆن شتەکانی ڕەوشت جۆرە مەزنێتی و چێژیان هەیە), جگە لە نادروستی و ئاڵۆزی لە ڕستەسازیدا, ئایا دەکرێت کەسێك پێمان بڵێت: (ناوییەکان) چییە و کێن ؟

هەروەها لە کۆتایی لاپەڕە (١٠٠) دا هاتووە: (بیرەکانی کەسێتی نەتەوایەتیان هێنایە کایەوە)[١٩٨]. پاشان لە لاپەڕە (١٠٣) دا نووسراوە: (هیچیان توخنی بابەتی (شیانی زانینی شتەکان) نەدەکەوتن)[١٩٩].

لە لاپەڕە (١٠٨) دا بابەتێك هەیە بە ناونیشانی: (دووەم: فەلسەفەی خۆڕئاوای هاوچەرخ:) ە وە نووسراوە, ڕاستی دەبوو بنووسرێت: دووەم: فەلسەفەی هاوچەرخی خۆڕئاوا, چونکە فەلسەفەکە هاوچەرخە نەك خۆڕئاوا. جێگەی داخە, لە هەندێك بەش و کۆلێجی زانکۆکانی کوردستانیش بە هەمان شێوەیە, ئەم جۆرە هەڵانەیان تێدا بەدیدەکرێت, بۆ نموونە دەنووسن: مێژووی کوردی کۆن, مێژووی کوردی نوێ و هاوچەرخ, یان دەنووسن: مێژووی ئەوروپای نوێ, مێژووی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست, کە دەبێت بنووسرێت: مێژووی کۆنی کورد, مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد, بە هەمان شێوە پێویستە بنووسرێت: مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا, مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئەوروپا. هەر لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: (ئابووریناس (ئادەم سمیپ) ئەم بیردۆزەی دووبارە کردەوە,و ئاراستەی ولاتە ئیستعماریەکانی لەسەر دەڕۆیشت)[٢٠٠], جگە لە ئاڵۆزی ڕستەکە, ناوی ئەو ئابووریناسەش بە هەڵە نووسراوە.

لە لاپەڕە (١١١) دا چەند ووشەیەکی ئاڵۆزی تێدایە وەکو هاتووە: (چەند گۆڕینێکی شێوەیەتی)، (فەیلەسوفانی ڕەوشتی)، (دەروونی ئادەمیزادی)، (ڕەفتاری ئادەمیزادی)، (بۆ تێگەیشتنی ڕاستی مرۆڤایەتی)[٢٠١].

جێگەی باسە، لە لاپەڕە (١١٦) و لە پرسیارەکانی بەشی شەشەمدا هاتووە: (١- بیری فەلسەفەی ئەورووپی نوێ چۆن پەیدابوو، هۆکاری پەیدابونیشیان چین؟)، ئەمە دەبوو بەم شێوەیە بنووسرێت: بیری فەلسەفەی نوێی ئەورووپی چۆن پەیدا بوو ؟ کە نیشانەی پرسیار لە کۆپلەی یەکەمیش دابنرێت. پاشان هاتووە: (٥- دۆزینەوەی ئاشکراکردنە زانستیەکان چ کارێکی کردە سەر فەلسەفە و ئاکارەکانی)[٢٠٢]، لێرەدا پێویستە نیشانەی پرسیارکردن دابنرێت، کەچی خاڵ دانراوە، هەڵبەت ئەمە سەرباری ئاڵۆزی پرسیار و ڕستەکە. ئیدی لێرەدا ناچاردەبین بڵێین: تکایە، چاکی مەکەن، با تەواو خراپ نەبێت.

لە لاپەڕە (١١٧) ی پێرستی کتێبەکەدا هاتووە: (بەشی شەشەم - بیری(هزری) نوێی ئەورووپی لە سەردەمی بوژانەوەی ئەورووپا و هەندێ ئاکارە فەلسەفیە نوێیەکان)[٢٠٣]، بەڵام کە دەگەڕێیتەوە بۆ لاپەڕە (٩٩)، بەم ناونیشانە نووسراوە: (هزری نوێی ئەورووپی لەسەردەمی بوژانەوەی ئەورووپاو هەندێ لە ئاراستە فەلسەفییە نوێیەکان)[٢٠٤]. شیاووی ئاماژەبۆکردنە، لەوەتەی ئێمە سەرەنجی ئەم کتێبەمان داوە، ئەوە پازدە ساڵی ڕەبەقی بەسەردا تێپەڕیووە و، دە ساڵیش بەسەر بلاوکردنەوەی بابەتەکەمان لەمەڕ کتێبەکە بەسەرچووە، کەچی هەر بەم شێوەیە چاپدەکرێت و دەخوێندرێت.

جێگەی داخە, کەسانی وەکو: (د. موحەممەد کەمال), (د. ئازاد حەمە), (فاروق ڕەفیق) و چەندانی تر, هەموو تەمەنیان بۆ تەرخانکردنی بابەتە فەلسەفییەکان بەسەر بردووە, تەنها بۆ ئەوەی فەلسەفە بە زمانی کوردی بە خوێنەری کورد بناسێنن, کەچی ئەم کتێبەش بەم شێوەیە خوێندکاران بە فەلسەفە ئاشنا دەکات.

پێشنیارەکان

یەکەم: پێمان باشە بۆ ڕاستی و دروستی ئەم بابەتەی ئێمە، وە ڕق و کینە و کێشەی خوێندکاران و مامۆستایان و مەرگەساتەکانی ئەم وانە و کتێبەدا، ڕاپرسییەك ئەنجام بدرێ لەو بارەیەوە، ئەوجا بۆیان دەردەکەوێت چ بابەتێك دەخوێندرێت لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا، وە دواجاریش ڕا و بۆچوونی خویندکاران و مامۆستایانیش بە دروستی دەزانن لەو بارەیەوە.

دووەم: پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، ئەگەر ئەم کتێبە کورتکراوەتەوە، یان وەرگێڕدراوە، ئەوە نێوی سەرچاوە و پەراوێزەکانی بنووسرێت و ئاماژەی پێبکرێت.

سێیەم: وا بە باش دەزانرێت، تەواوی کتێبە عەرەبییەکە لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و زمانزانانەوە وەربگێڕدرێت، یاخود ئەگەر ئەمەشیان پێ نەکرا، ئەوە تەواوی ئەم کەموکوڕییانە بنڕ بکرێت. وە ئەگەر ئەمەش نەکرا، ئەوە چەندین مامۆستا و دکتۆری بە توانا و کاراما و لێهاتوومان هەیە، ڕەنگبێ بە لای ئێمەوە کەسێکی وەکو: (د.حەمید عەزیز)، لە بەرایی ئەو کەسانە بێت لەو بارەیەوە، کە یەکێکن لەو قەڵەمە دیار و بەرچاوانەی بواری فیکر و فەلسەفە، وە شارەزاییەکی باشیان

هەیە لە بارەی زمانەوە, بە تایبەتی ئەو زمانانەی کە پاستەوەخۆ فەلسەفەی پێ نووسراوە، وەکو: زمانی ئەڵمانی. یاخود بەڕێز: (ڕێبوار سیوەیلی) هتد...کە ئێمە بۆخۆمان، تا ڕادەیەکی زۆرباش ئاگاداری نووسینەکانیانین.

چوارەم: دەبێت لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە دابنرێت، بەڵام کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و لێهاتوو و خاوەن ئەزموون بن لە هەر بابەتێك کە دەینووسن یاخود وەریدەگێڕن، چونکی سالأنە بە سەدان کەس بڕوانامەی بەرز دەبەخشرێت، بەڵام ناتوانین نووسین و وەرگێڕانێکی باش بخەینە بەر دەست و چاوی خوێندکاران ! خۆ ئێمە دەزانین لە تەواوی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بودجەیەکی باش تەرخان دەکرێت، بە تایبەتی بۆ چاپ و چاپەمەنی کتێب.
پێنچەم: زۆر گرنگە هەر کار و کرداریك کە ئەنجام دەدرێت، سەرەتا لەگەڵ سروشت و ئاست و بارودۆخ و هەلومەرجی شوێن و کاتەکەدا بگونجێ. نەك هەر خەیاڵی بەرز فڕینمان هەبێت و کەچی هەر لە زەویدا بین !

شەشەم: پێویستە چیتر پەرتووکەکان دوانەکەون و لە پێش کردنەوەی دەوامی فەرمی ئامادە بکرێن. نەوەکو مانگێك یاخود زیاتر بەسەر دەوامدا بەسەر دەچێت، پاشان کتێبەکان دەگەن !

حەوتەم: زۆر گرنگە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن لە کوردستاندا، نووسەری کورد، نووسەری بێت، نەك نووسەر و وەرگێڕانی دەرەوە، یان هاوشێوەی ئەم کتێبەی لەبەر دەستمان دایە.

پەراوێز و ژێدەرەکان

* ئەم بابەتە لە ڕێککەوتی (٢٩-٥-٢٠١٢) دا نووسراوە, سەرەتا دوو بەشی زۆر کورتیم لە ڕۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ) بلاوکردەوە, بڕوانە: ئامانج نازم بیجان, خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفە) ی پۆلی یازدەی ئامادەیی وێژەیی-بەشی یەکەم، (گەرمیانی ئەمڕۆ)- (ڕۆژنامە)، ژمارە (٧٣)، (چاپخانەی کەمال)، نیسانی (٢٠١٣)، ل (٧). ئامانج نازم بیجان, خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفە) ی پۆلی یازدەی ئامادەیی وێژەیی-بەشی دووەم، (گەرمیانی ئەمڕۆ)- (ڕۆژنامە)، ژمارە (٧٤)، (چاپخانەی کەمال)، ئایاری (٢٠١٣)، ل (٨). دواتر تەواوی بابەتەکەم لە گۆڤاری (میژوو) بلاوکردەوە, لەم بارەیەوە دەڕوانرێتە: ئامانج نازم بیجان، خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفە) ی پۆلی یازدەی ئامادەیی وێژەییدا، (میژوو)-(گۆڤار)، ژمارە (٢٩)، ساڵی هەشتەم، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات)-هەولێر، زستانی (٢٠١٤)، لاپەڕە (ل٢١٧-٢٧٤).

(١)- لەم بارەیەوە، دەڕوانرێتە: بڕۆن، جۆری: پوختەی میژووی ئەورووپا-لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، و: نهاد جلال حبیب الله، ناوەندی ڕۆشنبیر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩. وە هەروەها دەڕوانرێتە: لازاریف، م. س و ئەوانی تر: میژووی کوردستان، و: هوشیار عەبدوڵلاڵ سەنگاوی،

چاپخانەی (ڕۆژهەلأت)، هەولێر، ٢٠٠٨. بە داخەوە ئەم دوو کتێبەش، وەکو زۆر لەو کتێبە کوردییانەی کە چاپەدەکرێن و لێوانلێون لە هەڵەی چاپ و هونەری. وەختی خۆی کاتێکی زۆرمان پێوە بەسەر برد، وەڵێ لەزەتێکی زانستی ئەوتۆمان لێی نەبینی، بە تایبەتی ئەوەی یەکەمیان کە خوێنەر دەستەودامێن دەبێت و نازانێت چ بڵێت لە بارەی ئەو هەموو هەڵە و کەموکورتییانەوە ؟ بە ڕادەیەک لە زۆر جێگای ئەو کتێبەدا، هەڵەکانی فرەترە لە ڕاستییەکانی.

(٢)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: سەرەتاکانی فەلسەفە-بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی، و: نوری علی امین و ئەوانی تر، چاپخانەی (المستقبل)، لوبنان، چاپی پێنجەم، ٢٠١١، ل٣.

(٣)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: سەرچاوەی پێشوو، ل٤-٥.

(٤)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥.

(٥)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦.

(٦)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧.

(٧)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨.

(٨)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩.

(٩)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠.

(١٠)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١١.

(١١)- بڕوانە: قورئانی پیرۆز، سورەتی (النساء), الایة (٤٣).

(١٢)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(١٣)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٣.

(١٤)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٤.

(١٥)- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٥.

(١٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٥–١٦.
زۆر سەیرە، باسی (تەوتمی) و (تاپۆ) پێشتر نەکراوە، لەوانەشە لە کتێبە عەرەبییەکەدا هەبێت, بەلأم لەم وەرگێڕانەدا قرتابێت.
(١٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٦.
(١٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٦.
(١٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٧.
(٢٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٨.
(٢١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٩.
(٢٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٠.
(٢٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢١–٢٢.
(٢٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٣.
(٢٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٤.
(٢٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٥.
(٢٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٧.
(٢٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٨.
(٢٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
(٣٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
(٣١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣١.
(٣٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
(٣٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٤–٣٥.
(٣٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٦–٣٧.
(٣٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٨.
(٣٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٩.

(٣٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل ٤٠–٤١.

(٣٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٢–٤٣.

(٣٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

(٤٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

(٤١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

(٤٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

(٤٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

(٤٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

(٤٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

(٤٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

(٤٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

(٤٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

(٤٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٤.

(٥٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

(٥١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

(٥٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٧.

(٥٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٨.

(٥٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

(٥٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

(٥٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

(٥٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦١.

(٥٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

(٥٩) الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

(٦٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٤.
(٦١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٥.
دەربارەی بڕوانە قورئانی پیرۆز: سورەتی (النحل), الایة (٤٠).
(٦٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٦.
(٦٣)–جەمیل، کەلسومە: میژووی دێرینی میسر، چاپخانەی (ڕۆژهەلأت)، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل٩٠–٩١.
(٦٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٧.
(٦٥)– کوریك، جەیمز ئەی. : ڕێنسانس، و: هەژار ڕەحیمی، چاپخانەی (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، هەولێر، چاپی یەکەم، بەبێ ساڵی چاپ، ل٨٢.
(٦٦)– ئۆسمەن، کارێن: ڕێنسانسی ئیتاڵیا، و: مەهدی خوون دڵ، چاپخانەی (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، هەولێر، چاپی یەکەم، بەبێ ساڵی چاپ، ل١١٠. دەربارەی ژیانی (روفائیل)–(١٤٨٣ – ١٥٢٠)، دەکرێ خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی أحمد، کمال مظهر: النهضة، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص١١٦–١١٩.
(٦٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٨.
(٦٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٩.
(٦٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٠.
(٧٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٠–٧١.
(٧١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧١.
(٧٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧١.
(٧٣)– عمر، معن خلیل: تاریخ الفکر الاجتماعي، جامعة الموصل، ١٩٨٥، ص٥٦.
(٧٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

(٧٥)–چـیا، محەمـەد (ئامـادەکردن): (فەرهـەنگی فەلسـەفی)–لەگـەڵ شیکاریی (٥٠٠) چەمکی فەلسەفیدا، چاپخانەی (مەهارت)، تاران، چاپی سێیەم، ٢٠٠٥، ل٢٢٤.

(٧٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

(٧٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

(٧٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

(٧٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

(٨٠)– عبدالجبار، نبیل عبدالحمید: الفلسفة لمن یرید، مطبعة (الحاج هاشم)، اربیل، ٢٠٠٤، ص٦٧.

(٨١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٤.

(٨٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

(٨٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٦.

(٨٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٦.

(٨٥)– عبـدالجبار، نبیـل عبدالحمیـد: تـاریخ الفکـر الاجتمـاعي، مطبعـة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٥، ص٥٨.

(٨٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٦.

(٨٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

(٨٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

(٨٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

(٩٠)– شـارەزا، کـەریم: ژیاننامـە و بەرهەمـەکانی نـاودارانی جیهـان، چاپخانەی (شڤان)، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل٢٢.

(٩١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

(٩٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

(٩٣)– چیا، محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.

(٩٤)– چیا، محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٥.

(٩٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

(٩٦)– چیا، محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

(٩٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

(٩٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨١.

(٩٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، پەراوێزی ل٨١.

(١٠٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨١.

(١٠١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٢.

(١٠٢)– تاسوعات افلوطین، ت: فرید جبر، مراجعة: جیرار جهامي, سمیح دغیم، بیروت، الطبعة الاولی، ١٩٩٧، ص (ط – ي). شیاووی باس لێوەکردنە، ئەم کتێبە لە دەقی ڕەسەنەوە وەرگێڕدراوە، واتە لە خودی زمانی یۆنانییەوە. کە بێگوومان وەرگێڕ ماوەیەکی زۆر پێیەوە سەرقاڵ بووە. وە بۆ ئەوەی لای خوێنەرانیش ڕوون بێتەوە، ئەوەی کە لە بری لاپەڕە لە کتێبەکەدا وە بە تایبەتی لە سەرەتاوە ژمارە نەنووسراوە، بەڵکو بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە، هەر بۆیە ئێمەش زانیارییەکانمان لە لاپەڕەی (ط – ي) وەرگرتووە, بەڵام دواتر ژمارە دەستپێدەکات. ئێمە ئەم کتێبەمان هەیە و چەند جارێکیش سوودمان لێوەرگرتووە.

(١٠٣)– لەم بارەیەوە دەڕوانرێتە: کتێبی (تاسوعات افلوطین).

(١٠٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٢.

(١٠٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

(١٠٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

(١٠٧)– عمر، معن خليل: المصدر السابق، ص٩٠.

(١٠٨)– عبدالجبار، نبيل عبدالحميد: تاريخ الفكر الاجتماعي، ص١٢٣.

(١٠٩)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

(١١٠)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

(١١١)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

(١١٢)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

(١١٣)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە،ل٩٠.

(١١٤)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩١.

(١١٥)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٢.

(١١٦)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

(١١٧)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٤.

(١١٨)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٥.

(١١٩)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

(١٢٠)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٨.

(١٢١)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

(١٢٢)– چيا، محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٦.

(١٢٣)– چيا، محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٤١.

(١٢٤)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

(١٢٥)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

(١٢٦)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٢.

(١٢٧)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٣.

(١٢٨)– الالوسی، حسام الدين و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

(١٢٩)- احمد، قيس هادي: نظرية العلم عند فرانسيس بيكن، دار الشؤون الثقافية العامة-(آفاق عربية)، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٦، ص٥٨.

(١٣٠)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٥.

(١٣١)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٦.

(١٣٢)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٧.

(١٣٣)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.

(١٣٤)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.

(١٣٥)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

(١٣٦)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١١١.

(١٣٧)- چيا، محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢١٦.

(١٣٨)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١١١.

(١٣٩)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١١٢.

(١٤٠)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

(١٤١)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

(١٤٢)- شێخ، محەمەد: هيگڵ و فەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بلاکردنەوە-(بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان)، چاپخانەی (شڤان)، چاپی دووەم، ٢٠١١، ل٧.

(١٤٣)- الالوسى، حسام الدين و ئەوانى تر: سەرەتاکانی فەلسەفە-بۆ پۆڵی یازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی، و: نوری عەلی ئەمین و ئەوانی تر،Dara Printing Company-(کۆمپانیای چاپی دارا)، چاپی چواردەهەم، ٢٠٢١, ل٥.

(١٤٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.
(١٤٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩.
(١٤٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١١.
(١٤٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٥.
(١٤٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٦.
(١٤٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٨.
(١٥٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٩.
(١٥١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٠.
(١٥٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢١.
(١٥٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٢–٢٣.
(١٥٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٣.
(١٥٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٤.
(١٥٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٥.
(١٥٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٦.
(١٥٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٨–٢٩.
(١٥٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
(١٦٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٠.
(١٦١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣١.
(١٦٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٢.
(١٦٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
(١٦٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

(١٦٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٥.
(١٦٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٦.
(١٦٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٧.
(١٦٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٣٩.
(١٦٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٠.
(١٧٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٣.
(١٧١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٤.
(١٧٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٥.
(١٧٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٦.
(١٧٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٧.
(١٧٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٨.
(١٧٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٤٩.
(١٧٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥١.
(١٧٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٣.
(١٧٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٤.
(١٨٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٥.
(١٨١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٠.
(١٨٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦١.
(١٨٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٢.
(١٨٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٣.
(١٨٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٦٦–٦٧.
(١٨٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٠.

(١٨٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧١.
(١٨٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٢.
(١٨٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٣.
(١٩٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٥.
(١٩١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٧٧.
(١٩٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨١.
(١٩٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٣.
(١٩٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٥.
(١٩٥)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٨٩.
(١٩٦)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٨.
(١٩٧)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٩.
(١٩٨)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.
(١٩٩)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٣.
(٢٠٠)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.
(٢٠١)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١١١.
(٢٠٢)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١١٦.
(٢٠٣)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل١١٧.
(٢٠٤)– الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

کتێبەکان

١- برۆن، جۆری: پوختەی میژووی ئەوروپا-لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، و: نهاد جلال حبیب الله، ناوەندی ڕۆشنبیر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

٢- لازاریف، م.س و ئەوانی تر: میژووی کوردستان، و: هوشیار عەبدوڵڵاڵ سەنگاوی، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: سەرەتاکانی فەلسەفە-بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی، و: نوری عەلی ئەمین و ئەوانی تر، چاپخانەی (المستقبل)، لوبنان، چاپی پێنجەم، ٢٠١١.

٤- الالوسی، حسام الدین و ئەوانی تر: سەرەتاکانی فەلسەفە-بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی، و: نوری عەلی ئەمین و ئەوانی تر،Dara Printing Company-(کۆمپانیای چاپی دارا)، چاپی چواردەهەم، ٢٠٢١.

٥- جەمیل، کەلسومە: مێژووی دێرینی میسر، چاپخانەی (ڕۆژهەلآت)، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.
٦- کوریك، جەیمز ئەی.: ڕێنسانس، و: هەژار ڕەحیمی، چاپخانەی (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، هەولێر، چاپی یەکەم، بەبێ ساڵی چاپ.
٧- ئۆسمەن، کارێن: ڕێنسانسی ئیتاڵیا، و: مەهدی خوون دڵ، چاپخانەی (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، هەولێر، چاپی یەکەم، بەبێ ساڵی چاپ.
٨- شارەزا، کەریم: ژیاننامە و بەرهەمەکانی ناودارانی جیهان، چاپخانەی (شڤان)، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.
٩- شێخ، محەمەد: هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە, (بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان)، چاپخانەی (شڤان)، چاپی دووەم، ٢٠١١.

فەرهەنگ

١- چیا، محەمەد (ئامادەکردن): (فەرهەنگی فەلسەفی)-لەگەڵ شیکاریی(٥٠٠)چەمکی فەلسەفیدا، چاپخانەی (مەهارت)، تاران، چاپی سێیەم، ٢٠٠٥.

گۆڤار

١- ئامانج نازم بیجان، خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی (سەرەتاكانی فەلسەفە)ی پۆلی یازدەی ئامادەیی وێژەییدا، (میژوو)-(گۆڤار)، ژمارە (٢٩)، ساڵی هەشتەم، (چاپخانەی ڕۆژهەلاّت)-هەولێر، زستانی (٢٠١٤).

ڕۆژنامە

١- ئامانج نازم بیجان, خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی (سەرەتاكانی فەلسەفە) ی پۆلی یازدەی ئامادەیی وێژەیی-بەشی یەكەم، (گەرمیانی ئەمڕۆ)-(ڕۆژنامە)، ژمارە (٧٣)، (چاپخانەی كەمال)، نیسانی (٢٠١٣).

٢- ئامانج نازم بیجان, خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی (سەرەتاكانی فەلسەفە) ی پۆلی یازدەی ئامادەیی وێژەیی-بەشی دووەم، (گەرمیانی ئەمڕۆ)-(ڕۆژنامە)، ژمارە (٧٤)، (چاپخانەی كەمال)، ئایاری (٢٠١٣).

دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

القران الكريم

کتێبەکان

١- أحمد، كمال مظهر: النهضة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

٢- عمر، معن خليل: تاريخ الفكر الاجتماعي، جامعة الموصل، ١٩٨٥.

٣- عبدالجبار، نبيل عبدالحميد: الفلسفة لمن يريد، مطبعة (الحاج هاشم)، اربيل، ٢٠٠٤.

٤- عبدالجبار، نبيل عبدالحميد: تاريخ الفكر الاجتماعي، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٥.

٥- تاسوعات افلوطين، ت: فريد جبر، مراجعة: جيرار جهامي, سميح دغيم، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٧.

٦- احمد، قيس هادي: نظرية العلم عند فرانسيس بيكن، دار الشؤون الثقافية العامة – (آفاق عربية)، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٦.

جیاکاری و جیاوازی کتێبی تایبەی لەگەڵ ئەو کتێبەی کە لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندنا بەخوێندرێت. ئەوەتایە کە ئەوەی دووەیان، خراپە و هەڵە و کەموکوڕتی و زیادکاتی بۆ ئەوەی خوێندکارێی ئەو قوناغە دەبێت، بە هەموو شێوەی و جیاکاتیەوە، وە گوومانیکیش لە جێبەجێکردنی ئەو زەرەر و زیانەدا نیە. چونکی ئەگەر خوێندکارێک بە هۆی کەمتەرخەمیەوە لە وانە و بابەتێکدا دەرنەچێت، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ خودی خوێندکارەکە خۆی، وەڵی ئەگەر هاتوو هەڵە و کەموکوڕێی و بابەتی نازانسی لە کتێبێکی خوێندنا هەبوو، ئەوە بەرگەناگرێت دەخرێتێبن. چونکی دەرچوون و دەرنەچوون و، فێربوون و فێرنەبوونی خوێندکاران، ئەو کات ئەرزشێکی نابێت.